




| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 1941.4 | 15 رەمەزان 1309 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٥ رەمەزان ١٣٠٩
٣١ مارت ١٣٠٨
لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ سەر کارەکەی لە لایەن چەتەی هەمەوەند ڕێگەی لێ گیراوە و کەلوپەل و پارەی تاڵان کراوە، لەبەر ئەوە تووشی پەرێشانی بووە، بۆ ئەم مەبەستە نائیبی قەزای هەولێر ئەحمەد ئەفەندی بانگهێشت نامە ناردووە، لە مێژووی ٥ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣٠٦ و ٣١ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣٠٧ بەرزکراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا کاری بۆ نەکراوە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 1959.90 | 16 زیلقەعدە 1309 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٦ زیلقەعدە ١٣٠٩<br>٣٠ مایس ١٣٠٨<br>لە ناوچەی ساوجبۆلاق لە سەر مەسەلەی کچێکی ئینگلیز کە دەست درێژی کراوەتە سەری، ئەو کەسانەی سەر بە عوسمانیەکانن لە رووداوێکی سەرکەشیدا بەشداریان کردبوو بۆ دەرهێنانی ئەوانەی لەم ناوچەیەن، قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ قائیمقامی کۆی سەنجەق عەبدوڵڵا ئەفەندی ئەم کارەیان پێ سپێردراوە و راپۆرتێکیان ناردووە و گەیشتۆتە ویلایەتی موسڵ. | | |


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1964.72 | 26 زیلقەعدە 1309 |

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٦ زیلقەعدە ١٣٠٩
٩ ئەیلوول ١٣٠٨


بەهۆی ئەو رووداوەی لە هەولێر روویدا، دیوانی جەنگی دامەزرا، بە مەبەستی ناردنی ئەندامەکانی خەرجی رۆژانەی هاتووچۆیان رێکخراوە، لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٨ مارت ١٣٠٨ نووسراوەتەوە و بۆ ژمێریاری بەرز کراوەتەوە، لە بارەی ئەندامانی دیوانی ناوبراو کە لە فەرمانبەر پێک دێن، مووچەکانیان لە چەند قوروشێک پێک هاتووە، بۆیە پێویستە بە بریارنامەیەک بری خەرجی رێگایان دیاری بکرێت و بخرێتە سەر مووچەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە سەروو ئاگادار کراوەتەوە.



هەواڵنامەی کتێب

| 4 زيلحيجه 1309 | 1967.118 | DH. MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەدارەت پەناهی
٤ زیلحیجه ١٣٠٩
١٧ حوزەیران ١٣٠٨
لـە بنکـەی پۆلیـس لـە سـەر مەسـەلەی کچێـک تێکەڵـی ئـەو کارە بوونـە، بـە نییـەتی بـاش بـۆ ئـەوەی لـەوێ دەریانبهێنـن لـە ٢١ کانـوونی یەکـەم ١٣٠٧ ژمـارە ١٨٥٩ نـووسراوی سـەدارەتپەناهی، داوا لە قائیمقامی هەولێـر عەبدوڵڵا پاشا و عەبدوڵڵا ئەفەنـدی کـراوە بـەم کارە هەڵسـن، بـۆ ئەم مەبەسـتە بۆ هـەر یەکەیان ٥٠٠٠ و بـۆ ئـەو پۆلیسـانەش کـە لەگەڵیـان بەشـدارن بـۆ هـەر یەکـە ١٥٠٠ کـە دەکاتـە ١١٥٠٠ قـوروش خـەرج بکرێـت، ئـەم بـرە پارەیـەش لـە خەرجـی سـاڵی ١٣٠٧ ڕێکخـراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 2162.49 | 6 زیلحیجه 1309 |

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٤٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لـە سـانجەقی شـارەزوور، گونـدی چالەگەردەلـە دەکەوێتـە نێـوان قـەزاکانی هەولێـر و کـۆی سـانجەق و ناحیـەی کۆپـری بـە هیـچ یەکێـک لـە ئەمانـە نەبەسـتراوەتەوە، هـەر بۆیـە مەروماڵاتی بـۆ کـۆی سـانجەق و باجەکـەی بـۆ هەولێـر و دە یەکـی بـۆ ناحیـەی کۆپـری دەروات، بـەم شـێوەیەش لـە رووی کارگێریـەوە ئاڵـۆزی تێکەوتـووە، بۆیـە سـەبارەت بـە بەسـتنەوەی بـە ناحیـەی کۆپـری داواکاری هاتـووە، بـەڵام گونـدی چالەگەردەلـە لـە قـەزای هەولێـر نزیکتـرە، لـەم سـاڵە لـە سـەرەتای مارتـەوە گونجاوتـرە بـە قـەزای ناوبـراو ببەسـترێتەوە، بـاج و دە یەکـی و مەروماڵاتی گونـدی ناوبـراو بـە نـووسراو هاتـووە کـە وەڵام دراوەتـە قـەزای ناوبـراو، ئەمـرۆ لـە لیـوای ناوبـراو ئەنجوومـەنی کارگێـری وەڵامـی نـووسراو هاتـووە، کـە راسـپاردراوە بـە ئـەوەی گونـدی ناوبـراو گونجاوتـرە بـە قـەزای هەولێـر ببەسـترێتەوە، لەوانـە باجـی سـاڵانەی ٥٩٦ قـوروش و مەروماڵاتی ٤٦٧ سـەر لەگـەڵ دە یەکـی بـە تەخمینـی ٢٠٠٠ قیـە گەنـم و ١٠٠٠ قیـە جـۆ پێـک دێـت، ئەمانـە سـاڵانە هـەر یەکـە لەلایـەک بـۆ شـوێنی جیاواز دەرۆیشـت، بەمـەش لـە رووی مامەڵـەوە تـووشی ئاڵـۆزی ببـوو، بۆیـە لـەم سـاڵە لـە سـەرەتای مارتـەوە بەسـتنەوەی گونـدی ناوبـراو بـە قـەزای هەولێـر رەزامەنـدی لەسـەر دراوە، ئەمـر و فەرمانیـش بـۆ ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لە ٦ زیلحیجـە ١٣٠٩ و ١٨ حوزەیـران ١٣٠٨.



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| I. TAL. | 22.47 | 13 زیلقەعدە 1310 |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
ژمارە ٢٨١٤
قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەلایەن وولاتی ئێرانەوە لە پلەی دوو نیشانی شیر و خورشیدی پێدراوە، بە مەبەستی تێبینی پێشکەشی نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لە ١٣ زیلقەعدە ١٣١٠ و ١٧ مایس ١٣٠٩.


سەدری ئەعزەم و یاوەری

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ٥٢٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
سەبارەت بە وەرگرتنی نیشانی شیر و خورشید لەلایەن ئێرانەوە کە پێشکەشی قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا کراوە، نووسراوی ووتە لە مێژووی ١٥ نیسان ١٣٠٩ هاتووە، لە ٥ زیلقەعدە ١٣١٠ و ٩ مایس ١٣٠٩.

نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب



| DH. MKT. | 23.6 | 10 شەوال 1310 |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لـە نـاو ویلایـەتی موسـڵ هاوپێچـی قـەزای رانیـە عەشـیرەتی بلبـاس دوو ئـالای حەمیدیـە پێـک دەهێنـن، لەلایەکـی تـر بـە پێـی ووتـەی خەڵـک بەشـێکی زۆری عەشـیرەتی بلبـاس لـە ناوەخـۆ خەریکـی کاری بـەدن، لـە قـەزای ناوبـراو بـۆ هـەر کار و فەرمانێکـی میـری و سـەربازی فەرمـان پێکـراوە، بەشـەکەی تریـشی کـە سـەرۆکی عەشـیرەتەکەیە، دوانـزە سـاڵ لەمەوبـەر بەهـۆی کاری چەتەیـی کـوژراوە، لەلایـەن هەمـزە ئاغاوە بـە نییەتێکـی پیـس هاتۆتـە لای محەمـەد ئەمیـن ئاغـا کەلوپـەل و سـەروەت و سـامانی بە تـاڵان بـردووە، لە نێـوان دوو دەوڵـەت خەریکـی کاری گەندەڵـی و زۆربـەی کات سـوود لـە کەلوپـەلی میـری وەردەگـرن و لـە ناویـان تـا چـل پەنجـا ئەسـپ پەیـدا دەکـەن ئـەو ئەسـپانەش لە ویلایـەتی موسـڵ دەگەڕێنـەوە بۆ لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن، بـۆ چاکسـازی کـردن رای ئیسـماعیل پاشـا وەرگیـراوە، ئەمـرۆ سـەرۆکی عەشـیرەتی ناوبـراو گوایـە دوو لەشـکری حەمیدیـەی رێکخسـتوە، محەمـەد ئەمیـن ئاغا هەمـوو لایەکـی فرێـو داوە، بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی کار دەکات، هـەر لـە کۆنـەوە خەڵکـی چەتـە لـە سـنووری ئێـران لەگـەڵ قـەزای رانیـە کـە لەگـەڵ قەزایـەکانی کـۆی سـانجەق و روانـدز و هەولێـر دراوسـێیە، کۆیاندەکاتـەوە، لـە نێـوان خەڵکـی ئـەو ناوچانـە رێـک ناکەوێـت و لەگـەڵ میللـەت و دەوڵـەتی تـر بـە سـوودی ئـەوان ناجوڵێتـەوە، عەبدوڵـڵا پاشـا کـە خەڵکـی رواندزە لـە سـەرەتا پێنـج سـاڵ لـە قائیمقامیـەتی رانیـە بـووە، ئەمـرۆش لـە قـەزای هەولێـر قائیمقامـە، ماوەیەکـە لەگـەڵ عەشـیرەتی ناوبـراو لـە کاری چەتەیـی هاوبەشـن، چ لیوایـە چ ویلایەتـە فریـو دراوە، لـە نـاو پێنـج قـەزا هەمـوو چەتـەکانی لـە ژێـر پارێـزگاری خۆیـدا هێشـتۆتەوە، لەلایـەن دەوڵـەت ئیسـماعیل پاشا دامـەزراوە تـا چاکسـازی بـکات، تـا ئێسـتا دڵسـۆزی خـۆی راگەیانـدووە کـە ئارامـی بگەڕێنێتـەوە ئـەو ناوچانـە، ئـەو کەسـانەی گومـانی چەتەییـان لـێ دەکرێـت بـە سـزای خۆیـان بگـەن، گەندەڵیـەکانی ئـەم دوو کەسـە دەوڵەتەکەمـانی تـووشی خەرجـی زۆر کـردووە، لـە ٥ مـارت ١٣٠٩. لە قەزای رانیە لەلایەن بەگزادەکانی خۆشناو حاجی عەبدوڵڵا بەگ نێردراوە


- بۆ ویلایەتی موسڵ

١٠ شەوال ١٣١٠


١٥ نیسان ١٣٠٩

لـە نـاو ویلایـەت لـە هەولێـر قائیمقامـی قـەزای هەولێـر عەبدوڵڵا پاشـا بـۆ بەرژەوەنـدی نـا بەجـێ لەگەڵ سـەرۆکی عەشـیرەتی بلبـاس محەمـەد ئەمیـن ئاغا بەیەکـەوە بـە رێککەوتـن ئاسـایشی خەڵکیـان تێـک داوە و خەزینـەی خەڵکیـان بـردووە و گەندەڵـی جۆراوجـۆر ئەنجـام دەدەن، لـە قـەزای رانیـە حاجـی عەبدوڵڵا بـەگ تەلەگـراف نامـە هاتـووە.






هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
89 | 6674

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000089.006674 | 22 ڕەبیعی یەکەم 1310 |


٢٢ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٠
لـە هەولێـر کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی بـە بڵاوکردنـەوەی زانسـت و زانیـاری خەریـک بـوو، دوای مـردنی ئـەو مووچەیـەی بـۆی برابـووەوە بدرێتـە کوڕەکـەی ئەبوبەکـر ئەفەنـدی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـەزارەتی دارایـی فەرموویـەتی، بـەڵام هێشـتا نـەزارەتی ناوەخـۆ بڕیـاری نـەداوە.




| | | |
|---|---|---|
| DH. SAID. | 00101.00057 | 8 سەفەر 1310 |


لاپەرە ١١١
تۆماری گشتی
محەمەد موخلیس ئەفەندی کوری مردوو دۆغرەمەچی‌زادە ئەحمەد ئاغا ئەفەندی
ساڵی ١٢٨٣ کۆچی ساڵی ئێستا ١٢٨١ لە ویلایەتی موسڵ قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە
لە قەسەبەی ناوبراودا لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، زمانی عەرەبی و فارسی قسەی پێ دەکات، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێتەوە، ١٣٠٢ ساڵی کۆچی ساڵی ئێستا ١٣٠٠ لە تەمەنی بیست ساڵی لە قەزای هەولێر لە قەڵەمی ژمێریاری، ١٣٠٦ ساڵی کۆچی ساڵی ئێستا ١٣٠٥ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش لە شەمامک لە لای کەندیناوە لە نوسراوی گشتی کاری کردووە، هەرچی فەرمانگەی باجە ئەوا لە ساڵی ١٣٠٧ زیلحیجە ٢٧، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٦ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە قەزای هەولێر ناحیەی دیزەیی لە نووسینەوەی باج دامەزراوە، دواتر لە پر لەبەر هەندێک هۆکار ساڵی ١٣٠٩ شەعبان ١٢، واتە ٢ شوبات ١٣٠٧ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣٠٨ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە قەسەبەی موسڵ لە نووسینەوەی باج کاری کردووە، هەروەها لە ٢٤ جەمادی یەکەم، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٨ گەراوەتەوە سەر کاری پێشووی لە ناحیەی دیزەیی لە نووسینەوەی باج کاری کردووە، لە تێبینیەکانی قائیمقامی قەزای هەولێر بە وەکالەت لەگەڵ فەرمانبەری باج لە کەرکووک و بەرێوەبەرایەتی کارگێری گشتی نووسین و باج لەگەڵ نەزارەتی دارایی راگەیەندراوە پلەی کارەکەی تەواوە، کاتێک لە نووسینی باجی هەولێر بووە، ئەگەر لەبەر مەسەلەی خێزانی دەستی لە کارکێشابێتەوەش بەم دواییە بەهۆی بێ تاوان دەرچوونی دووبارە گەراوەتەوە سەر کار، هەروەها ماوەی بەکار هێنان و بری مووچەکەی لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراوی مێژووی ١١ زیلقەعدە ١٣١٠ لە شەمامک لەلایەنی کەندیناوە لە نووسین و ناحیەی دیزەیی لە نووسنی باج، قەسەبەی موسڵ لە باج ماوەی بەکارهاتن و بری مووچەکەی لە موڵکی هومایۆنی شەمامک و ئەنجوومەنی کارگێری هەولێر و بەرێوەبەرایەتی باجی ویلایەتی موسڵ ٢٣ کانوونی دووەم ١٣٠٨ و ١١ تشرینی دووەم بە دوو پارچە داواکاری، بروانامە و نووسراوی عوسمانی پشت راست کراوەتەوە، لەگەڵ نووسرا و باج لە کارگێری گشتی بە نووسراوی مێژووی ٥ تەمموز ١٣٠٨ هەڵگیراوە، ٨ سەفەر ١٣١٠ و ٢٤ مایس ١٣١٦.

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| 29 رەبیعی کۆتایی 1310 | 000109.008157 | BEO. |
|---|---|---|
| ٢٩ رەبیعی کۆتایی ١٣١٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>بە مەبەستی دامەزراندنی دیوانی جەنگی (دیوان حربی) لە هەولێر، دیاریکردنی مووچە و خەرجی رێگای فەرمانبەرانی، ئەوا وێنەیەکی شورای دەوڵەت لەگەڵ داواکاری بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە تا جێبەجێ بکرێت. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| 17 جەمادی یەکەم 1310 | 000118.008815 | BEO. |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی دارایی
١٧ جەمادی یەکەم ١٣١٠
٢٥ تشرینی دووەم ١٣٠٨
ماوەیەکی زۆر لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە بۆی برابووەوە، ماوەتەوە، بە ڕەزامەندی سەروو ئەو ١٠٠٠ قوروشەی کە ناوبراو وەریدەگرت، بدرێتە کوڕەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی، بە مێژووی ٢٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٠ پەیوەندیداران ئاگادار کرابوونەوە، بەڵام دوای بە دواداچوون دەرکەوتووە مووچەی ناوبراو بۆ کەسێکی تر دابین کراوە و بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکات تا مووچەیەکی تر بێ خاوەن دەبێت.

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ماوەیەکی زۆر لە هەولێر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە بۆی برابووەوە، ماوەتەوە، بە ڕەزامەندی سەروو ئەو ١٠٠٠ قوروشەی کە ناوبراو وەریدەگرت، بدرێتە کوڕەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی، بە ئاماژەی نەزارەتی ناوخۆ ڕەزامەندی مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ دراوەتە پەیوەندیداران، بەڵام ناوبراو حاجی عومەر ئەفەندی لە دارایی سەنجەقی شارەزوور مانگانە ١٠٠٠ قوروش مووچەی هەیە، هەر لە ساڵی ١٣٠٧ کانوونی یەکەم ڕۆژی چوارەم دوای مردنی لە ویلایەتی موسڵ تۆمار کراوە، مووچەی ناوبراو بۆ کەسێکی تر دابین کراوە و بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکات تا مووچەیەکی تر بێ خاوەن دەبێت، بە ڕەزامەندی پاشا لە ژمێریاری گشتی دارایی باس کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠ و ٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٨.
نازری دارایی


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
118 2815 1


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
123 | 9202

هەواڵنامەی کتێب


| .BEO | 000123.009202 | **24 جەمادی کۆتایی 1310** |
|---|---|---|
| ٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠<br>بۆ نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی و دەفتەر خاقانی<br>داواکاری فەرمانگەی شورای دەوڵەتی ناوەخۆ، ئەنجوومەنی تایبەت لەگەڵ ڕەزامەندی پاشا بۆ نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی و دەفتەری خاقانی بە مەبەستی جێبەجێ کردن.<br>سەبارەت بە بەستنەوەی گوندی چالەگەردەلە بە قەزای هەولێر. | | |



| | | |
|---|---|---|
| MF. MKT. | 160.83 | 20 رەجەب 1310 |


بۆ بەرێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ
٥ کانوونی دووەم ١٣٠٨
لە مەکتەبی روشدییەی هەولێر بەم دواییە قوتابی کەمی کردووە، گەیشتۆتە ١٥ قوتابی، سەبارەت بە رەت کردنەوەی مامۆستای پلە یەک، کە لەلایەن مامۆستای پلە دوو نووسراو هاتووە، ئەوەی پێویستە بوترێت لە ژێر کارگێری مامۆستای پلە دوو مەکتەبی روشدییە بە شێوەیەکی گونجاو شایەنی ئەوە نییە و سەنەدی لێ وەرناگیرێت، بۆیە رەت کردنەوەی مامۆستای پلە یەک لە مەکتەبی ناوبراو باش نییە، بە پێی ووتە جیاوازی کردن لە نێوانیان تەندروستە و پێویستە لێکۆڵینەوە لە سەر هۆکاری کەم بوونەوەی قوتابی بکرێت.

٢٠ رەجەب ١٣١٠
٢٦ کانوونی دووەم ١٣٠٨


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
185 | 13854


| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 000185.013854 | 5 شەوال 1310 |

بۆ نەزارەتی دارایی
٥ شەوال ١٣١٠
١٠ نیسان ١٣٠٩
ماوەیەکی زۆر کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی لە هەولێر خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە، دوای مردنی مووچەکەی ١٠٠٠ قوروشە ماوەتەوە، لە مێژووی مردنیەوە کە دەکاتە ١٣٠٧ لە مانگی کانوونی یەکەم رۆژی چوارەم، مووچەکە بۆ کورەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی بڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە سەر ئاماژەی نەزارەتی ناوەخۆ لە سەروو بە مێژووی ٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٠ پەیوەندیداران لە دابین کردنی ئەو مووچەیە ئاگادار کراونەتەوە، لەبەر ئەوەی باری بژێوی ژیانی باش نییە و لە مێژووی مردنی باوکیەوە ئەو مووچەیە بۆ ئەبو بەکر ئەفەندی بڕێتەوە، ناوبراویش داواکاری پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی مووچەی باوکی بۆ بڕێتەوە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 287.26 | 12 ئەیلوول 1310 |
|---|---|---|
| بۆسەدارەتپەناهی<br>لە خانەدانی قەزای هەولێر و ئەندامی دادگای سەرەتایی حاجی رەشید ئەفەندي بە هۆی کاری باش و دڵسۆزی لە بارەی بەرز کردنەوەی پلەکەی بۆ پلە سێیەم، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو هاتووە بە مێژووی ٣ تەمموز ١٣١٠ لەگەڵ هاوپێچەکەی بە یەکەوە پێشکەش کراوە. | | |




| 21 زیلقەعدە 1310 | 922.56 | ŞD. |
|---|---|---|

فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر
ژمارە ١٩٨٣
لە مەرکەزی پۆستەی هەولێر ئەمین ئاغا کۆچی دوایی کردووە، لەلایەن خێزانەکەی عایشە و کچەکەی مەریەم خان و کورەکانی رەفعەت و عوسمان ئەفەندی داوای مووچەیەکی دیاری کراویان کردووە، نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە ئاگادارکراوەتەوە، لەگەڵ داواکاری ماوەی خزمەت و جگە لەوانە نووسراوی ژمێریاری رێکخراوە و ووردبینی بۆ کراوە.
نووسراوی ناوبراو کە ئەو شوێنانەی ئەرکەکانی تێدا جێبەجێ کردووە لەگەڵ مێژووەکانیان، جگە لەوە بری ئەو مووچانەی وەریگرتووە لە مێژووی مردنی ١ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ بە پێی بریارنامەی کاروباری فەرمانبەریەتی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای زیادکردن و کەم کردن ئەوەی شایەنیەتی ١٢٠ قوروش مووچەیە، کە لە نێوانیان بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەر یەکەیان ٣٠ قوروشیان پێ بدرێت. هەروەها بە پێی ماددەی ٣٥ بۆ مامەڵەکەیان لە سەندوق بۆیان دابین کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ زیلقەعدە ١٣١٠ و ٢٥ مایس ١٣٠٩.




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 1983.23 | 11 موحەررەم 1310 |
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١١ موحەررەم ١٣١٠<br>٢٣ تەمموز ١٣٠٨<br>پێشەکی لە بنکەی پۆلیس لە سەر مەسەلەی کچێک قسەیان کردووە و خۆیان تێکەڵی ئەو کارە کردووە، هەروەها بۆ دەرهێنانی ئەو کەسانە لە بنکەی پۆلیس قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا و عەبدوڵلا ئەفەندی و لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی کە لەگەڵیانن ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، بۆ ئەم مەبەستە بە کۆی ١١٥٠٠ قوروش لە خەرجی ساڵی ١٣٠٧ پێیان دراوە، بەمەش نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی کراوە. | | |




<table>
<tr><td>15 موحەڕڕەم 1310</td><td>1984.10</td><td>.DH.MKT</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٥ موحەڕرەم ١٣١٠<br>٢٧ تەمموز ١٣٠٨<br>لە هەولێر خەریکی ووتنەوەی زانست و زانیاری بوو، بەڵام کوچک ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی دوای مردنی ئەو مووچەیەی کە ١٠٠٠ قوروش بوو لە کاتی خۆی بۆی برابووەوە، ئێستا کوڕەکەی بە ناوی ئەبو بەکر ئەفەندی کە سێبەری ئەوە، هەر چەندە داواکراوە ئەو مووچەیە بۆ ئەو بڕێتەوە، بەڵام ناوبراو لە هەولێر لە تەکیەی فاتیمە خان پۆست نشینە و ئەو تەکیە بۆ ڕۆژێکیش خواردن و ئەرکی نەبووە، بۆیە داوا لە نەزارەتی ئاوقاف دەکرێت، لە داهاتی ئاوقاف مانگانە ٥٠٠ قوروشی بۆ ببڕێتەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| DH. MKT. | 1996.76 | 12 سەفەر 1310 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١٢ سەفەر ١٣١٠
٢٣ ئۆغستۆس ١٣٠٨
لەلایەن سەدارەتپەناهی ئاماژەی پێکراوە، پێشەکی لە بنکەی پۆلیس قسەی لەسەر کراوە، لەسەر مەسەلەی کچێک قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا پاشا لەگەڵ یەکێک لە زاناکان بە ناوی عەبدوڵلا ئەفەندی لەگەڵ هەندێک لە پۆلیس بانگ کراون، ئەو پارەی پێیان دراوە، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٧ بە پێی ڕێکخستنی ١١٥٠٠ قوروش لە پارەی ویلایەتی موسڵ لە کاتی ڕێکخستنی بوودجەی هەمان ساڵ هەژمار کراوە، یەک پارچە نامە نێردراوە، لە ژمێریاریش نووسراوەتەوە.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2014.4</td><td>2 ڕەبیعی کۆتایی 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٠<br>١١ تشرینی یەکەم ١٣٠٨<br>ماوەیەکـی زۆرە لـە هەولێـر کوچـک ئاغـازادە حاجـی عومـەر ئەفەنـدی خەریکـی ووتنـەوەی زانسـت و زانیـاری بـوو، بەهـۆی مردنیـەوە بـە فەرمانی سـەروو ئـەو ١٠٠٠ هـەزار قـوروش مووچەیـەی بـۆ برابـووەوە، بـە مێـژووی مـردنی لـە ١٣٠٧ کانـوونی یەکـەم ڕۆژی چـوارەم کوڕەکـەی ئەبـو بەکـر ئەفەنـدی وەریدەگرێـت، بـە مەبەسـتی دابیـن کردنیـشی لـە ئەنجوومـەنی کارگێـری ویلایـەت بـە داواکاری نێردراوەتـە نـەزارەتی دارایی و سـەروو ئـاگادار کراوەتـەوە.</td></tr>
</table>




هەولێرنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH. MKT.</td><td>2015.24</td><td>4 رەبیعی کۆتایی 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٠<br>١٣ تشرینی یەکەم ١٣٠٨<br>لەلایەن سەدارەتپەناهی ئاماژەی پێکراوە، پێشەکی لە بنکەی پۆلیس قسەی لەسەر کراوە، لەسەر مەسەلەی کچێک قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ یەکێک لە زاناکان بە ناوی عەبدوڵڵا ئەفەندی لەگەڵ هەندێک لە پۆلیس بانگ کراوە، ئەو پارەی پێیان دراوە، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٧ بەپێی رێکخستنی ١١٥٠٠ قوروش لە پارەی ویلایەتی موسڵ لە کاتی رێکخستنی بوودجەی هەمان ساڵ هەژمار کراوە، یەک پارچە نامە نێردراوە، لە ژمێریاریش نووسراوەتەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 2038.48 | 14 جەمادی کۆتایی 1310 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠<br>٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٨<br>لە سەنجەقی شارەزوور گوندی چالەگەردەلە لە نێوان هەولێر و کۆی سانجەق و ناحیەی کۆپری بە هیچ شوێنێک نەبەستراوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە هەولێر نزیکە، ساڵی ١٣٠٨ لە مانگی مارت بۆ بەستنەوەی بە هەولێر لە شورایی دەوڵەت ئاماژەی پێ کراوە و لە ئەنجوومەنی تایبەت بریاری لەسەر دراوە. | | |




هەواڵنامەی کتێب


| .I. TAL | 28.4 | 29 موحەررەم 1311 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٢٦٧
لـە فەرمـانی هێنـانی یەزیدییـەکان و شـەش سـەد خانـەی عەشـیرەتی هەرکـی کـە کۆچیـان کردبـوو بـۆ ئێـران، بـۆ نـاو مەمالیکـی شـاهانە، قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵڵا پاشـا هـاوکاری کـردووە، لەبـەر ئـەوە بـۆ بەرزکردنـەوەی پلەکـەی بـۆ میـری میـران پێشـکەشی نـەزارەتی ناوەخـۆ کـراوە، لـە ٢٩ موحـەررەم ١٣١١ و ٣١ تەممـوز ١٣٠٩.

- قائیمقامـی قـەزای هەولێـر عەبدوڵڵا پاشـا یەکێکـە لـە خانەدانـەکان بەهـۆی هەوڵـەکانی کـە داویـەتی، لـە وەرگرتنـی پلـەی میـری میـران لـە ویلایـەتی موسـڵ مێـژووی ٢٠ مایـس ١٣٠٩ ژمـارە ٣٤ نـووسراو هاتـووە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٤ موحـەررەم ١٣١١ و ٢٦ تەممـوز ١٣٠٩.
نازری کاروباری ناوەخۆ




هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| .I. TAL | 53.11 | 22 زیلقەعدە 1311 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>لە قەزای هەولێر حاجی ئەحمەد ئاغا لە خانەدانەکانی هەولێرە لە سەرۆکایەتی شارەوانی بە هۆی هاوکاری و تێکۆشانی سەبارەت بە وەرگرتنی پلەی سێیەم لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بە مێژووی ٥ شوبات ١٣٠٩ هاتووە، لە ٢٢ زیلقەعدە ١٣١١ و ١٦ مایس ١٣١٠. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 104.34 | 24 موحەڕڕەم 1311 |
|---|---|---|
| بۆسەدارەتپەناهی<br>قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە ئەشراف و خانەدانەکانی هەولێر پلەی میری میرانی وەرگرتووە، لە بارەی بەرز بوونەوەی پلەکەی بۆ میری میران لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بە مێژووی ٢٠ مایس ١٣٠٩ ژمارە ٣٤ پێشکەش کراوە، تاوەکو جێبەجێ بکرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب


| .DH.MKT | 184.29 | 3 جەمادی کۆتایی 1311 |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>لە قەزای هەولێر ناحیەی قوشتەپە سەر بە سانجەقی کەرکووک، محەمەد ئاغا بە وەکالەت بەرێوەبەرە، بەهۆی سکاڵای هاووڵاتیان لەسەر کارەکەی لادراوە و ئیبراهیم ئاغا لە شوێنی ئەو دامەزراوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣٠٩ ژمارە ١١٧ خوێندراوەتەوە، بەڵام بە پێی داواکاری لێرە لە ناحیەی ناوبراو بەرێوەبەرەکەی فەیزوڵڵا ئەفەندی بوونی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە زانیاری روونترمان بۆ بنێرن، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٣ جەمادی کۆتایی ١٣١١ و ٣٠ تشرینی دووەم ١٣٠٩. | | |



<table dir="rtl">
<tr><td>.DH.MKT</td><td>208.57</td><td>13 شەعبان 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆسەدارەتپەناهی<br>لـە قـەزای هەولێـر ئەندامـی ئەنجوومـەنی کارگێـری لـە خانـەدانی هەولێـر عەبدوڵـڵا ئاغـا لەبـەر خزمـەتی بـاشی پلـەی بـۆ سـێیەم پلـە بـەرز بۆتـەوە، بـە پێـی نـووسراوی ویلایـەتی موسـڵ هاتـووە، هەروەها ئەسـعەد ئەفەنـدی کـە مـاوەی ٢٠ سـاڵە لـە گومـرگ لـە رسـومات کار دەکات، بـە هەمـان شـێوە هەمـان پلـەی پـێ بدرێت.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>.DH.MKT</td><td>241.67</td><td>22 زیلقەعدە 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٢ زیلقەعدە ١٣١١<br>١٦ مایس ١٣١٠<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>لە خانەدانەکانی قەزای هەولێر لە سەرۆکایەتی شارەوانی حاجی ئەحمەد ئاغا بەهۆی هەوڵ و کۆششی لە کارەکانی پلەی بۆ سێیەم پلە بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو بە مێژووی ٥ شوبات ساڵی ١٣٠٩ لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 245.34 | 29 زیلقەعدە 1311 |
| --- | --- | --- |
| بۆسەدارەتپەناهی<br>٢٩ زیلقەعدە ١٣١١<br>٢٣ مایس ١٣١٠<br>لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووک، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری حاجی خضر ئاغا بەهۆی کاری باش و هاوکارییەکانی لە رووی کارگێرییەوە، لە پلەی پێنجەم بۆ پلەی سێیەم بەرز بۆتەوە، ئەو نوسراوە لە مێژووی ٥ شوبات ١٣٠٩ نێردراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 246.36 | 3 زیلحیجە 1311 |

بۆ نەزارەتی ئۆفیسەکانی گشتی سەربازی شاهانە
٣ زیلحیجە ١٣١١
٢٦ مایس ١٣١٠

لەبەر ئەوەی شارەوانی پزیشکی سەنجەقی کەرکووک بەتاڵە، مووچەکەی لە فەرمانگەی شارەوانی پێ دەدرێت، هەرچی زووە وا پێویست دەکات لە ویلایەتی موسڵ کەسێک دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە مێژووی ١٣ ئۆغستۆس و ١٠ تشرینی یەکەم و ٢٠ تشرینی دووەم ١٣٠٧ نووسراو بۆ نەزارەت و نەزارەتی پزیشکی نێردراوە، کەچی تا ئێستا وەڵامێک نەهاتووە. هەروەها ئەمجارە لە ویلایەتی ناوبراو بە مێژووی ١٤ مایس ١٣١٠ تەلەگرافنامە نێردراوە تا بۆ سەنجەقی کەرکووک و قەزای هەولێر بۆ هەر یەکە پزیشکێک دابمەزرێت و بنێردرێت و دووپات کراوەتەوە کە بە پێی تێروانینی پێشوو جێبەجێ بکرێت.




| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 285.7 | 27 مایس 1311 |

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە نووسراوی وەڵامی نەزارەتی پەناهیە ژمارە ١٣ لە مێژووی ٣٠ مارت ١٣١١ بۆ قەزای هەولێر لە سانجەقی کەرکووک پزیشک دەنێردرێت، هەروەها لەلایەن موتەسەرفی کەرکووک نیشانی داوە کە پێویستە بە پەلە و خێرا دابمەزرێن، لە ٢٧ مایس ١٣١١.
والی موسڵ عەزیز

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ سانجەقی کەرکووک و قەزای هەولێر پێویست بوو پزیشک دابمەزرێت لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ ئۆغستۆسی ساڵی ١٣١٠ دیاری کراوە، کەچی ئەو پزیشکانەی شارەوانی هێشتا نەهاتوون، بۆیە پێویستە ئەوانە رەوانەی شوێنی خۆیان بکرێن، لە ١٨ کانونی دووەم ١٣١٠.
والی موسڵ عەزیز


- ئۆفیسی پزیشکی شاهانە لە نەزارەتی ئۆفیسی سەربازی شاهانە
ژمارە ٢٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بە پێی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ هاتووە، بۆ موسڵ و کەرکووک و هەولێر بۆ هەر یەکە پزیشکێکی شارەوانی لەم ناوچانە دابمەزرێت، بە نوسراوی نەزارەتی پەناهی دەستەی پزیشکی مەلەکی بە مێژووی ٢٤ کانوونی دووەم ساڵی ١٣١٠ ژمارە ٣٧٥ ناردراوە، پێشەکی لە مێژووی ٢ تەمموز ١٣١٠ دکتۆر بەهائەددین عارف ئەفەندی بۆ موسڵ دامەزراوە، بەڵام بۆ هەولێر و کەرکووک بۆ هەر یەکە پزیشکێک دەدۆزنەوە و دەنێردرێت ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ شەوال ١٣١٢ و ٢٣ مارت ١٣١١.
نازری تۆپخانەی عامرە و ئۆفیسەکانی گشتی سەربازی شاهانە


هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب






هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .DH.MKT | 311.4 | 17 نیسان 1311 |

- بۆ ویلایەتی موسڵ
لـە قـەزای هەولێـر فەرمانبـەری ناسـنامە رەشـید ئەفەنـدی کاغـەزی وەرگێـراوی خـۆی نـاردووە، کـە بـە نـووسراوی مێـژووی ٢٨ کانـوونی دووەم سـاڵی ١٣١٠ هاتـووە، بـۆ نـەزارەتی ژمێریـاری نێـردراوە، کەچـی فەرمانبـەری ناسـنامە عەبدولوەهـاب ئەفەنـدی لـەم شـوێنەیە، ئایـا کـەی رەشـید ئەفەنـدی دامـەزراوە، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت.

- قەڵەمی نووسەر لە ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٥٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە سـانجەقی کەرکـووک، قـەزای هەولێـر عەبدولوەهـاب ئاغـازادە لـە خانەدانـەکانی هەولێـر فەرمانبـەری ناسـنامە، بەهـۆی کاری بـاش و خزمەتەکانیـەوە بـۆ پلـەی سـێیەم پلـەی بـەرز بۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لە نـەزارەتی ناسـنامەی ویلایـەت رەزامەنـدی دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات لـە ٢٤ موحـەررەم ١٣١٢ و ١٤ تەممـوز ١٣١٠.
والی موسڵ




| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 386.14 | 5 حوزەیران 1311 |
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی پلەی بەرز بۆتەوە بۆ پلەی چوار. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 000607.045501 | 10 شوبات 1311 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی خەزینەی شاهانەی جەلیلە
٢٩ شەوال ١٣١٢
١٢ نیسان ١٣١١
لـە موڵکـی هومایـۆنی کشـتوکاڵی شـەمامک سـەر بـە قـەزای هەولێر سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووک، یەکێک لـە ئاغـاکانی عەشـیرەتی دزەیـی ئیبراهیـم ئاغـا و نزیکـەی چـل کـەس لـە خـزم و پاسـەوانەکانی چوونەتـە سـەر فەرمانگـەی موڵکـی هومایـۆن، فەرمانبەرەکانیـان ناچـار کـردووە، کارەکانیـان بـە جـێ بهێڵـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەواڵ نێردراوەتـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆن لـە موسـڵ، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە چارەسـەرێک بـۆ ئـەوە بدۆزرێتـەوە، لـە ویلایـەتی موسـڵ تەلەگـراف بـە مێـژووی ١٠ شـوبات ١٣١١ لەگـەڵ زانیـاری نێـردراوە، تـا کاری لـە سـەر بکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
615 46071


| | | |
|---|---|---|
| 22 نیسان 1311 | 000615.046071 | .BEO |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی مەزن
شیفرەی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ
مۆڵکی هومایۆنی شەمامک کە دەکەوێتە قەزای هەولێر و بەستراوەتەوە بە سەنجاقی کەرکووک، زەوی کشتوکاڵییە، کە بوێری کردووە کاری نەشیاو بکات، دراوەتە دادگا و عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی قەزای ناوبراو کە لە خانەدانەکانی رواندزە، بە پێچەوانەوە بەپێی ووتەی هەواڵگری و سیخورەکان ناوبراو کارەکانی زۆر بەرێکوپێکی کردووە، بەڵام چەند مانگ بەر لە ئێستا بەهۆی هەندێک لە سەرکردە کوردەکان بیری تێک چووە، بەهۆی ئەم بارودۆخە پاشای ناوبراو لەسەر مانەوەی لە کاری قائیمقامیەتی باش نییە، تا لە ویلایەتێکی تر جێگیر دەکرێت، لە کارەکەی بمێنێتەوە و دواتر لە قائیمقامی شەهربازار شەوقی بەگ وەکو قائیمقامی هەولێر دابمەزرێت و فەرمان دەربکرێت، لە ٢٢ نیسان ١٣١١.
والی عەزیز


- کارتی رەزامەندی لە ویلایەتی موسڵ
لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٣١١ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە خانەدانەکانی رواندز تا ئێستا ئەرکەکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام داوە، ئێستا بەبێ هۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەبەر ئەوە خۆی شاردۆتەوە پێویستە شەوقی بەگ بهێنرێتە شوێنی.

- شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٤ نیسان ١٣١١
لە ٢٢ نیسان ساڵی ١٣١١ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە خانەدانەکانی رواندز تا ئێستا ئەرکەکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجامی داوە، ئێستا بەبێ هۆ لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەبەر ئەوە خۆی شاردۆتەوە پێویستە شەوقی بەگ بهێنرێتە شوێنی.

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
| | | |
|---|---|---|
| 615 | 46071 | 3 |

هەواڵنامەی کتێب





هەولێرنامەی کتێب

| .DH.MKT | 223.43 | 18 ڕەجەب 1312 |
| --- | --- | --- |

- لیوای کەرکووک ئەنجوومەنی کارگێری / ٧٦٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
لـە قەسـەبەی هەولێـر عوسـمان ئەفەنـدیزادە محەمـەد ئەفەنـدی بـە وانـە ووتنەوە سـەرقاڵە، بەراسـتی لە خانەدانـەکانی زانایەکانـە، هەروەهـا لـە رووی بژێویـەوە تـووشی تەنگانـە و پەرێشـانی بووە، بۆ ئەو مەبەسـتە مووچەیەکـی دیاریکـراوی بـۆ ببرێتـەوە، داواکاری لـە ئەنجوومـەنی کارگێـری بـە ژمـارە ٣٢٤ لـە مێـژووی ٢٢ کانـوونی یەکـەم سـاڵی ١٣١٠ هاتـووە، کـە لـە خەزینـەی دارایـی یاخـود لـە ئاوقـاف مانگانـە ٣٠٠ قـوروشی بـۆ ببرێتـەوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٨ ڕەجـەب ١٣١٢ و ٢ کانـونی دووەم سـاڵی ١٣١٠.


- قەڵەمی نووسەر لە ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٢٠٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لـە قـەزای هەولێـر عوسـمان ئەفەنـدیزادە محەمـەد ئەفەنـدی بـە ووتنـەوەی زانسـت و زانیـاری سـەرقاڵە، بژێـوی خـراپ و پەرێشـانە، بۆیـە لـە بـارەی برینـەوەی مووچەیەکـی دیاریکـراو، داواکاری لـە ئەنجوومـەنی کارگێـری سـەنجاقی کەرکـووک نێردراوەتـە نـەزارەتی پەناهـی، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٣٠ ڕەجـەب سـاڵی ١٣١٢ و ١٣ کانـوونی دووەم سـاڵی ١٣١٠.
والی موسڵ


موصل ولايتى
مكتوبى قلمى
عدد
٢٠٥




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 280.32 | 8 ڕەبیعی یەکەم 1312 |
| --- | --- | --- |
| ٨ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٢<br>٢٧ ئۆغستۆس ١٣١٠<br>بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی<br>لـە قـەزای هەولێـر سـەر بـە سـانجەقی کەرکـوک سـەرۆکی عەشـیرەتی دزەیـی محەمـەد ئاغـا بـە هـۆی بـاشی کارەکانی و دڵسـۆزیەوە، پلـەی بـۆ قەپوچـی بـاشی لـە تەویلـەی کۆشـکی پاشـا بـەرز بکرێتـەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتە لـە ویلایـەتی موسڵ نـووسراو بـە مێـژووی ٧ تەممـوز ١٣١٠ ژمـارە ٥٦ هاتـووە، کـە بـە ڕێگـەی فەرمانگـەی تەشریفـات پێشـکەش کـراوە. | | |



| .DH.MKT | 294.33 | 11 رەجەب 1312 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>لـە دادگای سـەرەتایی هەولێـر ئەندامـی دادگا دۆغرەمەجـیزادە عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی بەهـۆی کارە رێکوپێکـەکانی نـووسراو بـۆ ویلایـەتی موسـڵ لـە مێـژووی ٣ ئەیلـوول ١٣١٠ ژمـارە ٩٦ نێـردراوە، کـە پلـەی بۆ پلـەی چـوارەم بـەرز بکرێتـەوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 295.22 | 6 جەمادی کۆتایی 1312 |
|---|---|---|

- بۆ ویلایەتی موسڵ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٢
٢٢ تشرینی دووەم ١٣١٠


لە قەزای هەولێر، میرزا عەلی دانیشتووی ئەو قەزایەیە، لەبەر بارودۆخی بژێوی خراپی داوای برێک مووچە دەکات، لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠ نووسراو نێردراوە، هەر چەندە داوا کراوە، بەڵام ئەو ماوەیە بەهۆی ئەوەی لە هەموو لایەک بۆ خەزینە بە تایبەتی بۆ ویلایەتی موسڵ داواکاری مووچە زۆرە، کاتەکە یارمەتیدەر نییە، بۆیە وا باشە تا بژێوی ژیانیان باش دەبێت، لە شارەوانی لە مووچەی دەستکورتی مووچەی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ١٥ تشرینی یەکەم ١٣١٠ هەروەها لە ٥ تشرینی دووەم ئاگاداری بۆ ویلایەتی جەلیلە نێردراوە.

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسەر
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لایەنگری دەوڵەتە، پێش دووساڵ لە خاکی ئێران لە قەسەبەی ساوجبوڵاق لەسەر مەسەلەی کچێک لەگەڵ ئینگلتەرا قسەی کردووە، لەبەر ئەوە لە سەنجەقی کەرکووک هاتۆتە قەزای هەولێر، میرزا عەلی لەبەر ئەوەی بژێوی خراپە، داوای برێک مووچەی کردووە، لەبەر ئەوەی گرفتی سامانیش هەیە، لە بارەی مووچەی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێری هەولێر ئەو پارەی بۆ ببرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو دراوەتە فەرمانگەی ئەنجوومەنی قەزا، ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٢ و ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠.
والی موسڵ



موصل ولايتي
مكتوبي قلمي
١٥٨

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 306.7 | 11 جەمادی یەکەم 1312 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>لـە هەولێـر مزگـەوت و تەکیـەی خانقـای خالیدییـە وێـران بـووە، بۆ ئەم مەبەسـتە نـۆژەن کردنـەوە و فراوان کـردنی پێویسـتە، لـە تەکیـەی ناوبراویش شـێخ عەبدولرەحـمان ئەفەندی بـە ووتنـەوە زانیاری سـەرقاڵە، بۆیە سـەبارەت بـە دابیـن کـردنی مووچەیەکـی دیاریکـراوی گونجـاو، لـە ویلایەتی موسـڵ نـووسراو بە مێـژووی ١٨ حوزەیـران سـاڵی ١٣١٠ هاتووە. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 314.24 | 5 جەمادی یەکەم 1312 |
|---|---|---|
| بۆ سەدارەت پەناهی<br>لە هەولێر عەبدولمەجید ئەفەندی سەرقاڵی ووتنەوەی زانست و زانیارییە کە مووچەکەی ٢٠٠ قوروشە، داواکاری ناردووە تا مووچەکەی زیاد بکرێت، ئداواکاریەکەشی بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، بەم شێوەیە نووسراو و هاوپێچەکانی بەیەکەوە پێشکەش کراوە. | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH.MKT</td><td>316.5</td><td>8 جەمادی کۆتایی 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەت پەناهی<br>٨ جەمادی کۆتایی ١٣١٢<br>٢٤ تشرینی دووەم ١٣١٠<br>لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئاغا بە هۆی لێهاتوویی، پلەی بۆ پێنجەمین پلە لەگەڵ یەک پارچە نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو بە مێژووی ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣١٠ ژمارە ١٥٢ لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵەی کتێب


| 8 جەمادی کۆتایی 1312 | 316.6 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |
| بۆسەدارەتپەناهی<br>٨ جەمادی کۆتایی ١٣١٢<br>٢٤ تشرینی دووەم ١٣١٠<br>لە خانەدانی هەولێر و ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری عەبدوڵڵا ئاغا لەبەر خزمەتە باشەکانی بۆ پلەی پێنج و یەک پارچە نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراوی مێژووی ٢٢ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣١٠ ژمارە ١٥١ پێشکەش کراوە. | | |




هەولێرنامەی کتێب

| DH.MKT. | 340.76 | 9 شەعبان 1312 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
٩ شەعبان ١٣١٢
٢٣ کانوونی دووەم ١٣١٠
لـە قـەزای هەولێـر فەرمانبـەری ڕەژی سـەعید ئاغـا بـە پلـەی سـێیەم پلەکـەی بـەرز بۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە نـووسراوی مێـژووی ٢٥ کانـوونی یەکـەم سـاڵی ١٣١٠ لـە ویلایـەتی موسـڵ هاتـووە.




| .DH. MKT | 370.13 | 7 زیلقەعدە 1312 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٧ زیلقەعدە ١٣١٢<br>٢٠ نیسان ١٣١١<br>قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە دەیکات، بەهۆی زیادبوونی کارە بەدەکانی رێگای سنوور بە شێوەیەک تێک چووە، هەموو کەلوپەل و مەروماڵات دەخاتە زیادەوە، هەر یەکێک یەک ئاقچە زیاتری بداتێ، دەداتە ئەو. لە کاتی بەجێ هێشتنی پلەکەشی بۆ کورەکەی ١٢ساڵانەکەی بەجێ هێشتووە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکرێت و کاری پێویست ئەنجام بدرێت. | | |


هەواڵنامەی کتێب

| 23 زیلقەعدە 1312 | 376.61 | DH.MKT. |
|---|---|---|

بۆ سەدارەتی پەناهی
لە قەزای هەولێر ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری خضر ئەفەندی بەهۆی خزمەت و ماندوویەتی و دڵسۆزییەوە پلەی بۆ پلە سێ بەرز بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش نووسراو بە مێژووی ١٣ کانوونی دووەم ساڵی ١٣١٠ ژمارە ١٩٩ بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە تا جێبەجێ بکرێت.




هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 377.68 | 18 زیلقەعدە 1312 |


- بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ١١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

سەرەتا لە بەغداد و بەسرا داربی ئاندرە لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بازرگانخانە کار دەکەن، هەروەها بە مەبەستی کەیفخۆشی و گەشت کردن مۆسیۆ ئەمیل کۆکارن کە خەڵکی ئینگلتەرایە، لە ساڵی رابردوو لە ئۆغستۆس بەرەو زاب بەرێکەوتووە، دواى ئەوەی لە هەولێر دەردەچێت، پۆلیس و ئێسترچیەکان مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن و دارکاری دەکەن، بە مەبەستی سزادانی ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵساون، باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا داواکاری پێشکەش کردووە و وەرگێردراوی ئەو داواکارییە نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٨ زیلقەعدە ١٣١٢ و ١ مایس ١٣١١.
نازری دەرەوە

- بۆ ویلایەتی موسڵ
سەرەتا لە بەغداد و بەسرا داربی ئاندرە لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بازرگانخانە کار دەکەن، هەروەها بە مەبەستی کەیفخۆشی و گەشت کردن مۆسیۆ ئەمیل کۆکارن کە خەڵکی ئینگلتەرایە، لە ساڵی رابردوو لە ئۆغستۆس بەرەو زاب بەرێکەوتووە، دواى ئەوەی لە هەولێر دەردەچێت، پۆلیس و ئێسترچیەکان مامەڵەی خراپی لەگەڵ دەکەن و لێی دەدەن، بە مەبەستی سزادانی ئەو کەسانەی کە بەم کارە هەڵساون، باڵیۆزخانەی ئینگلتەرا داواکاری پێشکەش کردووە و وەرگێردراوی ئەو داواکارییە نێردراوەتە نەزارەتی دەرەوە لە مێژووی ١ مایس ١٣١١ ژمارە ١١٩، لە نەزارەتی باوبراویش نووسراو هاتووە بۆ جێبەجێکردنی.


باب عالی
دائرهٔ خارجیه
مکتوبی قلمی
عدد
۱۱۹
داخلیه نظارت جلیله سنه
دولتلو افندم حضرتلری

هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 380.42 | 17 زیلقەعدە 1312 |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
دوو کەس لە پۆلیسی سوارە لە سلێمانیە بە جانتای پۆستەوە دەرچوونە، لە ناوچەی باش بولاق رووبەرووی چەتەکان بوونەتەوە، چەتەکان لە سێ سوار و پێنج پیادە هێرشیان کردۆتە سەریان لە کاتی شەردا هەموو کاغەزەکانی پۆستەخانە لەناوچوونە، هەروەها چەتە لە عەشیرەتی دیزەیی ئیبراهیم بایز بە هاوکاری ١٥٠ ئەسپ سوار لە نێوان هەولێر و ئاڵتون کۆپری لە گوندەکانی چواردەوری سوراونەتەوە و لە نێوان ئەو دوو قەزایە هێرشی کردۆتە سەر پۆستە، بۆ چاودێری کردن سەربازی شاهانە دەرچوونە، کەچی لە هەولێر بۆ ماوەی دوو کاتژمێر رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، هەروەها هەواڵ دراوە کە ئەو پۆستانەی لە موسڵ و زاب بە دوو پۆلیس دەگوازرێنەوە، پێویستە ئەو پۆستانەی لە سلێمانیە دەردەچن لە پێنج کەس کەمتر نەبێت، و لە موسڵ و کەرکووک هەروەها لە ناو ولایەتیش پێویستە زۆر بە وردی چاودێری بکرێت و لە گواستنەوەی پۆستەکاندا پۆلیسی زیاتر بنێردرێت، هەروەها بۆ چاودێری کردنی کاغەزەکانی پۆلیس چوونەتە ولایەتی موسڵ، بۆ چاودێری کردنی یەکتر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و تەلەگراف لە بەغدادیش بەردەوام تەلەگرافنامە هاتووە، ووتراوە بە پێی پێویست دەبێ رێگاکان پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەمەشیان لە سەر ئەستۆی حکوومەتی ناوچەکەیە، جگە لەوەش هەر لە بارەی پاراستن و چاودێری کردنی رێگای پۆستە ئاگادارتان دەکەینەوە، لە ١٧ زیلقەعدە ١٣١٢ و ٣٠ نیسان ١٣١١.

نازری پۆستە و تەلەگراف



| BEO. | 000515.038551 | 14 جەمادی یەکەم 1312 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی دارایی
١٤ جەمادی یەکەم ١٣١٢
١ تشرینی دووەم ١٣١٠
لـە هەولێـر خانەقایـەک بـە نـاوی خانەقـای خالیدیـە بەناوبانگـە، مزگـەوت و تەکیەکـەی وێـران بـووە، بـۆ نۆژەنکردنـەوە و فـراوان کـردنی، هەروەهـا لـە تەکیـەی ناوبـراو شـێخ عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی سـەرقاڵی وانـە ووتنەوەیـە، بـە مەبەسـتی دابینکـردنی مووچەیەکـی دیاریکـراو نـووسراو نێردراوەتـە ویلایـەتی موسـڵ، هەروەهـا بـە پێـی نـووسراوی نـەزارەتی ناوەخـۆ لـە مێـژووی ١١ جەمـادی یەکـەم ١٣١٢ ژمـارە ٢٣٦٥ کـە بەیەکـەوە نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردنی دەسـت بـەکار بـن.





هەواڵنامەی کتێب

| 1312 زیلحیجە 2 | 000631.047254 | BEO. |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە قەسەبەی هەولێر محیەددین ئەفەندی لە تەکیە نیشتەجێیە و لە سەر تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەمجارە دەیەوێت بگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی و لەبەر دەستکورتی ناتوانێت، بۆیە بە داواکاریەک داوای یارمەتی کردوو، بۆ ئەم مەبەستە ۲۰۰ قوروشی بۆ دابین بکرێت.

- بۆ سەدری ئەعزەم
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە لە قەسەبەی هەولێر لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی نیشتەجێی تەکیە، هەر چەندە پێنج ساڵ لەمەوبەر بۆ دەرسەعادەت گەشتم کردووە، ئێستا بە نیەتی گەڕانەوەم، هەر خۆی لەبەر دەستکورتیم، لەبەر دووری ڕێگا خەرجی ئەسپم نییە بۆ گەڕانەوە، بۆیە داواکارم ئاقچەیەکی دیاریکراوم پێ بدرێت، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەکات، لە ۲۱ زیلحیجە ۱۳۱۲.

داواکار / نیشتەجێی تەکیەی هەولێر / محیەددین





هەواڵنامەی کتێب



| | | |
|---|---|---|
| ŞD. | 933.83 | 28 جەمادی یەکەم 1312 |

فەرمانگەی خانەنشینی فەرمانبەر
ژمارە ٣٠٤٤
بەڕێوەبەری دارایی قەزای هەولێر وەلی ئەفەندی کۆچی دوایی کردووە، خێزانەکەی زوبێدە و کچەکانی جەمیلە و فەهیمە خان هەروەها کوڕەکانی عەبدولقادر و محەمەد عەلی ئەفەندی لەلایەن خۆیانەوە داوایان کردووە مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو و داواکاری لەگەڵ ماوەی خزمەت هاتووە، جگە لەوەش لە ژمێریاری ئەو نووسراوانەی ڕێک خراوە ووردبینی بۆ کرا.

مێژووی دەستبەکاربوونی ناوبراو و شوێن و بڕی ئەو مووچەی وەریگرتووە تا ڕۆژی مردنی لە ٢٥ شوبات ١٣٠٩ بە پشت بەستن بە بڕیارنامەی فەرمانبەر مادەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای بەرزکردنەوە و دابەزاندن بڕی ١٥٠ قوروش بە شێوەیەکی یەکسان مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە، کە هەر یەکە ٣٠ قوروش وەردەگرێت، بە پێی ماددەی ٣٥ لە سندوق مامەڵەی بۆ کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٨ جەمادی یەکەم ١٣١٢ و ١٥ تشرینی دووەم ١٣١٠





هەواڵنامەی کتێب

| .I. ML | 16.33 | 13 جەمادی کۆتایی 1313 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
١٦٤١
لـە سـاڵی ١٣٠٠ تـا کۆتایـی سـاڵی ١٣٠٢ بـۆ سـەربازی شـاهانە لە قـەزای هەولێر پێداویسـتی گواسـتراوەتەوە بـۆ قەسـەبەی کەرکـووک، بـۆ ئـەم مەبەسـتە تێچـووی گواسـتنەوەی ئـەو پێداویسـتیانە ١٨٥٧٠ قـوروش ٣٤ پـارە دراوە، لەبـەر ئـەوەی تێچـووی گواسـتنەوەکە زۆرە، ڕەزامەنـدی لـە سـەر خـەرج کـردنی پارەکە نـەدراوە، ئـەو پـارە دیاریکـراوە کـە پەیوەسـتە بـە تێچـووی سـاڵی ١٣٠٢ لـە موازەنـەی ئـەو سـاڵە نووسراوەتـەوە، بۆیە نێردراوەتـە نـەزارەتی دارایـی لەگـەڵ داواکاری فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورایی دەوڵـەت پێشـکەش کـراوە، لـە ٩ ڕەجـەب ١٣١٣ و ١٤ کانـوونی یەکـەم ١٣١١.
سەدری ئەعزەم

- بـۆ نـەزارەتی دارایـی شـورایی دەوڵـەت ٢٣ جەمـادی یەکـەم ١٣١٣ ژمـارە ١٢٢ لـە فەرمانگـەی ناوەخـۆ خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە
لـە سـاڵی ١٣٠٠ تـا کۆتایـی سـاڵی ١٣٠٢ بـۆ سـەربازی شـاهانە لە قـەزای هەولێر پێداویسـتی گواسـتراوەتەوە بـۆ قەسـەبەی کەرکـووک، بـۆ ئـەم مەبەسـتە تێچـووی گواسـتنەوەی ئـەو پێداویسـتیانە ١٨٥٧٠ قـوروش ٣٤ پـارە دراوە، لەبـەر ئـەوەی تێچـووی گواسـتنەوەکە زۆرە، ڕەزامەنـدی لەسـەر خـەرج کـردنی پارەکـە نـەدراوە، ئـەو پـارە دیاریکـراوە، لـە سـەنەدی تایبـەت ڕەزامەنـدی لـە سـەر نـەدراوە، بۆیـە لـە ویلایـەتی موسـڵ لـە دەفتـەردار پرسـیار کـراوە، بـە پێـی ڕێنماییـەکان ئـەو پێداویسـتیانەی کـە لـە شـوێنی خۆیـدا بە سـەربازەکان دەدرێـت، ئەگـەر بێتـو کەموکـوری تێـدا بـوو، بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە بـە شـێوەی قەرەبووکردنـەوە بـە پـارەی ئاقچـە لـە موازەنـەی سـاڵی ١٣٠٢ بدرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ١٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٣ و ١٨ تشرینـی دووەم ١٣١١.
سەرۆکی فەرمانگەی ناوەخۆ و ئەندامەکانی



هەواڵنامەی کتێب




| 26 شەعبان 1313 | 16.61 | I. ML. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
لە ویلایەتی موسڵ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر کە لە رێزدارەکانی دەرسەعادەتە، لەبەر پەرێشانی باری بژێوی مووچەیەکی بۆ بڕێتەوە، لە هەمان کاتدا بەهۆی مردنی حەمدی پاشا ئەو مووچەی وەریدەگرت ماوەتەوە، لە پارەکەی ئەو وەکو سەدەقەی پاشا ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ بڕێتەوە، ٢٦ شەعبان ١٣١٣ و ٢٩ کانونی دووەم ١٣١١.
سەدری ئەعزەم






هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000747.056018 | 26 شەعبان 1313 |
| --- | --- | --- |

- بۆ نەزارەتی دارایی
١٠ رەمەزان ١٣١٣
١٢ شوبات ١٣١١
لە شێخەکانی هەولێر ئەسعەد ئەفەندی بری ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە.

- سەر بە ویلایەتی موسڵ ئەسعەد ئەفەندی کە یەکێکە لە شێخەکانی هەولێر جێگەی رێز و میهرەبانییە لە خەلافەتپەناهیەوە بە مەبەستی ئاسان کردنی بژێوی ژیانی مانگانە مووچەی ٥٠٠ قوروشی بۆ براوەتەوە، ئەویش لەم پارەیەی کە لە دوای مردنی خانمەکەی حەمدی پاشا لە مووچەکەی ماوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو پێشکەش بە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە کراوە، لە ٢٦ شەعبان ١٣١٣ و ٢٩ کانوونی دووەم ١٣١٢.

سەدری ئەعزەم / رەفعەت



OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب


| .BEO | 000759.056893 | 15 شەوال 1313 |
|---|---|---|

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ٥٢
لە ویلایەتی موسڵ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر ئەسعەد ئەفەندی، لە بروسە خێزانەکەی حەمدی پاشا کۆچی دوایی کردووە، مووچەکەی ماوەتەوە ٥٠٠ قوروشە، ئەگەر بۆ ناوبراو دابین بکرێت ئەوا مەمنونە، بە نوسراوی مێژووی ٢٧ شوبات ١٣١١ ئەو مووچەیەی کە بێ خاوەن ماوەتەوە، چۆتەوە سندوقی خانەنشین، لە ئەمەش ئەسعەد ئەفەندی لەم مووچەیە سوودمەند نابێت، بۆیە بە مەبەستی دابینکردنی ئەو مووچەیە بۆ ناوبراو لە ژمێریاری گشتی دارایی داوای ڕەزامەندی کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ شەوال ١٣١٣ و ١٨ مارت ١٣١٢.
نازری دارایی


- بۆ نەزارەتی دارایی
١٨ شەوال ١٣١٣
٢١ مارت ١٣١٢
بۆ یەکێک لە شێخەکانی هەولێر بە ناوی ئەسعەد ئەفەندی ئەمر و فەرمان لە خەلافەتپەناهی هۆمایۆنەوە دەرچووە، کە لە سندوقی خانەنشینی بە نووسراوی مێژووی ١٥ شەوال ١٣١٣ ژمارە ٥٢ نووسراوە ئەسعەد ئەفەندی لەبەر پێویستی بژێوی، فەرمان دەرچووە، لە مووچەی دەستکورتان ٥٠٠ قوروشی بۆ براوەتەوە.




هەوالنامەی کتێب



<table>
<tr><td>6 رەبیعی کۆتایی 1314</td><td>104.33</td><td>I. TAL.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>بەهـۆی بـاشی خزمەتکـردن و هاوکاریکردنیـان لـە ویلایەتەکانی ئەدرنە و موسـڵ قائیمقامـی هەولێر ئیبراهیم بـەگ و لـە ویلایـەتی ئەدرنـە بەرێوەبـەری ئـەوراق حەسـەن بـەسری داواکـراوە پلەیـان بـۆ پلەی سـێیەم بەرز بکرێتـەوە، ٦ رەبیعـی کۆتایی ١٣١٤ و ٢ ئەیلـوول ١٣١٢.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



نمونه ۱
TÉLÉGRAMME
تلغراف
L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.
Le ........ 189 — N° d'arrivé — h. m. du — Réexpédié à — Signature de l'employé
Le ........ 189 — Transmis par — h. m. du — Commencé à — Fini à — Signature de l'employé
De ........ Pour ........

| اشارات مخصوصه Indications non taxés | طريق Voies | روز وياشب Matin ou soir | دقيقه Minutes | ساعت Heures | محل تاريخى Date du dépôt | غروب Group | عدد كلمات Nombre de mots | محل نومروسى N° du dépôt |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ۱۸ | ۲۱ | ۸۹۷۲ |

هەولانامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| .DH. ŞFR | 231.32 | 10 کانوونی دووەم 1314 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ٣٠ کانـوونی یەکـەم ١٣١٤ مریـەم سـەباح شـێخ محەمـەد نـوری لـە دهۆکـەوە بـۆ خانـەی قـەزای هەولێر گوازراوەتـەوە، ئێسـتا پێویسـتی بـە هیـچ مامەڵەی تـر نییـە، ١٠ کانـوونی دووەم ١٣١٤.
والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
798 59817

هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 000798.059817 | 11 موحەررەم 1314 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی نووسراو<br>١١ موحەررەم ١٣١٤<br>١١ حوزەیران ١٣١٢<br>یەکێک لە زانا ناودارەکانی هەولێر محەمەد ئەفەندی بە مەبەستی دابین کردنی ١٥٠ قوروش وەکو مووچە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە، نەزارەتی ناوبراویش بە نووسراوی مێژووی ٣ موحەررەم ١٣١٤ ژمارە ١٣٠٢ لەگەڵ راپۆرتێک بەیەکەوە نێردراوە، فەرمانیش کراوە بۆ جێبەجێ کردنی. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000802.060090 | 17 موحەڕڕەم 1314 |

- بە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ

لـە ١٩ مایـس ١٣١٢ قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵڵا پاشـا ئەرکی پارێزگاری کردن لە ئاسـایش و سـەقامگیرکردنی مەملەکەتـی پـێ سـپێردراوە، کەچـی ئەحمـەد کوچـوک رایکـردووە بـۆ خانـەی قائیمقـام و لـەوێ خـۆی حەشـاردراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـوسراو بـۆ ویلایـەت کـراوە.


- خەزینەی تایبەتی شاهانە


کارگێری خاوەنداریەتی هومایۆن

ژمارە ١٨

لەبـارەی ئـەو کەسـانەی کـە هێرشـیان کردۆتـە سـەر کارگێـری شـەمامکی موڵکـی پاشـا، لـە ویلایـەتی موسـڵ لـە وەڵامـدا تەلەگـراف نامـە وەرگیـراوە، فەرمانی پاشـا لـە ٢٢ مایـس ١٣١٢ فەرمان لەسـەر ئەو کەسـانە دراوە کـە بـەم کارە هەڵسـاون و بـەم نزیکانـە دادگاییەکەیـان جێبەجـێ دەکرێـت، هەروەهـا هەڵاتـوو ئەحمـەد کوچـوک بـۆ لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون لەسـەر ناوبـراو هێـزی سـەربازی ڕەوانـەی هەولێـر کـراوە، لـە بەشـێکی تەلەگرافنامەکـە هاتـووە، هەڵاتـوو ئەحمـەد کوچـوک لەگـەڵ قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵڵا پاشا پەیوەندییەکـی هەیـە، تەنانـەت یـەک شـەو لـە ماڵـی قائیمقـام میـوان بـووە، لـەو کاتـەی کـە قائیمقـام ئەرکـی پاراسـتنی ئاسـایش و پاراسـتنی هەولێـری پێـدراوە، کەچـی ناوبـراو کەسـێک کـە بـە تـاوان تاوانبـار کـراوە لـە ماڵەکـەی خـۆی شـاردویەتیەوە، بەمـەش زیـان بـە ئارامـی دەگەیەنێـت، بۆیـە دەبـێ کاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات لـە ١٣ موحـەڕەم ١٣١٤ و ١٣ حوزەیـران ١٣١٢.


نازری خەزینەی تایبەت


خزینهٔ خاصهٔ شاهانه
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
802
2




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>000803.060176</td><td>19 موحەررەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>شیفرە<br>١٩ موحەررەم ١٣١٤<br>١٩ حوزەیران ١٣١٢<br>لە ١٨ حوزەیران ١٣١٢ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە پێی ئەو کارانەی کردوویەتی باش نییە یەک کاتژمێر لە سەر کارەکەی بمێنێتەوە، پێویستە بە زووترین کات مامەڵەی گۆرینی بۆ بکرێت، زانیاری دراوەتە نەزارەتی ناوەخۆ.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000806.060412 | 25 موحەررەم 1314 |


بۆ سەدارەتپەناهی
لـە ٢٠ حوزەیـران ١٣١٢ تەلەگرافنامـە هاتـووە، ئیبراهیـم سـدقی بـەگ بـۆ قائیمقامـی هەولێـر دانـراوە، بەڵام لەبـەر گرنگـی شـوێنی جوگـرافی سـنجار پێویسـت دەکات بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ بـۆ پاراسـتنی ئاسـایشی ناوچەکـە، لـە رژێمـی سـەربازی سـوارە ئەمیـن بـەگ وەکـو قائیمقامـی سـنجار بـە وەکالـەت دەسـت بەکار بێـت، ٢٣ حوزەیـران ١٣١٢.

والی موسڵ / عەبدوڵڵا




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>000827.061991</td><td>9 رەبیعی یەکەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">
- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>
٩ رەبیعی یەکەم ١٣١٤<br>
٥ ئۆغستۆس ١٣١٢<br>
قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا لە کارەکەی لادراوە و لە شوێن ئەو قائیمقامی سنجار ئیبراهیم سدقی بەگ خەریکە دادەنرێت، لە نووسراوی مێژووی ٢٣ سەفەر ١٣١٤ ژمارە ٢٠٢٨ بە ڕەزامەندی سەروو بە مێژووی ٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٤ کراوەتە فەرمان.<br><br>
- قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە هۆی کاری بەد و گەندەڵیەکانیەوە، لە کارەکەی لادەدرێت و لە شوێن ئەو قائیمقامی سەنجار ئیبراهیم سدقی بەگ دەست بە کار دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە قۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران لەگەڵ کاغەزی ڕوون کردنەوە بە یەکەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، ٢٨ سەفەر ١٣١٤ و ٢٧ تەمموز ١٣١٢.<br>
سەدری ئەعزەم
</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
892 66842 1


هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 000892.066842 | 3 شەعبان 1314 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>٣ شەعبان ١٣١٤<br>یەکێـک لـە زانـا نـاودارەکانی هەولێـر محەمـەد ئەفەنـدی لـە بـارەی برینـەوەی مووچـەی ١٥٠ قـوروش نـووسراو نێردراوەتـە نـەزارەتی ناوەخـۆ لـە ویلایـەتی موسـڵ، لـە مێـژووی ١١ موحـەررەم ١٣١٤ بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، هەروەهـا ئـەو مودەریسـەی کـە لـەم مەدرەسـەیە وانـە دەڵێتـەوە گەیشـتۆتە ئاسـتێک ناچـارە دابخرێـت، ئەمجـارە دووبـارە داواکاری ناوبـراو نێـردراوە بـۆ ئـەوەی جێبەجـێ بکرێـت. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1151 86294 4

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>001151.086294</td><td>7 موحەررەم 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٩٤٦<br>لە خانەوادەی حەیدەرییە بە ووتنەوەی زانستەوە خەریکە، لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێ بووە، سەبغەتوڵلا ئەفەندیزادە عەبدوڵلا ئەفەندی بۆ وەرگرتنی وانە لە کوردستان و ئێران قوتابی دێتە لای، ناوبراو دووچاری پەرێشانی بووە، بۆ باشتر کردنی بژێوی ژیانی داوای مووچەیەکی دیاری کراو دەکات، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لە ویلایەتی موسڵ ئەنجوومەنی کارگێری لە ١٥ نیسان ١٣١٤ ژمارە ٢١ هاتووە، بۆ ڕەزامەندی پاشا بفەرموون، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ موحەررەم ١٣١٦ و ١٦ مایس ١٣١٤.<br><br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH | 01338.000001 | 7 سەفەر 1314 |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ٣٠١


ئەحمەد کوچوک هێرشی کردۆتە سەر کارگێری موڵکی هۆمایونی شەمامک، دواتر رایکردووە، پەیوەندی لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشادا هەبووە و تەنانەت ناوبراو لەماڵی خۆی شاردۆتەوە، دوای ئەوە هەواڵمان داوەتە ویلایەتی موسڵ لە وەڵامدا پاش ئەوەی سەلمێنراوە کە ناوبراو بوێری ئەوەی کردووە لە ماڵەکەی خۆی بیشاریتەوە، جگە لەوەش پارێزگاری لە چەتەی تریش کردووە، خراپی کارەکانی هەروەها لە قەزاکانی رانیە و کۆی سەنجاق و رواندز ئامانجی تری هەبووە، لەبەر ئەو هۆکارانە لە شوێنەکەی دوورخراوەتەوە و لە شوێنی ئەو قائیمقامی سنجار ئیبراهیم سدقی بەگ بخرێتە شوێنی، ئەو جۆرە پیاوە گونجاو نییە یەک کاتژمێر لە ئەرکەکەی بمێنێتەوە، لەگەڵ بەیاننامەی عالی ژمارە ١٩ لە مێژووی ٢٥ حوزەیران ١٣١٢، هەروەها ژمارە ١١٧١ و ١٢٣٥ لە کارتی رەزامەندی سەدارەت دیاری کراوە، کە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەویش ئیبراهیم سدقی بەگ بخرێتە شوێنی، لە ٧ سەفەر ١٣١٤ و ٦ تەمموز ١٣١٢.

باش کاتب و ئەندام محەمەد تۆفیق سەید خەیرولددین / ئەندام محەمەد / ئەندام / سەرۆکی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەر حوسێن حامد کوڕی ساڵح


هەوالنامەی کتێب

| .BEO | 001151.086294 | 7 موحەررەم 1314 |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە لـە لایـەن قائیمقامی قـەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشـا ڕۆیشـتووە، پێـی ڕاگەیاندراوە کـە ئـەو لـە شـوێنەکەی لادراوە و لـە شـوێنی ئەو کەسـێکی تر دامـەزراوە.
لـە موڵکـی هۆمایـۆنی شـەمامک چەنـد کەسـێک هێرشـیان کردۆتـە سـەر فەرمانگـەی ناوچەکـە، سـەبارەت بـە هەڵاتـوو ئەحمـەد کوچـوک و چەتـەکانی تـر ئـەوا لەلایـەن ناوبـراو میوانـداری کـراون، لەبەر ئـەو هۆکارە دوورخراوەتـەوە و لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی سـنجار ئیبراهیـم سـدقی بـەگ دانـراوە، لـە ٢٠ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٤ و ١٤ تشرینـی دووەم ١٣١٢.




هەولێرنامەی کتێب

| .Y.PRK.DH | 10.97 | 29 مارت 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە قەزای هەولێر گوندی ماموندان تاقمێک لە عەشیرەتی شێخ بزێنی لەگەڵ هاوکارانیان بەیەکەوە لە موسڵ لە گوندی کنداڵی چەند کەسێکیان بریندار و کوشتووە، هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ ئاژەڵیان دەست بەسەرداگرتووە، دوای ئەوە مەفرەزەی ژاندارمە چاودێری ئەوانەی کردووە، لەوانە چەتە بە ناوی عەلی قادر چەکی بەرامبەر پۆلیس بەکار هێناوە، تا ئێستاش کار بۆ دەستگیرکردنی ئەوانە دەکرێت، ٢٩ مارت ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم


هەوالنامەی کێب

| ŞD. | 2673.51 | 20 جەمادی کۆتایی 1314 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە قەزای هەولێر گوندی ماموندان لە ناو عەشیرەتی شێخ بزێنی چەند کەسێک هێرشیان کردۆتە سەر گوندە کندار لە موسڵ، چەند کەسێکیان کوشتووە و بریندار کردووە، هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ مەروماڵاتیان تاڵان کردووە، بۆ دەستگیرکردنیان بە مەفرەزەی ژاندارمە چاودێری کراون، چەتەیەک بە ناوی عەلی قادر چەکی بەرامبەر بە پۆلیس بەکار هێناوە، بۆ دەستگیرکردنیان هەوڵ دەدرێت، ٢٩ مارت ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم



هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. TMIK. M | 72.3 | 8 حوزەیران 1315 |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە دوژمنایەتی کۆنیان هەبووە، ناوە ناوە تووشی رووبەرووبوونەوە و شەر دەبن، لە قەزای هەولێر سەرۆکی عەشیرەتی گەردی کاکل ئاغا و محەمەد ئاغا لە عەشیرەتی بلباس ناکۆکیان لە نێوان دا هەیە و سەرۆکی عەشیرەتی گەردی کاکل ئاغا هێرشی کردۆتە سەر محەمەد ئاغا لە ناویان کوشتن و بریندار هەیە، دواتر هەر یەکە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، هەروەها لە قەزای ناوبراو هێزی پۆلیس لەبەر نەبوونی لێهاتوویی تەواو، سەرباز لە موتەسەرفی کەرکووک داواکراوە، بە پێی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە ئێستا وەرگیراوە، لەشکری شەشەمی سەربازی هومایۆن دابین کراوە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٥.

والی موسڵ / حازم




هەواڵنامەی کتێب

| .MF.MKT | 363.48 | 5 رەبیعی کۆتایی 1315 |
|---|---|---|

- بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەکتەبی دواناوەندی لە ویلایەتی موسڵ
وەڵامی داواکاری مێژووی ٣١ مایس ١٣١٣ ژمارە ١٣، لە کاتی پێداچوونەوە محەمەد عارف ئەفەندی کە هەڵبژێردراوە بۆ مامۆستای خەت لە رواندز، لە نووسراوی ویلایەت لە ٣٠ کانونی یەکەم ١٣١٢ ژمارە ٣١٣ رەزامەندی دراوە لەسەر دامەزراندنی لە مەکتەبی هەولێر، دووبارە بە پێی نووسراوی ویلایەت لە ٢٣ کانونی دووەم ١٣١٢ ژمارە ٣٠٧ بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی مەعاریف ناوبراو محەمەد رەشید ئەفەندی کە هەڵبژێردراوە بۆ مامۆستای خەت، ئەوا رەزامەندی نەدراوە لە سەر خەتەکەی، بۆیە پێویستە دووبارە تاقیکردنەوەکە بکات.

- لە ویلایەتی موسڵ قەزای هەولێر بۆ مەکتەبی روشدیە مامۆستای خەت محەمەد عارف ئەفەندی هەڵبژێردراوە، بەڵام رەزامەندی نەدراوە لە سەر نموونەی خەتی، بە پێی فەرماننامەی نەزارتپەناهی ژمارە ٩٠ لە ٢٤ تەمموز ١٣١٣ لە ئەنجوومەنی کارگێری قەزا، رەزامەندی لەسەر دەست خەتی دراوە، هەروەها لە تاقیکردنەوە دەرچووە، ئەمجارە نموونەی خەتی بۆ نەزارەتی پەناهی نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ شەعبان ١٣١٥ و ٤ کانوونی دووەم ١٣١٣.
وەکیلی بەڕێوەبەری مەعارفی موسڵ






هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .MF. MKT | 387.49 | 8 شةعبان 1315 |


- لە مەکتەبی روشدیەی هەولێر مامۆستای پلە یەک عەبدولحەکیم ئەفەندی خەریکە دێتە مەرکەزی ویلایەت، ئەگەر پێویست دەکات لە ویلایەت یاخود لە کارگێری، دەست لە کارکێشانەوەی قەبوڵ نەکراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٨ شەعبان ١٣١٥ و ٢٠ کانونی یەکەم ١٣١٣.

وەکیلی بەرێوەبەری مەعارفی موسڵ

- بۆ نەزارەتی مەعارف
لە مێژووی ٨٥ تا ئێستا کە نزیکەی ٣٠ ساڵە بە پێشەی ووتنەوەی وانە خزمەتم هەیە، لە ناو ویلایەتی موسڵ قەزاکانی رواندز و هەولێر لە مەکتەبەکانی روشدیە بە مامۆستای پلە یەک لە پیشەکەم بەردەوام بوومە و خزمەتم کردووە، بەهۆکاری تەندروستی لە ساڵی ١٣١٢ داوای خانەنشینیم کردووە، بۆیە لە ئەنجوومەنی تەندروستیش بە پێی راپۆرتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە نێردراوەتە نەزارەتی خانەنشینی، ئەم نموونەیەی کە بۆ نەزارەتی خانەنشینی نێردراوە لەگەڵ راپۆرتی تەندروستی وەکو یەک نین، بۆیە دووبارە داوای پشکنینی تەندروستیم لێ کراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لە ناو قەزای هەولێر پزیشک نییە، پێویست دەکات بچمە مەرکەزی ویلایەت بۆ ئەوەی دووبارە پشکنینم بۆ بکرێتەوە، چونکە لەسەر کارەکەش مۆڵەتم پێ نادەن، پێویست دەکات کەسێک لە شوێنم دابنرێت تا لە موسڵ دەگەرێمەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٣ تشرینی دووەم ١٣١٣.
داواکار / مامۆستای مەکتەبی روشدیە / هەولێر




هەواڵنامەی کتێب




هەوالنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| 27 موحەررەم 1315 | 000971.072802 | .BEO |

بۆ نەزارەتی دارایی
٢٧ موحەررەم ١٣١٥
١٦ حوزەیران ١٣١٣
لـە کاتی لێکۆڵینـەوە لـەو مەدرەسـەیەی کـە محەمـەد ئەفەنـدی وانـەی تێـدا دەڵێتـەوە گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی دابخرێـت، لـە هەمـان کاتـدا لـە هەولێـر مودەریـس محەمـەد ئەفەنـدی کـە یەکێکـە لـە زانـاکان لـە بـارەی برینـەوەی مووچـەی داوای کـردووە ١٥٠ قـوروشی بـۆ ببرێتـەوە، لـە مێـژووی ٣ شـەعبان ١٣١٤، ئـەو داواکارییـەی بـۆ سـەروو بـەرز کردۆتـەوە، ئەمجـارە ئـەو داواکاریـەی کـە بـەرزی کردۆتـەوە پێشـکەشی دەوڵـەت کـراوە.



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
984 73728

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000984.073728 | 26 سەفەر 1315 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>٢٦ سەفەر ١٣١٥<br>١٤ تەمموز ١٣١٣<br>لەم زانایانەی کە لە قەسەبەی هەولێر خەریکی بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاریە حاجی محەمەد ساڵح ئەفەندی بە مەبەستی برینەوەی مووچەیەکی دیاریکراو بۆ ناوبراو، نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆی ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ٢١ سەفەر ١٣١٥ ژمارە ١٧٢٠ بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز کراوەتەوە. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1007 75475

| BEO. | 001007.075475 | 13 رەبیعی کۆتایي 1315 |
|---|---|---|
| ١٣ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥<br>٣٠ ئۆغستۆس ١٣١٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>بۆ قائیمقامیەتی قەزای سنجار قائیمقامی قەزای هەولێر ئیبراهیم ئەفەندی و بۆ شوێنی ئەویش قائیمقامی دیوریگی روشدی ئەفەندی دەست بەکار دەبن، بۆ ئەم مەبەستەش بە بریاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر نووسراوی ٢٥ سەفەر ١٣١٥ ژمارە ١٧٨٠ و بە رەزامەندی مێژووی ١٠ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥ فەرمانی پاشا جێبەجێ بکرێت. | | |




| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 001026.076916 | 23 جەمادی یەکەم 1315 |
| بۆ نەزارەتی دارایی<br>٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١٥<br>٨ تشرینی یەکەم ١٣١٣<br>لە زانا ناودارەکانی هەولێر محەمەد ئەفەندی لە بارەی برینەوەی ١٥٠ قوروش مووچە، ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، نەزارەتی ناوبراویش لە ١٦ جەمادی یەکەم ١٣١٥ ژمارە ٢٨٥٧ نووسراوەکانی بەرز کردۆتەوە. | | |





هەولێرنامەی کتێب

| .BEO | 001033.077462 | 6 جەمادی کۆتایي 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٥
٢١ تشرینی یەکەم ١٣١٣

لـە ویلایـەتی موسـڵ قائیمقامی قـەزای بازیان سـاڵح بـەگ بۆ عەقـرە و قائیمقامـی عەقرە شـەوقی ئەفەندی بـۆ قـەزای مازگـرد لـە ویلایـەتی مەعمورەتولعەزیـزە گۆرینەوەیـان پـێ بکرێـت، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیـەتی بازیـان قائیمقامـی پێشـوو عەبدولقـادر پاشـا، قائیمقامـی زێباریـش عاسـف ئەفەنـدی دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵـڵا بـەگ دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ١٠ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٣١٥ ژمـارە ٢٣٤١ نـووسراو بـە بریـاری قۆمیسـیۆنی خزمـەتی فەرمانبـەر و بـە ڕەزامەنـدی پاشـا لـە مێـژووی ٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٥ جێبەجـێ بکرێـت.




| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 001059.079372 | 1 شەعبان 1315 |

بۆ نەزارەتی دارایی
١ شەعبان ١٣١٥
١٣ کانوونی یەکەم ١٣١٣
مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ماوەی ١٥ ساڵ دەبێت لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، سەبارەت بە برینەوەی مووچە، لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نووسراو نێردراوە، نەزارەتی ناوبراویش بە نووسراوی مێژووی ٢٦ ڕەجەب ١٣١٥ ژمارە ٣٧٨٩ بۆ دەوڵەتی ناردووە.

| 20 زیلقەعدە 1315 | 001114.083520 | BEO. |
|---|---|---|

- نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ١٥ ساڵ پێش ئێستا لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ بەرز کراوەتەوە، هەروەها نووسراوی سەدارەتپەناهی ژمارە ٢٩٢٩ لە ١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٣ فەرمان کراوە کە بۆ ناوبراو لە مووچەی دەستکورتان ٥٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەش لە دارایی پێویستی بە ڕەزامەندی ژمێریاری گشتییە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ زیلقەعدە ١٣١٥ و ٣٠ مارت ١٣١٦.


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٢ زیلحیجە ١٣١٥
١١ نیسان ١٣١٤
مەلا ئەحمەد ئەفەندی لایەنگری ئێرانە و ١٥ ساڵ پێش ئێستا لە قەسەبەی هەولێر نیشتەجێیە، لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو، داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٦ ڕەجەب ١٣١٥ ژمارە ٣٧٨٩ بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە، بۆ ئەوەی لە مووچەی دەستکورتان مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام ناوبراو بۆ یەک ڕۆژیش نییە بژێوی خراپ نەبووە، هەروەها خەزینە باری باش نییە تا مووچە ببڕێتەوە، جگە لە ئەوە مەزهەب و ناسنامەی نادیارە ناتوانی داوای مووچە بکات.


- بۆ بەڕێز پاشای سەدری ئەعزەم
بۆ داواکاران سەدەقەی پاشای لەسەر بێت لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو داواکاری لە ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ کۆتایی پێ هاتووە و لە نەزارەتی دارایی دیاری کراوە کە ٥٠ قوروش ببڕێتەوە، هەر چەندە ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، داواکراو مانگێک و نیوە لەم ڕێگایە دوورە خێزانەکەم بەجێ هێشتووە، هەرچی خۆم ئەوا شەش مانگە لێرە برسی و پەرێشانم بەم شێوەیە کات بەسەر دەبەم، ئەگەر بۆ ئەم بەشە مووچەیە ئەو هەموو کاتە زۆرە لێرە چاوەڕێ بکەم، خێزانەکەم پەرێشانتر دەبێت، نووسراوی ناسنامەش لە دەستم دایە، تکایە بەزەییتان پێم دا بێتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ نیسان ١٣١٤.

داواکاری ئەحمەد هیجری هەولێری


- بۆ داواکاران سەدەقەی پاشای لە سەر بێت لە بارەی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو داواکاری لە ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ کۆتایی پێ هاتووە و لە نەزارەتی دارایی دیاری کراوە کە ٥٠ قوروش ببڕێتەوە، هەر چەندە ڕەزامەندی لە سەر دراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هەروەها داواکراو منداڵی زۆرە و هەژارە، لە موسڵ تا ئێرە بە ڕۆیشتن هاتووە، ماوەی حەوت بۆ هەشت مانگ دەبێت لە دەرسەعادەت بە پەرێشانی ماومەتەوە و تکا دەکەم ئەو برە مووچەم بۆ ببڕێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە دواکەوتن لە داواکاری داواکراودا لە ئێران بووە و هەر لەوێ پێش ١٥ ساڵ هیجرەتی کردووە و هاتۆتە هەولێر، خۆشی لە عەشیرەتی بلباسە، بۆ وەرگرتنی زانست لە هەولێر نیشتەجێ بووە، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی بە ئێرانەوە نەماوە، داواکاری ناوبراویش لە داواکاری موسڵ ئاماژەی پێکراوە، کە مووچەکەی زیاتر بکرێت، خۆشی لایەنگری دەوڵەتە و بروانامەکەی پێشکەش کردووە و ناسنامە و نووسراوی هاتن و ڕۆیشتنیشی ئەوەتا لە دەستمە، بۆیە بە بەزەییەوە بروانن و مووچەی ناوبراوم بۆ دابین بکەن، چونکە حاڵم پەرێشانە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
٢٩ نیسان ١٣١٤

داواکار ئەحمەد هیجری





هەواڵنامەی کتێب





OSMANLI ARŞİVİ
BEO
114
83520
5


باب عالی
دائرهٔ صدارت
آمدی دیوان همایون
٧٢٣

I.DH 1349/1315.R/38
66

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01349.000066</td><td>14 ڕەبیعی یەکەم 1315</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>٧٢٣<br>لـە ویلایـەتی موسـڵ قائیمقامـی هەولێـر ئیبراهیـم ئەفەنـدی گواسـتراوەتەوە بۆ ویلایەتی سـیواس لـەوێ بۆتە قائیمقـام، روشـدی ئەفەندیـش بۆتـە قائیمقامی هەولێر، لـە ١٤ ڕەبیعی یەکـەم ١٣١٥ و ٢ ئۆغسـتۆس ١٣١٣.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ŞD.</td><td>2175.15</td><td>28 رەبیعی یەکەم 1315</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٩٥<br>بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەت<br>مێژووی ٥ تەمموز ١٣١٣ ژمارە ٩٦ لە وەڵامی سەروو، ئەو کەسانەی هێرشیان کردۆتە سەر فەرمانگەی موڵکی هومایۆنی شەمامک، لەوانە ئەحمەد کچکە و لەگەڵ چەتەکانی تر لە قەزای هەولێر لەلایەن قائیمقامی جیابووەوە عەبدوڵڵا پاشا شاردراونەتەوە، پێشەکی لەلایەن والی پێشووی موسڵ ئاگادارکراوەتەوە، لە قەزای ناوبراویش لە قائیمقامیەت دوورخراوەتەوە و نووسراوی نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە فەرمان دەردەکات، لە ٢٨ رەبیعی یەکەم ١٣١٥ و ١٦ ئۆغستۆس ١٣١٣.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>



هەوالنامەی کتێب


| .DH. MKT | 2194.78 | 8 نیسان 1315 |
|---|---|---|
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٨ نیسان ١٣١٥<br>بـۆ قائیمقامیـەتی سـەڵاحییە، قائیمقامـی هەولێر روشـدی ئەفەنـدی، هەروەها لە شـوێن ئەویـش قائیمقامی زێیـار عەبدوڵڵا ئەفەنـدی لـە مێـژووی ٢٨ زیلقەعـدە ١٣١٦ دامـەزراوە، بـە سـوێند خـواردن دەسـت بـە کار بن . | | |


باب عالی
ترجمه اوطه سی
نومرو
مترجم
مصحح
نوع ترجمه

هەولاتنامەی کتێب


| HR.SYS. | 00040.000014 | 19 مايس 1316 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەت لە ٣١ مايس ١٩٠٠<br>لـە زانـاکانی هەولێـر عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی و ئەسـعەد ئەفەنـدی خراونەتـە ژێـر چاودێـری و ڕەوانـەی ئەنادۆڵ کراون. | | |





هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| MF. MKT. | 408.54 | 5 رەبیعی یەکەم 1316 |
| - مامۆستای پلە یەک عەبدولحەکیم ئەفەندی لە مەکتەبی روشدیە لە هەولێر لە بارەی خانەنشینی رەزامەندی نەدراوە، لە ٢٨ نیسان ١٣١٢.<br><br>- لە ویلایەتی موسڵ لە هەولێر مامۆستای پلە دوو عەبدولقادر لە مەکتەبی روشدیە تاقیکردنەوەی کردووە بۆ ئەوەی پلەکەی بەرز بێتەوە بۆ پلە یەک، بەڵام لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچووە، ٦ ئۆغستۆس ١٣١٣. | | |


صدارت
مكتوبى قلمى
تذكره
داخليه نظارت جليله سنه
موصل ولايتى داخلنده صلاحيه قضاسى قائممقاملغنه اربيل قضاسى قائممقامى رشدى افندينك و يرينه زيبار
قضاسى قائممقامى عبدالله بكك تعيينلرى خصوصنه ٢٣ شوال ١٣١٦ تاريخلى و ٤٩٣٦ نومرولو تذكره
دولتلرى اوزرينه مأمورين ملكيه قومسيونله قرارلر بالاستيذان ٢٨ ذى القعده ١٣١٦ تاريخنده اراده سنيه
جناب خلافتپناهى شرفصدور بيورلمش اولمغله اقتضاسنك ايفاسى همت .
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1294 | 97028

هەولێرنامەی کتێب


| 30 زیلقەعدە 1316 | 001294.097028 | BEO. |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆ
٣٠ زیلقەعدە ١٣١٦
٣٠ مارت ١٣١٥
لە ویلایەتی موسڵ بۆ قائیمقامی سەڵاحیيە قائیمقامی قەزای هەولێر روشدی ئەفەندی و لە شوێن ئەویش قائیمقامی قەزای زێبار عەبدوڵلا بەگ دادەمەزرێن، بۆ ئەم مەبەستە قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر بە نووسراوی ٢٣ شەوال ١٣١٦ ژمارە ٤٩٣٦ بریاری لە سەر داوە، هەروەها لە مێژووی ٢٨ زیلقەعدە ١٣١٦ رەزامەندی پاشا دراوە بۆ جێبەجێ کردنی.




هەوالنامەی کتێب

| 9 زیلقەعدە 1316 | 01363.000009 | I.DH. |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارە<br>٣٢١٠<br>لە ویلایەتی موسڵ ئەمجارە بە پەلە قائیمقامی هەولێر روشدی ئەفەندی گوازراوەتەوە بۆ قەزای سەڵاحییە و لە شوێن ئەویش عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی زێبار رەوانی هەولێر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ و داواکاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر لەگەڵ وەرگێرانی نووسراو بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بەم شێوەیە ئەگەر خەلافەتپەناهی رەزامەندی بدات، جێبەجێ دەکرێت، لە ٩ زیلقەعدە ١٣١٦ و ٩ مارت ١٣١٥.<br>سەدری ئەعزەم | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2090.82</td><td>25 رەجەب 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٦<br>١ ئۆغستۆس ١٣١٤<br>قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە رۆیشتن لە سەر نەریتی باوک و باپیرانی لەگەڵ چەند عەشیرەتێکی جیاواز بەسەر عەشیرەتی تریان داداوە و ژن و منداڵیان کوشتووە، هەروەها مەروماڵاتیان مردار کردۆتەوە، هەروەها لە قەزای ناوبراو عەبدولرەزاق و برادەر و برادەرزادەکانی ئەگەر ئەوانە لە ویلایەت دوور نەخرێنەوە، هێشتا رووداوی گەورەتر ئەنجام دەدەن.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب


| DH. MKT. | 2093.57 | 2 رەبیعی کۆتایی 1316 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٦
لە لایەن هەندێک داواکاران دراوەتە لەشکری چواری هومایۆن، فەرمان دراوەتە لیوا کە لە کارەکەی دوور بخرێتەوە، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێت، بڕیاری لە کار دوورخستنەوەی بۆ دەرچووە، لە قەزای هەولێر فەرمانبەری ناسنامە رەشید ئەفەندی داواکارییەکی ناردووە کە روونی کردۆتەوە بێ دادگا دوور خراوەتەوە، ئەمەش دژی یاسایە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت و لە ئەنجامەکەی ئاگادار بکرێینەوە.




هەوالنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.DH. MKT</td><td>2120.87</td><td>4 جەمادی کۆتایی 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٦<br>٨ تشرینی یەکەم ١٣١٤<br>بۆسەدارەتپەناهی<br>بـە مەبەسـتی ئەنجامـدانی فەریـزەی حـەج قائیمقامـی قـەزای هەولێـر روشـدی ئەفەنـدی داوای مۆڵـەتی کـردووە، بـۆ ئەمـەش داواکاری پێشـکەش کـردووە، داواکاری ناوبـراو بـە نـووسراوی ٥ ئەیلـوول ١٣٠٤ ژمـارە ٨ پێشـکەشی ویلایـەتی موسـڵ کـراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. MKT | 2161.78 | 7 رەمەزان 1316 |
| بۆ سەدارەتپەناهی<br>٧ رەمەزان ١٣١٦<br>٧ کانوونی دووەم ١٣١٤<br>لـە ئـەشرافی قـەزای هەولێـر و ئەندامـی پێشـووی ئەنجوومـەنی کارگێـری عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی بەهـۆی کارە بـاش و خزمەتـەکانی کـە کردوویـەتی پلـەی بـۆ پلـە چوارەمیـن لەگـەڵ پارچەیـەک نیشـانی عوسـمانی پێـدراوە، نـووسراو لـە ویلایـەت هاتـووە. | | |


هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2174.102 | 23 شەوال 1316 |
|---|---|---|

بۆسەدارەتپەناهی
٢٣ شەوال ١٣١٦
٢٢ شوبات ١٣١٤
قائیمقامی قەزای سەڵاحییە مەجید بەگ بچێتە قائیمقامیەتی قەزای رواندز، قائیمقامی هەولێر روشدی ئەفەندی ببێتە قائیمقامی زێبار، پێشەکی لە هەولێر عەبدوڵڵا بەگ خزمەتی باشی کردووە، دوو پارچە تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ گەیشتووە، قەزای هەولێر و قەزای سەڵاحییە لە چینی دووەمن لە هەڵبژاردنی روشدی ئەفەندی و عەبدوڵڵا ئەفەندی هەر چەندە هەڵنەبژێردراوە، بەڵام رەزامەندی وەردەگرێت، ئەمەش بە هۆی کارە باشەکانی، هەروەک هاتووە روشدی ئەفەندی بۆ سەڵاحییە و عەبدوڵڵا بەگیش بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر ئەرکەکانیان بگوازنەوە، ئەمەش بە پێی ماددەی سێ بە رێککەوتن کراوە هەروەک چۆن لە تەلەگرافنامەکەدا هاتووە.


صحیفه
سجل عمومی

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00101.00032 | 3 شەعبان 1317 |


لاپەرە ٦٣
تۆماری گشتی
محەمەد نوری ئەفەندی کوڕی حوسین ئاغا سەربازی سیپاهییە، ١٢٧١ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٧٠ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە، لە هەولێر لە مەکتەب زانستی خوێندووە لەگەڵ زمانی فارسی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و کوردی قسە دەکات، بە زمانی تورکیش دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، ١٢٨٧ رەبیعی یەکەم ١٣، واتە ١ حوزەیران ١٢٨٦ لە تەمەنی شانزە ساڵی لە موسڵ لە قەڵەمی ژمێریاری لە ساڵی ١٢٩٠ جەمادی یەکەم ١٨، واتە ١ تەمموز ١٢٨٩ بە مووچەی ١٧٥ قوروش لە سەنجەقی موسڵ لە ژمێریاری قەڵەم دامەزراوە، هەروەها لە ساڵی ١٢٩١ رەبیعی کۆتایی ٢٨، واتە ١ حوزەیران ١٢٩٠ بە مووچەی ٣٥ قوروش، هەروەها لە ساڵی ١٢٩٢ جەمادی یەکەم ٩، واتە ١ حوزەیران ١٢٩١ بە ١٠ قوروش و ساڵی ١٢٩٣ سەفەر ١٧، واتە ١ مارت ١٢٩٢ بە ٢٠ قوروش و ١٥ تەمموز ١٢٩٢ بە ٢٦٠ قوروش بە زیادەی ١١٠٠ قوروش گوازراوەتەوە بۆ نووسینی خەرجی، هەروەها لە ساڵی ١٢٩٣ زیلقەعدە ٢٦، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٢٩١ بە مووچەی پێشوو بە زیادەی ٦٠٠ قوروش و ساڵی ١٢٩٦ رەمەزان ٢٦، واتە ١ ئەیلوول ١٢٩٥ مووچەی ١١٤٠ قوروشی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٣٠٠ جەمادی یەکەم ٤، واتە ١ مارت ١٢٩٩ لە ویلایەتی موسڵ بە ٦٠ قوروش، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٦ رەبیعی کۆتایی ٩، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٤ بە مووچەی ٢٠٠٠٠ قوروش لە شوێنی ناوبراو مانگانە ١٢٥ قوروشی وەرگرتووە، لە دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ ئەو تێبینیەی نووسراوەتەوە، لە نەزارەت بەهۆی خزمەتی باش و پارەمەتیەکانیەوە دەرچووە، ماوەی بەکار هێنان و بری مووچەکەی و خزمەتی باشی داواکاری لە ئەنجوومەنی کارگێری موسڵ ١٩ تەمموز ١٣٠٩ ژمارە ٦٠ لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانی پشت راست کراوەتەوە و هەڵگیراوە، لە ٣ شەعبان ١٣١٧ و ٢٤ تشرینی دووەم ١٣١٥.

هەواڵنامەی کتێب




| ŞD. | 974.67 | 11 سەفەر 1317 |
|---|---|---|

نەزارەتی خانەنشینی فەرمانبەر و سندوقی دوورخراوەکان
قەڵەمی نووسەر
ژمارە ٦٤٢١
قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر رەشید ئەفەندی مردووە، لەلایەن کچەکەی سەدیقە خانم داواکاری بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی مووچەی بۆ ببڕێتەوە، نووسراوی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ داواکارییەکە و خشتەی خزمەتی لە ژمێرپاری رێک خراوە و ووردبینی بۆ کراوە. ناوبراو کار و شوێنی کار و مێژووی دەستبەکاربوونەکانی لەگەڵ بری مووچەکەی تا رۆژی مردنی لە ١٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٠ لە بریارنامەی خانەنشینی بە پێی ماددەکانی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ مووچەی ١٣٦ قوروشی بۆ دیاری کراوە، بە پێی ماددەی ٣٥ لە سندوق رەزامەندی وەرگرتنی ئەو مووچەی بۆ دراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١١ سەفەر ١٣١٧ و ٨ حوزەیران ١٣١٥.




هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>I. DH.</td><td>1375.6</td><td>24 زیلحیجه 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ لە ٢ نیسان ١٣١٦ ژمارە ٤٣٣ سەیر کراوە<br>لـە ویلایـەتی بەغـداد قائیمقامـی خانەقیـن مسـتەفا سالم ئەفەنـدی لەگـەڵ قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵـلا بـەگ بەیەکـەوە داواکاری گۆرینەوەیـان بـۆ ویلایـەتی موسـڵ نـاردووە، دوای پێداچوونـەوە، بـە پێـی وەڵام کـە بـە رێگـەی تەلەگرافنامـە هاتـووە، رەزامەنـدی لەسـەر دراوە، دوای ووردبینـی لەسـەر ناوبـراوان بەهـۆی خزمـەتی پێشـوویان لەگـەڵ ئـەوەی هەندێـک گلەیـی و سـکاڵا لەسـەریان هەیـە، بـەڵام دەرکەوتـووە ئەوانـە خەتابـار نیـن، بۆیـە ئێسـتا لـە گۆرینـەوەی شـوێنی کارەکەیـان هیـچ کێشـە نییـە و رەزامەنـدی دراوە، بۆ ئەم مەبەسـتە نووسراویـان نێـردراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢٤ زیلحیجـە ١٣١٧ و ١١ نیسـان ١٣١٦.<br><br>- بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>بـە مەبەسـتی گۆرینـەوەی شـوێنی کارەکانیـان لـە ویلایـەتی بەغـداد قائیمقامـی قـەزای خانەقیـن مسـتەفا ئەفەنـدی هەروەهـا لـە ویلایـەتی موسـڵ قائیمقامـی هەولێـر عەبدوڵـلا بەگ بانـگ کـراون، بە پێـی داواکاری نـەزارەتی ناوەخـۆ، لەگـەڵ زانیـاری ناوبـراوان بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، ٦ موحـەرەم ١٣١٨ و ٢٢ نیسـان ١٣١٦.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| 14 موحەررەم 1317 | 2206.62 | DH. MKT. |
|---|---|---|


بۆ ویلایەتی موسڵ
١٤ موحەررەم ١٣١٧
١٣ مایس ١٣١٥

پێشەکی ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری لە قەزای هەولێر لە گوند و لە کاری دە یەک (عشر) کاری بەد و گەندەڵی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و لە کارەکەی لادراوە، سەید عەبدوڵلا ئاغا خودی خۆی ئەو زوڵم و دەستدرێژییەی کە کردوویەتیە سەر عەشیرەتەکەی، لە داهاتی خەزینە دیاری کراوە، لەبەر ئەوەش بەم دواییە ناوبراو پاراوەتەوە بۆ ئەوەی بە ئەندام هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو ووتانەی کە لە سەری هەیە، بۆ ئەندامیەتی هەڵنەبژێردراوەتەوە، لە قەزای هەولێر سەرکردەی عەشیرەتی گەردی عەبدوڵلا نیشتەجێیە، بە مۆری خۆی داوانامەی لە ١٦ کانوونی دووەم ١٣١٤ لەگەڵ نوسراو پێشکەش کردووە، نووسراوی ناوبراو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە پێشکەشی وەکیلی قائیمقامی قەزای هەولێر سەید عەبدوڵلا ئاغا کراوە، بێگومان بە مەبەستی بریندار نەکردنی و دووبارە لێکۆڵینەوە داواکارییەکە نێردراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2247.37 | 9 جةمادى يةكةم 1317 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە<br>٩ جەمادی یەکەم ١٣١٧<br>٢ ئەیلوول ١٣١٥<br>مستەفا ئەفەندی خەڵکی قەزای هەولێرە باری بژێوی ژیانی خراپە، توانای نەماوە، لەبەر هەژاری، ئەگەر بکرێت نەزارەتی عالییە کارێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 2251.21 | 20 جەمادی یەکەم 1317 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ و نەزارەتی دارایی
٢٠ جەمادی یەکەم ١٣١٧
١٣ ئەیلوول ١٣١٥
لە خەزینەی جەلیلە لە مامەڵەی باجدا کردەوەی زیان بەخشیان ئەنجام داوە، بۆ ئەم مەبەستە لە قەزای هەولێر سەر بە سەنجەقی کەرکوک لە ناحیەکانی دیزەیی و بەرانەتی فەرمانبەری پێشووی باج محەمەد موخلیس و محەمەد رەشید ئەفەندی لە دادگاییکردنیان بە بریار نامە بریاری لەسەر دراوە، لە ویلایەتی موسڵ لە ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری دراوەتە دەستەی تاوانبارکردن (هیئە اتهامیە)، کە لە کەرکوک لەلایەن بەرێوەبەری باج بۆ پێداچوونەوە داوای پێشکەش بە دادگای پێداچوونەوە سەر بە شورای دەوڵەت کردووە.


هەوالنامەی کتێب


| DH. MKT. | 2260.12 | 17 جەمادی کۆتایي 1317 |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
١٧ جەمادی کۆتایی ١٣١٧
١٠ ئەیلوول ١٣١٥
قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا موخلیس بەگ بەهۆی باش نەبوونی باری تەندروستی، داوای گۆرینەوەی کردووە، لەگەڵ یەکێک لە قائیمقامیەتەکان، بە پێی راپۆرتی پزیشکی لە ناو ویلایەتی موسڵ لەگەڵ یەکێک لە قائیمقامەکانی ناو موسڵ گۆرینەوەی پێ بکرێت.




| .DH. MKT | 2262.71 | 23 جەمادی کۆتایی 1317 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی پۆلیسی باڵا
٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣١٧
١٦ تشرینی یەکەم ١٣١٥
لە قەزای هەولێر کە سەر بە ویلایەتی موسڵە، ئیساق هارون ئەفەندی لە شارەوانی پزیشکی دامەزراوە، لەبەر هەندێک نەخۆشی جەستەیی داوای کردووە دانەمەزرێت، بەڵام لە حاڵی حازر دوای پشکنین ئەنجامەکەی دەرکەوتووە هیچ شتێکی نییە، بۆیە بە پێی بریار دەبێ بچێتە سەر کارەکەی و هەروەها بە پێی ڕێنماییەکان ١٥٠ لیرەی عوسمانی بۆ نێردراوە، لە نەزارەتی ئۆفیسەکانی گشتی سەربازیش بە مێژووی ٢٥ ئەیلوول ١٣١٥ ژمارە ١٢٦ نووسراو هاتووە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 2275.16 | 20 رەجەب 1317 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ئۆفیسەکانی گشتی شاهانە<br>٢٠ رەجەب ١٣١٧<br>١١ تشرینی دووەم ١٣١٥<br>لە قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ شارەوانی پزیشکی بە پێی نووسراوی ٢٥ ئەیلوول ١٣١٥ بە ژمارە ٣٢٦ هاتووە ئیساق هارون ئەفەندی لە قەزای ناوبراو دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەی رازی نییە بچێتە شوێنی کارەکەی، بە پێی نیزامنامەی تەندروستی ١٥٠ لیرەی عوسمانی رادەستی ئۆفیسی پزیشکی شاهانە کراوە، بە پەیوەندی کردن بە نەزارەتی پۆلیس وەڵام دراوەتەوە بە مێژووی ٢٧ تشرینی یەکەم ١٣١٥ ژمارە ٩٠٩ ئاماژەی پێ کراوە، داوا کراوە کەسێکی تر لە شوێنی ناوبراو دابمەزرێت. | | |



| .DH. MKT | 2292.53 | 29 شەعبان 1317 |
| --- | --- | --- |


بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٩ شەعبان ١٣١٧
٢٠ کانوونی یەکەم ١٣١٥
بەهـۆی ئـەوەی دە یەکـی (اعشـار)ی گونـدەکان بـە پشـت بەسـتن بـە پیـاوەکانی عەبدولـرەزاق، لەلایـەن تەهـازادە عەبـۆ بەیەکـەوە پارەیـان دزیـوە و بـە نییـەتی کوشـتن، ترسـان دوویانـە، لەبـەر ئـەوە لـە دادگا لەسـەر ئەوانـە داواکاری بـەرز کراوەتـەوە و بریـاری دەسـتگیرکردنیان دەرچـووە، کەچـی بریارەکـەی دادگا جێبەجـێ نەکـراوە، بـەم نیـازە دانیشـتووی هەولێر مـەلا سـەعدوڵلازادە سـەعید داواکاری ناردووە بـە ئەوەی بـە سـزادانیان مـافی خـۆی وەربگرێتـەوە.



هەوالنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 2321.3 | 19 زیلحیجة 1317 |

بۆ سەدارەتپەناهی
١٩ زیلحیجە ١٣١٧
٧ مارت ١٣١٦
بەهۆی چڕی باران و زۆری ماوەکەی، رووباری دیجلە و رووباری زاب کە دەکەوێتە نێوان کەرکووک و هەولێر هەڵساوە و ئەگەر زیانی بە یەکەمیش نەگەیاند بێت ئەوا دووەمیان قەسەبەی ئاڵتون کۆپری زیاتر لە ٢٠٠ خانە و دوکان و شوێنی تری تێک داوە، ئەلحەمدولیللا زیان بە دانیشتووانی نەگەیاندووە، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی موتەسەرفی کەرکووک، فەرمانبەر نێردراوە بۆ ئەوەی ئەوانەی ماونەتەوە لە شوێنێکی گونجاو نیشتەجێ بکرێن، هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر زیانەکان بکرێت، هەر کە وەڵام هات ئەوا زانیارییەکان بدرێنە ویلایەتی موسڵ ئەوانیش بە رێگەی تەلەگرافنامە بدرێتە سەدارەتپەناهی، هەروەها بۆ باشتر کردنی بژێوی دانیشتوانەکەی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان دەست بە کار بن.



هەولێرنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>2332.21</td><td>15 زيلحيجه 1317</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەتپەناهی<br>١٥ زیلحیجە ١٣١٧<br>٢ نیسان ١٣١٦<br>لە ویلایەتی بەغداد قائیمقامی خانەقین مستەفا سالم ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا سەر بە ویلایەتی موسڵ لە بارەی گۆڕینەوەی کار و شوێنی کارەکانیان، ئەو داواکاریەی کە بە هاوبەشی ناردوویانە سەبارەت بە گۆڕینەوەیان، بە ڕێگەی تەلەگرافنامە نێردراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کێتی

| | | |
|---|---|---|
| MF.MKT. | 466.29 | 18 سەفەر 1318 |

- بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئۆفیسی دواناوەندی لە ویلایەتی موسڵ
لە مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ساڵی ١٣١٥ ژمارە ٣ وەڵامی داواکاریە، لە بارەی گۆڕینەوەی شوێنی مەکتەبەکانی روشدیە ئەوا ناکرێت، مامۆستای رەواندز ئەسعەد ئەفەندی کە ناوی تۆمارکراوە کەچی لە خزمەتی ناوبراو عەلی ئەفەندی لە شوێن ئەوە، لەبەر ئەوە لە مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ساڵی ١٣١٥ کە ناوبراو بوونی نییە، بەڵام لە داواکاری مێژووی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣١٥ عەبدولکەریم ئەفەندی مامۆستای مەکتەبی روشدیە لە کاغەزی ناوبراو کە ناردوویەتی لە ئەنجوومەن باس دەکرێت.

- بۆ نەزارەتی مەعارفی گشتی
لە وەڵامی ئەنجوومەنی گەورەی مەعارف هاتووە لە ژمارە ١٩ مێژووی ٢ ئەیلوول ١٣١٥ بە پێی فەرماننامەی عالی لەبەر هەندێک هۆکاری قەدەغەکراو مامۆستاکانی هەولێر و رواندز گۆڕینەوەیان ناگونجێت، لەگەڵ ئەوەی مامۆستای رواندز بە ناوی ئەسعەد ئەفەندی تۆمارکراوە، کەچی لە شوێن ئەو عەلی ئەفەندی بەکاردەهێنرێت، هەروەها مامۆستای هەولێر عەبدولحەکیم ئەفەندی لە نووسراوی ناوبراو فەرمان و رەزامەندی دراوە، هەرچی مەسەلەی مامۆستای رواندزە لە مەکتەبی خودنجود و موفتی خانەی قەزای رواندز دامەزراوە، لەبەر ئەوەی وەکو موفتی ئەندامە لە ئەنجوومەنی کارگێری قەزا، ناتوانی لە مەکتەب درێژە بە کارەکەی بدات، بۆیە لە شوێنی ئەو شێخ عەلی دانراوە، هەروەها لە فەرمانی عالی لە نەزارەتی پەناهی ژمارە ٣ لە مێژووی ٨ شوبات ١٣٠٩ رەزامەندی دراوە، فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ١٣١٧ و ٩ تشرینی یەکەم ١٣١٥.
بەڕێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی لە وەکیلی بەڕێوەبەری مەعارفی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .MF. MKT | 502.20 | 12 شەوال 1318 |


- مەکتەبی روشدیە لە هەولێر بۆ نۆژەن کردنەوە و دروست کردنی مەکتەبی سەرەتایی بەیەکەوە رسوماتی تێچووەکەی بۆ بەرێوەبەرایەتی مەعارفی موسڵ بە وەکالەت نێردراوە.

- بۆ نەزارەتی مەعارف
بۆ نۆژەن کردنەوەی مەکتەبی روشدیەی هەولێر بۆ بەرێوەبەرایەتی مەعارف بە وەکالەت داواکاری ١٦ تەمموز ١٣١٦ ژمارە ٣٤ پێشکەش کراوە، لە ١٦ ئەیلوول ١٣١٦.
وەکیلی والی موسڵ / نائیب سەعید

- بۆ ئەنجوومەنی کارگێری
مەکتەبی روشدیە لە هەولێر پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیە، بە پێی دەرخستن و نووسراوی دەرخستن لە داواکاریەکەیان دیاری کراوە ٨٨٥٠ قوروشی پێویستە، دەرخستنی ناوبراو لە فەرمانگەی ناوبراو جێگیر کراوە، لە ١٥ حوزەیران ١٣١٦.



هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

| .MF. MKT | 541.16 | 9 شەعبان 1318 |
| --- | --- | --- |

- تەلەگراف نامە

بۆ نەزارەتی مەعاریف

لە قەسەبەی هەولێر مەکتەبی روشدیە وێران بووە، لە رێگەی خەڵکەوە پارە کۆکراوەتەوە، مەکتەبەکە نۆژەن کراوەتەوە، لەگەڵ ئەویش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، ئەمجارە هەردووکیان بەیەکەوە کراونەتەوە، لە ١٢ تشرینی دووەم ١٣١١.

والی موسڵ / حازم

- بابی عالی

فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ


بۆ نەزارەتی مەعاریف

لە قەسەبەی هەولێر مەکتەبی روشدیە وێران بووە، لە رێگەی خەڵکەوە پارە کۆکراوەتەوە، مەکتەبەکە نۆژەن کراوەتەوە، لەگەڵ ئەویش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، ئەمجارە هەردووکیان بەیەکەوە کراونەتەوە، لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ لە رێگەی تەلەگرافنامە هەواڵی ناردووە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٩ شەعبان ١٣١٨ و ١٨ تشرینی دووەم ١٣١٦.

نازری کاروباری ناوەخۆ




هەواڵنامەی کتێب


باب عالی
دائرهٔ صدارت
آمدی دیوان همایون
٢٣٧١
I.DH. 1380/10 /1318.Ş/30
14


هەواڵنامەی کتێب

| 8 شةعبان 1318 | 1380.10 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
٢٣٧١
لـە ویلایـەتی بەغـداد لـە بـارەی گواسـتنەوەی قائیمقامـی قـەزای هندییـە راسـخ ئەفەنـدی بـۆ هەولێـر و قائیمقامـی قـەزای هەولێریـش مسـتەفا سـالم بـۆ دلیـم، هەروەهـا قائیمقامـی دلیـم ئەدیـب ئەفەنـدی بـۆ قائیمقامـی هندیـە نـووسراو لە نـەزارەتی ناوەخـۆ لەگەڵ داواکاری قۆمیسـیۆنی خزمـەتی فەرمانبـەر رێکخراوە لەگـەڵ وەرگێـرانی نـووسراو بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە خەلافەتپەناهـی رەزامەنـدی لەسـەر بـدات جێبەجـێ دەکرێـت، لـە ٨ شـەعبان ١٣١٨ و ١٨ تشرینـی دووەم ١٣١٦.
سەدری ئەعزەم


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1496 112179

| BEO. | 001496.112179 | 4 سەفەر 1318 |
|---|---|---|
| ٤ سەفەر ١٣١٨<br>٢٠ مایس ١٣١٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>قائیمقامی قەزای خانەقین مستەفا سالم ئەفەندی لەگەڵ قائیمقامی هەولێر عەبدوڵلا بەگ بۆ گۆرینەوەی شوێنی کارەکانیان بە بریاری قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر لە مێژووی ١٥ زیلحیجە ١٣١٧ ژمارە ٤٣٣، هەروەها رەزامەندی پاشا لە مێژووی ١ سەفەر ١٣١٨ جێبەجێ دەکرێت. | | |





<table>
<tr><td>.BEO</td><td>001597.119741</td><td>23 شەعبان 1318</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ شەعبان ١٣١٨<br>٣ کانوونی یەکەم ١٣١٦<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە ویلایەتی بەغداد قائیمقامی قەزای هندیە راسخ ئەفەندی بۆ هەولێر، قائیمقامی قەزای هەولێر مستەفا سالم ئەفەندی بۆ دلیم و قائیمقامی قەزای دلیم ئەدیب ئەفەندی بۆ قەزای هندیە، ئەرکی کارەکانیان دەگۆردرێنەوە، بە نووسراوی ٢٣ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨ ژمارە ٢٣٨، هەروەها لە سەر داواکاری نەزارەتی قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەر بە مێژووی ٢٠ شەعبان ١٣١٨ و رەزامەندی پاشا جێبەجێ دەکرێت.</td></tr>
</table>




| | | |
|---|---|---|
| 11 ڕەبیعی کۆتایی 1318 | 2386.30 | DH. MKT. |

بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد
١١ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٢٥ تەمموز ١٣١٦
سەبارەت بە گۆڕینەوەی شوێنی کاری قائیمقامیەتی هەولێر و خانەقین، ئەوا عەبدوڵلا بەگ و مستەفا سالم ئەفەندی شوێنەکەیان گۆڕیوەتەوە، لەگەڵ دەست بەکاربوونیان مانگانە ١٥٠٥ مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە.


هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 2399.123 | 11 جەمادی یەکەم 1318 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی دارایی
١١ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٦
محەمەد ئەسعەد ئەفەندی لە هەولێر نیشتەجێ بووە بە پێی ئەو داواکارییەی پێشکەشی کردووە، داوا دەکات لە قەزای ناوبراو مووچەکەی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ٢٢ تەمموز ١٣١٦ ژمارە ٥٠ هاتووە.



هەولێرنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2400.25 | **11 جەمادی یەکەم 1318** |
|---|---|---|


بۆ سەدارەت پەناهی
١١ جەمادی یەکەم ١٣١٨
٢٤ ئۆغستۆس ١٣١٦
قائیمقامی پێشووی قەزای هەولێر عەبدوڵڵا بەگ گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی خانەقین، لە قەزای ناوبراو لە ساڵی ١٣١٥ لەبەر ئەوەی بە گەندەڵی تۆمەتبار کراوە بەوەی دەستکاری دە یەکی (اعشار) ی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، نوسراوی ناوبراو لەم بارەیەوە بە مێژووی ٢٢ تەمموز ١٣١٦ ژمارە ٤٩ لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و نێردراوە.



هەوالنامەی کتێب


| 7 رەجەب 1318 | 2423.9 | .DH. MKT |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵ
٧ رەجەب ١٣١٨
١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٦
لـە سـەر فەرمانی سـەروو خەریکـە لە هەولێر نیشـتەجێ ببێت، بەپێـی نـووسراوی بەڕێوەبەرایـەتی ئەمنیەت (نظـارت ضبطیـة) محەمـەد ئەسـعەد ئەفەنـدی بـۆ دابینکـردنی مووچەکـەی لـە مێـژووی ٢٢ تەممـوز ١٣١٦ ژمـارە ٥٠ لـە خەزینـەی جەلیلـە لـە مووچـەی دەسـتکورتان لـە شـێخەکانی هەولێـر ئەسـعەد ئەفەنـدی تـا لـە ژیـان مـاوە مانگانـە ٤٥٠ قـوروشی بـۆ دەبرێتـەوە، هەروەهـا لـەم پارەیـەدا بـۆ نـانی دەروێـش و هەژارەکانیـشی ٢٠٠ قوروشـە، تـا کۆتایـی سـاڵی ١٣١٦ ڕێکخسـتنی بـۆ کـراوە، هـەروەک نووسراوەتـەوە، هەر چەنـدە خـواردن لەسـەر ناوبـراو نییـە، هـەروەک نووسراوەتـەوە تەنیـا مووچەکـەی ١٥٠ قوروش لەم سـاڵەوە لـە سـەرەتای مایسـەوە لـە داهـاتی سـەنجەقی موسڵ دەدرێـت لـە دەفتـەرداری ویلایـەت جێگیر کـراوە، لە وەڵامـی نـەزارەتی داراییـش بـە مێـژووی ١٢........ ژمـارە ٧٥٨ نووسراوەتـەوە.



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 2425.25 | 12 رەجەب 1318 |
| --- | --- | --- |
| بۆ سەدارەت پەناهی<br>١٢ رەجەب ١٣١٨<br>٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦<br>لە ئەشرافی قەزای هەولێر دۆغرامەچیزادە عەلی ئاغا بۆ پلەی قەپوچی باشی رێزی لێ گیراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ بە نووسراوی مێژووی ٧ ئەیلوول ١٣١٦ پێشکەش کراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب


| .DH. MKT | 2425.63 | 12 رەجەب 1318 |
|---|---|---|

بۆ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی خزمەتی فەرمانبەرانی
١٢ رەجەب ١٣١٨
٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦
لـە مێـژووی ٣٠ ئەیلـوول ١٣١٦ ژمـارە ٩ وەڵامـی نـووسراو، هەرچەنـدە دووبـارە رەزامەنـدی دراوە کـە قائیمقامـی خانەقیـن عەبدوڵـڵا بـەگ دووبارە بچێتـەوە دلیم، قائیمقامی هندیـە راسخ و قائیمقامی هەولێر مستەفا سالم و قائیمقامـی دلیـم ئەدیـب ئەفەنـدی بگۆردرێنەوە، بۆ ئەمـەش لە ویلایـەتی بەغـداد داواکاری و تەلەگراف نێـردراوە، قائیمقامـی هندیـە بـۆ هەولێـر بچێـت و لـە مەرکـەزی لیـوا کـە کەرکووکـە لەگـەڵ خێزانەکـەی لـەوێ چـاوەڕێ بـکات. بـۆ ئەمـەش لـە ویلایـەتی موسـڵ تەلەگرافنامە هاتـووە، ئـەوانی تریش کە ناویـان هاتـووە بچنـە ئـەو شـوێنە نوێیانـەی کـە بۆیان دیـاری کـراوە، لە شـوێنی خۆیـان نەمێننـەوە، چونکە زیـانی دەبێـت، هەرچـی عەبدوڵـڵا بـەگ لـە خانەقیـن بمێنێتـەوە، قائیمقامـی هندیـە راسخ ئەفەنـدی بچێتە هەولێـر و قائیمقامـی هەولێـر مسـتەفا سالم ئەفەنـدی بـۆ دلیـم و قائیمقامـی دلیـم ئەدیـب ئەفەنـدی بـۆ هندیـە بگوازرێنـەوە ئەمـەش لـە هەمـان داواکاری و تەلەگـراف ئاماژەی پـێ کـراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH. MKT. | 2431.84 | 3 شەعبان 1318 |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>٣ شەعبان ١٣١٨<br>١٣ تشرینی دووەم ١٣١٦<br>وەڵامی تەلەگرافی مێژووی ١٧ تشرینی یەکەم ١٣١٦ قائیمقامی هیندیە راسخ ئەفەندی بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر مامەڵەی دامەزراندنی دەستی پێکردووە. | | |




| | | |
|---|---|---|
| DH. MKT. | 2433.80 | 9 شةعبان 1318 |

بۆ نەزارەتی مەعارف
٩ شەعبان ١٣١٨
١٨ تشرینی دووەم ١٣١٦
لە قەسەبەی هەولێر بەهۆی ئەو پارەیەی کە لەلایەن خەڵکەوە کۆکراوەتەوە مەکتەبی روشدییەی پێ نۆژەن کراوەتەوە، جگە لەمەش مەکتەبێکی سەرەتایی دروست کراوە، بەمەش وێنەی لە تەواو بوونی هەردوو مەکتەب خەلافەتپەناهی ئاگادارە، هەروەها نووسراو بە مێژووی ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.




هەوالنامەی کتێب

| .DH. MKT | 2437.32 | 18 شەعبان 1318 |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی موسڵ<br>١٨ شەعبان ١٣١٨<br>٢٨ تشرینی دووەم ١٣١٦<br>لە قەزای هەولێر نووسەری ناسنامە حوسین تەحسین ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە لە شوێنی ئەو عەبدولقادر ئەفەندی بە نووسراوی ٣٠ ئەیلوول ١٣١٦ دامەزراوە، هەروەها لە مێژووی دەست بەکاربوونیەوە مانگانە ١٢٥ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، ئەمەش بە پێی ووتەی ژمێریاری جێبەجێ کراوە. | | |




| 23 زیلحیجة 1318 | 2471.65 | .DH. MKT |
|---|---|---|

بۆ موسڵ
بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر
راسخ ئەفەنـدی بـە قائیمقامـی قـەزای هەولێـر دامـەزراوە، هـەر لەگـەڵ ڕۆیشـتنی بـۆ شـوێنی کارەکـەی و دەسـت بەکاربـوونی مانگانـە ١٥٧٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دەبردرێتـەوە، هەروەهـا بـە پێـی ڕێنماییـەکانی فەرمانرەوایـی هـەر لەگـەڵ مێـژووی دەسـت لـە کارکێشـانەوەی خەرجـی رێـگا و منـداڵ کە ٥٢٨ قوروشـە لە سـەدا پێنجـی لـە سـندوقی بـابی عـالی دەنێردرێـت، هەروەهـا لەگـەڵ ڕێکخسـتنی خشـتەی خەرجـی لەگەڵ خەرجـی رێـگا لـە ژمێریـاری نـووسراوە.





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>13 جەمادی یەکەم 1319</td><td>001710.128241</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی<br>١٣ جەمادی یەکەم ١٣١٩<br>١٤ ئۆغستۆس ١٣١٧<br>سـەید عەبدولمەجید ئەفەنـدی لـە هەولێـر نیشـتەجێیە و یەکێکـە لـە زانـاکانی سـلێمانیە، نـووسراو لـە ویلایـەتی موسـڵ بـۆ نـەزارەتی ناوەخـۆ بـە مێـژووی ١٢ جەمـادی یەکـەم ١٣١٩ ژمـارە ٢٤٥١ نێـردراوە، کـە مووچـەی ناوبـراو کۆتایـی پـێ هاتـووە و ماوەکـەی تـەواو بـووە.</td></tr>
</table>




| BEO. | 001851.138769 | 11 سەفەر 1320 |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>١١ سەفەر ١٣٢٠<br>٦ مایس ١٣١٨<br>وەکیلی پیشووی قائیمقامی قەزای هەولێر سلێمان قەدەم بەگ، بە پێی بریار نامە ١٩٦ قوروش مووچەی بۆ براوەتەوە، بە بریاری شورای دەوڵەت، نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دوورخستنەوە، ئاگادار کراوەتەوە. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1867 | 140000 | 2

هەواڵنامەی کتێب

| .BEO | 001867.140000 | 5 ڕەبیعی یەکەم 1320 |
|---|---|---|

- بۆ نەزارەتی دارایی
٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠
٢٩ مایس ١٣١٨
نووسراوی سەروو بۆ نەزارەتی دارایی بە مەبەستی جێبەجێ کردنی.
لە ساداتی سلێمانی مەجید ئەفەندی لە هەولێر نیشتەجێ بووە و خەریکی بەدەست هێنانی زانستە مووچەکەی ١٠٠ قوروشە.

- نەزارەتی کاروباری دارایی
قەڵەمی نووسەر / ژمارە ٦٩٣
مەجید ئەفەندی لە ساداتی سلێمانیە لە هەولێر نیشتەجێیە و بە وەرگرتنی زانست خەریکە، بۆ داواکردنی مووچە نووسراو پێشکەشی ویلایەتی وان کراوە، لە مێژووی ٢ ئۆغستۆس ١٣١٧ ژمارە ١٨٣١ بە فەرمانی پاشا باس کراوە، ناوبراو لە خەزینە و لە سەنجەقی کەرکووک مانگانە ١٨٠ قوروش مووچەکەیەتی، هەروەها نووسراوەتەوە، مووچەی ناوبراو لە مووچەی دەستکورتان ١٠٠ قوروش زیاد دەکرێت و دەبێتە ٢٨٠ قوروش، ئەم بڕیارەش نێردراوەتە ژمێریاری گشتی و قسەی لەسەر کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠ و ٢٨ مایس ١٣١٨.
نازری دارایی




هەواڵنامەی کتێب

| .DH. SAID | 00127.00059 | 25 رەبیعی کۆتایی 1321 |
|---|---|---|

لاپەرە ١١٥
تۆماری گشتی
عەبدولفەتاح ئەفەندی کوڕی مردوو ئەحمەد ئاغی هەولێریە.


لە ساڵی ١٢٧٥ موحەررەم، ئۆغستۆس ١٢٧٤ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری عوسمانیدا ناوی تۆمار کراوە.

لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان سەرەتا زانست و عەرەبی و فارسی خوێندووە، بەم زمانانە دەتوانێ قسە بکات.

١٢٩١ ساڵی کۆچی واتە ١٢٩٠ لە قەزای ناوبراو لە قەزای ناوبراو لە قەڵەمی ژمێریاری هاتووە، چۆتە ویلایەتی حەلەب، لەوێ لە فەرمانگەی باج ساڵی ١٢٩٢ جەمادی کۆتایی ١٧، واتە ١ تەمموز ١٢٩١ بە ٢٠٠ قوروش مووچە لە ویلایەتی ناوبراو لە دووەم فرقە دامەزراوە، دیسان ناوبراو لە زیلحیجە ١٤، واتە ٣٠ کانوونی یەکەم ١٢٩١ بە ٢٥٠ قوروش لە فرقەی ناوبراو پلەی بەرز بۆتەوە بەهۆی خزمەتەکانیەوە لە ویلایەتی ناوبراو بەهۆی کۆتایی هاتنی کارەکەیەوە، چونکە فرقەکان بەرەو ویلایەتی دیار بەکر رۆیشتوون، لەبەر ئەوە ساڵی ١٢٩٥ رەجەب ١٣، واتە ١ تەمموز ١٢٩٤ بە مووچەی ٤٥٠ قوروش لە فرقەی چواردەی سەیارە بە هەمیشەیی دامەزراوە، لە زیلحیجە ١٧، واتە تشرینی دووەم ١٢٩٤ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ١٢٩٦ زیلقەعدە ١٦، واتە ١٩ تشرینی یەکەم ١٢٩٥ چۆتە ناو ئەرکی شەرعی سەربازی بە تەواوبوونی ماوەی ئەرکەکەی بە لایەنی یەدەگ دەرچووە، ساڵی ١٣٠٥ شەعبان ٢، واتە ١ نیسان ١٣٠٤ بە مووچەی ١٢٥ قوروش لە قەزای کۆی سانجەق لە نوسینی ناسنامە دامەزراوە، هەروەها ١٣٠٨ رەمەزان ١٨، واتە ١٥ نیسان ١٣٠٧ دەستی لە کار کێشاوەتەوە.

ساڵی ١٣١٢ زیلحیجە ٢٨، واتە ١٠ حوزەیران ١٣١١ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش لە ویلایەتی موسڵ لە فرقەی دووەمی سەیارە دامەزراوە، لەوێ بە مووچەی ٣٠٠ قوورش گواستراوەتەوە قەزای رانیە بۆ نووسینی باج تا ١٣١٤ رەبیعی یەکەم ٣، واتە تەممووزی ١٣١٢ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، دیسان ناوبراو لە رەبیعی کۆتایی رۆژی ٥، واتە ١ ئەیلوول ١٣١٢ لە کارەکەی دەست بەکار بووە، لە سەنجەقی سلێمانیە لە فرقەی دوو هەروەها لە لیوای ناوبراو بە وەکالەتی ژمێریاری لە لای موتەسەرف لەگەڵ نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی باج تێبینی نووسراوەتەوە، لەگەڵ نەزارەتی دارایی ئەرکەکەی گونجاو نیشان دراوە، بە پێی نووسراوی خزمەتی ناسنامە و سەربازی پێشووی ئەو ماوەیەی کار و بڕی مووچە و هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەی هەموو کاغەز و نووسراوەکانی لە کارگێری ناوبراو هەڵگیراوە، ٢٥ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٤ و ٥ حوزەیران ١٣٢٢.

(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٢٦)



سجل عمومی

صحیفه ۱

عبدالفتاح افندی    اربیللی متوفی احمد آغانک اوغلی

بیک ایکی یوز یگرمی سنه‌سی محرمنده اربیل قصبه‌سنده تولد ایلدیکی ذکور عثمانیه جریده‌سی مصدقه‌سنده محرردر.

محل مذکور صبیان مکتبنده مقدمات علوم عربیه و فارسیه اوقودیغی و تورکجه ایله تکلم ایتدیکی ترجمه حال ورقه‌سنده مندرجدر.

[illegible]

استعفاءً انفصال ایتمشدر.

[illegible]

وادارهٔ مذکوره نفس قید و صحیفه اصل ترجمه حال ورقه‌سیله محفوظدر.


۲۵ ربیع الاول ۳۰۶ و ۱۵ تشرین ثانی ۳۰۴

(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٢٥)



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>002228.167042</td><td>9 رەمەزان 1321</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>٩ رەمەزان ١٣٢١<br>١٦ تشرینی دووەم ١٣١٩<br>قـەزای حـارم لـە ویلایـەتی حەلـەب قائیمقـام ئەحمـەد لەتیـف ئەفەنـدی دوور خراوەتـەوە و لـە بـارەی دامەزرانـدنی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای هەولێـر راسـخ ئەفەنـدی لـە شـوێنی ئـەو، نـووسراوی مێـژووی ١٩ رەمـەزان ١٣٢١ ژمـارە ٤١٣٣ بـە بریـاری قۆمسـیۆن، لـە مێـژووی ٨ رەمـەزان ١٣٢١ پاشـا بریـاری داوە بـۆ جێبەجـێ کـردنی.</td></tr>
</table>


سجل عمومی

| 11 جەمادی کۆتایی 1323 | 00121.00142 | DH. SAID. |
|---|---|---|


لاپەرە ٣٨١
تۆماری گشتی
محەمەد ساڵح ئەفەندی کوڕی ئەحمەد ئاغایە
١٢٧٧ کۆچی لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
سەرەتا لە مەکتەبی سبیان وانەی زانستی ئایینی خوێندووە، هەروەها لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدیە وانەکانی بە شێوەیەکی رێکوپێک خوێندووە و بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
ساڵی ١٢٩٥ زیلقەعدە ٢٨ واتە ١١ تشرینی یەکەم ١٢٩٤ بە مووچەی ٢٣٥ قوروش لە قەزای هەولێر لە نووسراوی ئەنبار دامەزراوە، ساڵی ١٢٩٧ رەبیعی کۆتایی ٢ واتە ١ مارت ١٢٩٦ لە ئەرکی ناوهاتوو بە هەمیشەیی ماوەتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٠ زیلحیجە ٢٥ واتە ١٥ تشرینی یەکەم ١٢٩٩ بە مووچەی ٣٨٠ قوروش لە ویلایەتی بەغداد لە ناوەندی تەلەگراف و پۆستە دامەزراوە، ١٣١٠ سەفەر ١٤ واتە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٠٨ مووچەی گەیشتۆتە ٤٧٥ قوروش و لە ١٣١٢ موحەررەم ٢ واتە ٢٣ حوزەیران ١٣١٠ مووچەی بۆ ٥٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو هەروەها لە ١٣١٣ زیلقەعدە ٢٤ واتە ٢٥ نیسان ١٣١٢ بە هەمان مووچە لە مەندەلی، ساڵی ١٣١٥ موحەررەم ١٢ واتە ١ حوزەیران ١٣١٣ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش گوازراوەتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی ناوەندی تەلەگراف و پۆستەی رۆژئاوا.
تەلەگراف و پۆستەی ویلایەتی بەغداد لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی سەروو لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە بە رێگەی ئەرکەکەی لە کارەکەی بەردەوام بووە.
کارەکانی لە نەزارەتی ناوبراو لە تۆمار و ژمێریاری قەڵەمی وەکو یەکە، تۆماری ناسنامەی عوسمانی و وێنەیەک لە بروانامەی مەکتەب و لە نووسراوی ئەنبار خزمەتی پشتراست کراوەتەوە و لە نووسراوی ویلایەتی موسڵ ژمارە ١٠٨ لە مێژووی ١٩ حوزەیران ١٣٠٩ بەیەکەوە پارێزراوە، لە ٢٦ رەبیعی یەکەم ١٣٢٤ و ٧ مایس ١٣٢٢.
ناوبراو ١٣٢٣ جەمادی کۆتایی ١١، واتە ٣١ تەممووز ١٣٢١ مردووە و لە هۆبەی تۆماری تەلەگراف و پۆستە ٩ حوزەیران ١٣٢٣ تۆمارکراوە.

هەواڵنامەی کیب

| .DH. SAID | 00123.00114 | 20 جەمادی یەکەم 1324 |
| --- | --- | --- |

لاپەرە ٢٢٥
تۆماری گشتی
محەمەد سەلیم ئەفەندی کوڕی بازرگانی مردوو یونس بەگە و دانیشتووی هەولێرە.
ساڵی ١٢٩٠ کۆچی، واتە ١٢٨٩ لە قەزای ناوبراو لە دایک بووە.
لە بەغداد لە مەکتەبی سبیان پێشەکی زانست و لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی روشدیەی سەربازی بە بروانامە دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و قسە دەکات.
ساڵی ١٣٠٦ مانگی رەمەزانی شەریف ١٦، واتە ٤ مایس ١٣٠٥ هەروەها لە تەمەنی ١٦ دا بووە چۆتە فەرمانگەی سوپای هومایۆن لە هۆبەی یەکەم مووچەکەی نەدراوە، لە ساڵی ١٣٠٩ جەمادی یەکەم ١١، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٧ گوازراوەتەوە بۆ بەغداد لە نەزارەتی رەژی لە قەڵەمی نووسراو، هەروەها لە ١٣١١ مانگی شەوال ٢٥، واتە ١٩ نیسان ١٣١٠ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە ئەیالەتی کەرکووک لە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی لە نووسراوی سێیەم کاری کردووە، بەهۆی نەگونجانی لە ساڵی ١٣١٢ رەبیعی کۆتایی ١١، واتە ئەیلوول ١٣١٠ جیابۆتەوە، لە هەمان ساڵ جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣١٠ لە بەغداد چۆتە نەزارەتی دیوانی گشتی قەڵەمی نووسراو، لە زیلقەعدە ١٨، واتە ١ مایس ١٣١١ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش هەروەها لە قەڵەمی ناوبراو لەگەڵ هاورێکەی دامەزراوە، ناوبراو لە قەڵەمی ناوبراو بووە، چۆتە دەستەی لێکۆڵینەوە (هیئت تحقیقات) لە بەڕێوەبەرایەتی حلە، لە نەزارەتی ناوبراو بە هاورێیەتی باش کاتیبی بووە لە ژمێریاری، ٨٠٤ قوروش خەرجی رێگای بووە، لە نەزارەتی ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توانا و لێهاتوویی نووسراوەتەوە.
ناوبراو لە ٢ تەممووز ١٣١٠ لە نووسراوی عوسمانییە لە مەکتەبی روشدیە بە بروانامە دەرچووە، هەروەها لە نەزارەتی رەژی لە بەغداد بەهۆی خزمەتی باشی و لە کەرکووک لە بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی نووسراوی سێیەم بەرائەتی وەرگرتووە، لە ٥ و ٧ نیسان ١٣١٠ واتە ١ تشرینی یەکەم و وێنەی بروانامەکانی بەیەکەوە لکاوە.
١٣١٣ جەمادی کۆتایی ١٢، واتە ١٩ تشرینی دووەم ١٣١١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە بەڕێوەبەرایەتی کەربەلا نووسراوی دووەم پلەی بەرز بۆتەوە و لە هەمان ساڵ رەمەزانی شەریف ١٦، واتە ١٨ شوبات ١٣١١ تا شەوال ٢٧، واتە ٣٠ مارت ١٣١٢، مووچەی ٥٥ قوروشی وەرگرتووە، بە دانانی لە ئەرکەکەی جێبەجێ کراوە.
١٣١٤ ناوەراستی موحەررەم، واتە مایس ١٣١٢ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ٢٩ حوزەیران ١٣٢٢ و ٢٠ جەمادی یەکەم ١٣٢٤.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٠)
هەواڵنامەی کتێب





(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٢٩)


| .DH. SAID | 00123.00201 | 10 شەعبان 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ٣١٦
تۆماری گشتی
محەمەد رەشید روشدی ئەفەندی کوری نازری ناسنامەی ویلایەتی موسڵی مردوو عەلی یاوەرە.
ساڵی ١٢٨٤ کۆچی، واتە ١٢٨٣ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە و لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
لە ویلایەتی موسڵ لە مەکتەبی سەرەتای زانست و لە مەدرەسەی سەرەتایی کەمێک عەرەبی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی قسە دەکات، جگە لەمەش ئاشنای زمانی تورکیە و دەتوانێ بنووسێتەوە و بخوێنێتەوە.
ساڵی ١٢٩٨ کۆچی، واتە ١٢٩٧ لە ویلایەتی موسڵ چۆتە قەڵەمی دادگای سەرەتایی، ساڵی ١٣٠١ شەوال ٢٩، واتە ١ ئەیلول ١٢٩٨ بە مووچەی ٢٢٥ قوروش لە قەزای عەمادیە لە دادگای سەرەتایی لە نووسراوی دووەم دامەزراوە، لە هەمان ساڵ زیلقەعدە ١٦، واتە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٠٠ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای سەرەتایی لە نووسراوی جێگیر و لە ساڵی ١٣٠٦ شەعبان ٢٦، واتە ١٥ نیسان ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٧٠ قوروش لە هەمان دادگادا پلەی بۆ ئەندامیەتی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ١٣١٣ رەجەب ١٩، واتە ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣١١ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ مەکتەبی مەلەکی دواناوەندی زمانی عوسمانی، لە هەمان ساڵیش زیلقەعدە ٦، واتە ٧ نیسان ١٣١٢ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، دواتر بە هۆی کاری باش و لێهاتووی لە کارەکەی لە ساڵی ١٣١٤ رەبیعی کۆتایی ١٥، داواکراوە پلەکەی بۆ پلە سێ بەرز بێتەوە، لە هەمان مانگدا لە رۆژی ١١، واتە ٢٨ ئۆغستۆس ١٣١٣ بە مووچەی زیادەی ٢٠٠ قوروش لە ویلایەتی موسڵ لە دادگای سەرەتایی وەکو (مستنطق الاول) واتە لێکۆڵەری یەکەم دامەزراوە، لە جەمادی کۆتایی ١٥، واتە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣١٣ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و لە ١٣١٦ زیلقەعدە ٢٣، واتە ٢٣ مارت ١٣١٥ بە کرێی رۆژانەی ٤٠ قوروش وەکو لێکۆڵەر رۆیشتووە بۆ قەزای دهۆک، لە زیلحیجە ٢٣، واتە ٢٢ نیسان ١٣١٥ دوای تەواوکردنی ئەرکەکەی گەراوەتەوە، لە ١٣١٨ شەعبان ٣، واتە ١٣ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە پێنج مووچەی ١٨٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای سەرەتایی بە (مستنطق الثانی) واتە لێکۆڵەری دووەم دەست بە کار بووە، دواتر لە هەمان ساڵدا شەوالی ٥، واتە ١٣ کانوونی دووەم ١٣١٦ جیا بۆتەوە و لە هەمان مانگدا ٢٩، واتە ٦ شوبات بە مووچەی ٢٧٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە دادگای ئیستیناف (محکمە استناف) وەکو ئەندام دامەزراوە.
لە ویلایەتی ناوبراو بە وەکالەتی والی لە سەرۆکایەتی دادگای ناوبراو و داواکاری گشتی نووسراوی وەرگێردراو و نەزارەتی دادوەری لە بەرێوەبەرایەتی تۆماری فەرمانبەران مۆرەکەی پشتراست کراوەتەوە.
ناوبراو لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانییە لە شێوازی دامەزراندنی لەسەر ئەرکەکانی و وێنەی دەست لە کار کێشانەوەی هەروەها بری ئەو مووچانەی وەریگرتووە و مێژووەکانی، هەروەها بۆ یەک رۆژیش پاراستن و پەیوەندی نەبووە، لە نێوان نووسراوە فەرمیەکاندا لەگەڵ وێنەی پلەی سێیەمی سەرۆکی هومایۆن و ئەو ئەندامیەتیانەی کە ناوی لێهاتووە دامەزراوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردن ١٠ ئەیلول ١٣١٧ مێژووی داواکاری لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی رەسەن بەیەکەوە لە دۆسیەکەی پارێزراوە، لە کاتی ئێستاش مێژووی دامەزراندن و بری مووچەکەی تۆماری یەکسانە.
ساڵی ١٣٢٠ موحەررەم ١، واتە ٤ نیسان ١٣١٨ لە شوێنی خۆی لە ویلایەتی ناوبراو بە تاقیکردنەوە لە دادگای سەرەتای وەکو فەرمانبەر هەڵبژێردراوە، هەروەها کاغەزەکانی تاقیکردنەوەی لە دەستەی تایبەتمەندی (هیئت ممیزە) لە ژێر ووردبینیدا دەرچووە و یەک پارچە بروانامەی بەرزی پێ دراوە لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٣ تشرینی یەکەم ١٣١٨ لە دەستەی ناوبراو بڵاوکراوەتەوە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیش پشت راست کراوەتەوە، هەروەها لە قۆمیسیۆنی ناوبراو لە داواکاری مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ١٣١٨ لە دۆسیەی ئیدریس ئەفەندی باپیری دانراوە، لە ١٠ شەعبان ١٣٢٤ و ١٦ ئۆغستۆس ١٣٢٢.

(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٢)




(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣١)




| .DH. SAID | 00124.00072 | 18 رەبیعی کۆتایی 1324 |
|---|---|---|


لاپەرە ١٤١
تۆماری گشتی
ناسراو بە حەسەن ئەفەندی عەلی ئاغا زادە          کوڕی سۆفی ئاغایە.
ساڵی ١٢٥٦ کۆچی، واتە ١٢٥٩ لە ویلایەتی موسڵ قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سەرەتایی زانستی خوێندووە، بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، هەروەها بە زمانی عەرەبی و کوردی قسە دەکات، لە کاغەزی وەرگێرانەکە نووسراوەتەوە.
١٣٠٦ رەمەزانی شەریفە ١٤، واتە ١٠ مایس ١٣٠٥ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە شەمامک کە موقاتەعەیە، سەر بە قۆمیسیۆنی زەوی و زاری موسڵە، لە پاراستنی دە یەک (اعشار) دامەزراوە، لە کۆتایی کارەکەی و هەمان ساڵ زیلقەعدە ١٥، واتە ١ تەمموز ١٣٠٥ بە مووچەی پەنجا لە سەدا پێنج، ٢٠٠٠ قوروش لە موقاتەعەی ناوبراو لە دە یەک دا (اعشار) کۆتایی بە کارەکەی هاتووە، ١٣٠٧ رەجەب ٢٢، واتە ١ مارت ١٣٠٦ پەنجا لە سەدا پێنج، بە مووچەی ٢٥٠٠ قوروش بۆ ماوەی دوو مانگ لە موقاتەعەی کەندیناوە بە شێوەیەکی کاتی لە هەژماری مەروماڵات دامەزراوە، هەروەها لە هەمان ساڵ زیلحیجە ٢٧ واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٦ پەنجا لە سەدا پێنج، بە مووچەی ١٦٠٠ قوروش بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو لە موڵکی هومایۆنی شەمامک لە هۆبەی....... لە ساڵی ١٣٠٨ جەمادی یەکەم ١٤، واتە ١٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە هۆبەی ناوبراو دامەزراوە.
کار و بڕی مووچە و مێژووەکەی داواکاری قۆمیسیۆنی موڵکی هومایۆنی موسڵ و وێنەیەک لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە لەگەڵ کاغەزی رەسەنەکەی پارێزراوە.
ناوبراو لە ئەو نووسراوەی پێشکەش کراوە لە مێژووی ٥ مایس ١٢٨١ سێ مانگ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە قەزای هەولێر وەکو فەرمانبەری دە یەک (اعشار) دامەزراوە، هەروەها لە ١ مارت ١٢٨٩ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو لە ئەرکی ناوبراو بوونی نووسراوەتەوە، لە نووسراوی ویلایەتی موسڵ ٢٤ ئۆغستۆس ١٣٠٩ دیاری کراوە کە لەم ئەرکە بوونی نەبووە، لە ١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٤ و ٢٩ مایس ١٣٢٢.

هەواڵنامەی کتێب

| DH. SAID. | 00125.00144 | 3 تەمموز 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ٢٨٥
تۆماری گشتی
ئەحمەد ئەفەندی کوڕی مەهدی مەلا حەسەنە
ساڵی ١٢٨٦کۆچی واتە ١٢٨٥ لە ویلایەتی موسڵ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە و لە نووسراوی ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سەرەتایی پێشەکی زانستی خوێندووە، هەروەها زمانی تورکی و فارسی دەنوسێت و لە زمانی عەرەبیش دەگات.
ماوەیەک لە قەزای هەولێر ساڵی ١٣٠٠ جەمادی یەکەم ٥، واتە ١ مایس ١٢٩٩ بە مووچەی ١٣٧ قوروش لە قەزای ناوبراو لە شارەوانی بەشی نووسینەوە دامەزراوە، ساڵی ١٣٠٢ جەمادی یەکەم ٢٥، واتە ١ مارت ١٣٠١ بە مووچەی ١٥٠ قوروش هەروەها ساڵی ١٣٠٥ رەبیعی یەکەم ٢٩، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٣ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش هەرووها ساڵی ١٣٠٦ موحەررەم ٦، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣٠٤ بە مووچەی ٢٢٥ قوروش لە ساڵی ناوبراو زیلقەعدە ١٢، واتە ٢٧ حوزەیران ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە نووسراوی یەکەمی شارەوانی پلەی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٨ جەمادی یەکەم ٣، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٦ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش لە شەمامک کە سەر بە قۆمیسیۆنی موڵکی هومایۆن بووە، لە بەشی نووسینەوەی دووەم دامەزراوە، لە ساڵی ١٣١٠ رەبیعی یەکەم ٢٠، واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٨ بە مووچەی ٤٥٠ قوروش، هەروەها ١٣١١ رەجەبی شەریفە ٢٠، واتە ١٧ کانوونی یەکەم ١٣١٠ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە بەشی ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ نووسینەوەی یەکەم، ساڵی ١٣١٢ رەجەبی شەریفەی ١٢، لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی نیشانی داواکردووە، لە هەمان ساڵیش لە شەعبانی ٢٨، واتە ١١ شوبات ١٣١٠ بە مووچەی ٦٤٠ قوروش لە سەرچنار گوازراوەتەوە بۆ هۆبەی باش کیتابەت.
لە شەمامک کە موڵکی هومایۆنە، لە ئەرکەکانی ئەو هۆبەیە بە باشی ئەرکەکانی راپەڕاندووە، لە نەزارەتی خەزینەی شاهانەدا نووسراوەتەوە.
ئەرک و بڕی مووچە و مێژووەکانی لە ویلایەتی موسڵ ٢٤ ئۆغستۆس ١٣٠٩ ژمارە ١٧٢ و نووسراوی ناسنامە نووسراوەتەوە، لە ١٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ و ٢٦ مایس ١٣٢٢.
ناوبراو لە ١٣١٧ شەوال ٧، واتە ٢٦ کانوونی دووەم ١٣١٥ بە مووچەی ئێستای لە هۆبەی نووسەری یەکەم لە شەمامک گوازراوەتەوە بۆ خەزینەی تایبەتی شاهانەی بۆ هۆبەی تۆمار لە ١٠ مایس ١٣٢٣ نیشان دراوە.
ناوبراو مووچەی ١٣٢٣ زیلقەعدە ٢٢، واتە ٥ کانوونی یەکەم ١٣٢١ ٦٥٠ قوروش و ١٣٢٤ موحەررەم ١٨، واتە ١ مارت ١٣٢٢، مووچەکەی ٨٠٠ قوروش بووە، لە هۆبەی زومار دامەزراوە، بەهۆی لێهاتووی و تواناییەوە لە هەمان ساڵ زیلقەعدە ٣، پلەکەی بۆ پلەی چوارەم بەرز بۆتەوە، لە هۆبەی ناوبراو ١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٤ لەم پۆستانە بەردەوام بووە.
هەر چەندە ناوبراو لە هۆبەی خەزینەی تایبەتی نووسراوە ناوبراو لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی نیشانی وەرگرتووە، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکانی نەزارەت ناوبراو ئەم جۆرە نیشانەی وەرنەگرتووە، لە کۆتاییدا ٣ تەمموز ١٣٢٤ بە نووسراو هەڵەکە چاک کراوەتەوە.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٥)





(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣٤)


| .DH. SAID | 00128.00095 | 12 جەمادی یەکەم 1324 |
|---|---|---|

لاپەرە ١٨٥
تۆماری گشتی
عەلی عارف ئەفەندی کوڕی زانای مردوو قاسم ئەفەندیە.
ساڵی ١٢٦٩ کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٦٩ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری عوسمانییە نووسراوەتەوە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان پیشەکی زانست و لەلایەن مامۆستای تایبەت کەمێک عەرەبی خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی قسە دەکات و ئاشنای زمانی تورکیشە.
١٢٩٦ ساڵی کواتە ١٢٩٥ زایینی لە ویلایەتی موسڵ لە ئەنجوومەنی کارگێری قەڵەم لە ساڵی ١٢٩٧ لە مانگی رەجەب ٥ و ١ حوزەیران ١٢٩٦ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش لە نووسینەوەی دە یەکی (اعشار)ی برنجی عەقرە دامەزراوە، هەروەها لە ساڵی ١٣٠٠ جەمادی یەکەم ٨، واتە ٥ مارەتی ١٢٩٩ لەبەر ئەوەی هەژمارەکانی بە ووردی و لە کاتی خۆی نەداوە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، بەم دواییە لە قەزای ناوبراو لە کۆکردنەوەی دە یەکی (اعشار) گوندەکان بە مووچەی ٤٠٠ قوروش بە شێوەی کاتی بۆ ماوەی پێنج مانگ دامەزراوە، لە ١٣٠١ مانگی رەبیعی کۆتایی ٢٤ و ١٠ شوبات ١٢٩٩ بە مووچەی ٤٠٠ قوروش بۆ دووەم جار لە قەزای ناوبراو لە نووسینەوەی دە یەکی برنجی قەزای ناوبراو دامەزراوەتەوە، هەروەها مانەوەی زیاد کراوە، تا ١٣٠٤ جەمادی یەکەم ٩، واتە ٣١ کانوونی دووەم ١٣٠٢ جیابۆتەوە، لە هەمان ساڵ مانگی شەوال ٢٩، واتە ٩ تەمموز ١٣٠٣ بە ٤٥٠ قوروش مووچە لە سەنجەقی کەرکووک قەزای کۆی سانجەق لە بەڕێوەبەری دارایی دامەزراوە، هەروەها ١٣٠٥ لە مانگی شەعبان ٢، واتە ١ نیسان ١٣٠٤ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای رواندز بە پلەی بەڕێوەبەری دارایی گواستراوەتەوە، لە ١٣٠٦ لە مانگی شەوال ٢، واتە ٢٠ مایس ١٣٠٥ لە کەرکووک دەستی لە کارکێشاوەتەوە و لە ١٣٠٧ جەمادی یەکەم ٩، واتە ٢١ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ لە رواندز لە ئەرکەکەی دەستی بە کار کردووە، لەگەڵ ساڵی ١٣٠٨ لە جەمادی کۆتایی ٢، واتە ١ کانوونی دووەم ١٣٠٦ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو بە وەکالەت لە قائیمقامیەت ماوەتەوە، لە ساڵی ١٣١٣ لە مانگی زیلقەعدە ١١، واتە ١٢ نیسان ١٣١٢ لەبەر ئەوەی هەژماری لە کاتی خۆی نەداوە، دوورخراوەتەوە، لە ساڵی ١٣١٥ زیلقەعدە ٢٨، واتە ٧ نیسان ١٣١٤ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە قەزای زاخۆ بە بەڕێوەبەری دارایی دامەزراوە، لە ساڵی ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ٢٤، واتە ٣١ ئۆغستۆس ١٣١٤ بەهۆی دووبارە گەڕانەوەی بەڕێوەبەری پێشوو بۆ سەر کارەکەی ئەو ناچار بووە لە کارەکەی دەست لە کار بکێشێتەوە، ساڵی ١٣١٧ شەعبان ٢٠، واتە ١١ کانوونی یەکەم ١٣١٥ دووبارە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە سەنجەقی سلێمانی لە قەزای بازیان بە بەڕێوەبەری دارایی دامەزراوە.
بە پێی ئەو تێبینیەی لە لیوای ناوبراو بە وەکالەتی ژمێریاری لە دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ نووسراوەتەوە، بە بەزەییەوە گرنگی مانەوەی لە ئەرکەکەی بۆ نەزارەتی دارایی بە گونجاو زانیوە.
لە تۆماری ناسنامەی عوسمانیە ماوەی بەکارهێنان و بری مووچە و هۆکاری دوورخستنەوەی تۆمارکراوە، لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجوومەنی کارگێری ٣١ مارت ١٣١٥ هەروەها لە قەزای زاخۆ لە داواکارییەکانی ئەنجوومەنی کارگێری ٣١ ئۆغستۆس ١٣١٤ لەگەڵ وەڵامی وێنەی رەزامەندی، نووسراوی والی ٩ مارت ١٣١٦، نووسراوی دەفتەردار لە ١٠ ئۆغستۆس ١٣١٦، هەروەها دوا ئەرکی لە قەزای بازیان لە بەڕێوەبەری دارایی مێژووی دامەزراندن و بری مووچەی لە ژمێریاری گشتی لە ١٧ کانوونی دووەم ١٣١٦ نووسراوەتەوە و هەڵگیراوە، لە ١٢ جەمادی یەکەم ١٣٢٤ و ١٩ حوزەیران ١٣٢٢.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٣٧)





(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٣٦)


۴۰۱
صحیفه ۱
سجل عمومی

هەواڵنامەی کتێب

| 18 جەمادی یەکەم 1324 | 00138.00202 | DH. SAID. |
|---|---|---|
| | | |

لاپەرە ٤٠١
تۆماری گشتی
محەمەد شاکر ئەفەندی     کوڕی داود نیازی ئەفەندی خەڵکی هەولێر و فەرمانبەری ڕەژی لە خوراسان بووە.
١٢٩٢ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٩١ لە کەرکووک لەدایک بووە.
لە سلێمانیە و بەغداد لە مەکتەبی سبیان زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و هەندێک وانەی خوێندووە، بە تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣١٠ زیلقەعدەی کۆتایی، واتە مایسی ١٣٠٩ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چۆتە قەڵەمی ژمێریاری نەزارەتی ڕەژی بەغداد، لە ساڵی ١٣١١ شەعبان ٩، واتە ٣ شوبات ١٣٠٩ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە نەزارەتی دیوانی گشتی بەغداد لە ناوەندی قەرزی گشتی نووسراودا دامەزراوە، لە نەزارەتی ناوبراویش ماوەی کارەکەی بە سەرکەوتووی پشت ڕاست کراوەتەوە.
ناوبراو ٢ تشرینی یەکەم ١٣٠١ لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی وێنەی پشت ڕاست کردنەوەکەی لەگەڵی هاوپێچە.
ساڵی ١٣١٣ زیلقەعدە واتە ١ مایس ١٣١٢ لە کارەکەی دوور خراوەتەوە و نووسراوەکانی ڕادەستی دەوڵەت کراوە، لە ١٨ جەمادی یەکەم ١٣٢٤ و ٢٧ حوزەیران ١٣٢٢.






| .BEO | 002954.221481 | 15 شەوال 1324 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
هۆبەی چوارەم
٢٥٢٥
لە ١٤ تشرینی دووەم ١٣٢٢ سێیەمین ئاڵا، تابوری یەکەم هاتوونەتە هەولێر، لەوێ تووشی تەنگانەی سەخت بوونەتەوە، وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە چوارەم لەشکری همایۆن هاتووە، ئەو سەربازانەی دوای ئەوەی کشاونەتەوە، ئێرانیەکان ناوچەکە دەست بەسەر دەکەن و نیشتەجێی خانەکان دەبن و دەست دەکەن بە پارێزگاری کردن لە خۆیان، ئەو زانیاریانە دراوەتە باش کاتبی ملوکانە، هەروەها لەشکری چوارەمی همایۆن، قوماندانی لەشکری شەشەمی همایۆن و قوماندانی سنووری ئێران و ویلایەتی موسڵی ئاگادار کردۆتەوە، ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٥ شەوال ١٣٢٤ و ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢.
سەرعەسکەر


- ئەوەی ناوی هاتووە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢ بۆ ویلایەتی موسڵ بە مێژووی ١٩ تشرینی دووەم نووسراوەتەوە، تا ئێستا وەڵامی تەلەگرافنامەکە نەهاتووە، تێبینیەکان ڕێکخراون.

- فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی گشتی
لە ٢٣ تشرینی دووەم ژمارە ١٦٦٨ وەڵامی نووسراوی ڕەزامەندی سەدری ئەعزەمە، لە سەر سنووری ئێران ئەو سەربازانەی لەوێ جێگیر بوونە، بە مەبەستی دابین کردنی پێداویستەکانیان و بە بۆنەی زستانەوە بۆ گواستنەوەی زەخیرە و پێداویستییەکان، بۆ ئەوەی تووشی کەموکوریش نەبن، لە ویلایەتی موسڵ دوو سێ هەزار سەر ئاژەڵی بەکرێ گیراوی بارهەڵگر بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکان نێردراوە، تەنیا لە مێژووی ٩ ئەیلوول ١٣٢٢ ئەو لەشکرەی کۆکراوەتەوە بۆ ماوەی سێ مانگ و نیو پێداویستیەکانیان دابین کراوە، ئەمەش پلەی سەدارەتپەناهی لێ ئاگادار کراوەتەوە، ئەگەر بکرێت لەوێ خۆیان کۆبکەنەوە و خۆیان بپارێزن، بە مەبەستی کشانەوەشیان ئەوا دەبێ ڕەزامەندی پاشای لەسەر بێت، لەگەڵ نووسراوی ڕەزامەندی ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢ و لایەنی سەرووش ئاگادار کراونەتەوە، پێشەکیش ئەمر و فەرمان بۆ ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ شەوال ١٣٢٤ و ٢٨ تشرینی دووەم ١٣٢٢.
سەرعەسکەر





هەواڵنامەی کتێب


سجلِ عمومی

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00147.00036 | 26 شەوال 1325 |


لاپەرە ٦٩
تۆماری گشتی
خضر ئەفەندی سۆڤزادە کوری مەولود ئاغی هەولێری کە باوباپیرانیان بە کشتوکاڵەوە خەریکن.
١٢٨٩ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٨٨ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
لە شوێنی خۆی لە مەکتەبی سەرەتایی زانستی خوێندووە، زمانی فارسی و تورکی دەزانێت، بە زمانی فارسی دەتوانی قسە بکات هەروەها بە زمانی تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣٠٧ رەبیعی کۆتایی ١٩، واتە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٥ تا ساڵی ١٣١٢ رەجەب ١٦، واتە ١٥ کانوونی یەکەم ١٣١٠ بە ٤٥ قوروش مانگانە لە قەزای شاربازار لە دادگا و ساڵی ١٣٠٨ موحەررەم ٢٨، واتە ١ ئەیلوول ١٣٠٦ تا ١٣١١ رەمەزان ٢، واتە ٢٥ شوبات ١٣٠٩ لە قەزای ناوبراو لە دادگای شەرعی لە نووسین کاری کردووە، ساڵی ١٣١٣ موحەررەم ٢، واتە ١ تەمموز ١٣١١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە موڵکی همایۆنی سەرفیار لە هۆبەکەی بە یاریدەدەری نووسەر دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٠ رەمەزان ١٣، واتە ٣٠ تشرینی دووەم ١٣١٨ بە هەمان مووچە بە یاریدەدەری نووسەر گوازراوەتەوە بۆ موڵکی همایۆن سورتاش.
ئەو تێبینیەی لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی موڵکی همایۆنی موسڵ نووسراوەتەوە بۆ کاری فەرمانبەرایەتی لە نەزارەتی خەزینەی تایبەت پشت راست کراوەتەوە.
لە قەزای شەهربازار لە دادگا و دادگای شەرعی وەکو نووسەر کاری کردووە ئەو ماوەیە بری ئەو مووچەیەی کە وەریگرتووە لەگەڵ مێژووەکەی لە ویلایەتی موسڵ لە وەڵامی دوو پارچە داواکاری لەگەڵ بەرائەتی قەزای ناوبراو، هەروەها لە هۆبەی موڵکی همایۆنی شەمامک کە موقاتەعەی جەبور لە ساڵی ١٣٠٣ بە کاتی لە نووسراودا کاری کردووە، کەچی لە موقاتەعەی ناوبراو بە مووچەکەی خۆی گوازراوەتەوە، بە مووچەکەی خۆشی ماوەی خزمەتی بۆ یەک رۆژیش بێت دەستی بە سەردانەگیراوە، لە شەمامک و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر وێنەیەک لە مامەڵەی داواکاری و تۆماری ناسنامەی عوسمانی هەڵگیراوە، هەروەها لە ئاقچە و سورتاش مێژووی دامەزراندنی وەکو یاریدەدەری نووسەر و بری مووچەکەی لە خەزینەی تایبەتی شاهانە بە رێکی تۆمار کراوە.

٢٦ شەوال ١٣٢٥ و ١٩ تشرینی دووەم ١٣٢٣




هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>003109.233114</td><td>12 جەمادی کۆتایی 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٢ جەمادی کۆتایی ١٣٢٥<br>١٠ تەمموز ١٣٢٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>قائیمقامی قەزای هەولێر عەلی غالب ئەفەندی بە پشت بەستن بە بریار نامەی خانەنشین کردنی ناوبراو بە بریاری شورای دەولەت بە رەزامەندی پاشا بریاری جێبەجێ کردنی دراوە.</td></tr>
</table>


سجل عمومی

هەولێرنامەی کتێب

| 15 رەبیعی کۆتایی 1326 | 00146.00239 | DH. SAID. |
|---|---|---|


لاپەرە ٤٧٣

تۆماری گشتی

مستەفا موزەفەر ئەفەندی      کوڕی مردوو سۆفی ئاغایە. ساڵی ١٢٧٨ کۆچی، واتە ١٢٧٨ لە هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە تۆمار کراوە. لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، هەروەها لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدییە بە ڕێکوپێکی وانەکانی خوێندووە و بڕوانامەکەی وەرگرتووە، زمانی عەرەبی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.

لە ساڵی ١٣٠٧ لە کەربەلا و حلە لە تەلەگرافنامە بووە، لە ساڵی ١٣١٥ رەبیعی یەکەم ١٤، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣١٣ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش لە ویلایەتی بەغداد لە....... دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٣ زیلقەعدە ١٥، واتە ٢٩ کانوونی یەکەم ١٣٢١ مووچەکەی ٣٦٠ قوروش بووە و ساڵی ١٣٢٤ شەعبان ١٥، واتە ٢ ئەیلوول ١٣٢٢ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو لە قەڵا گوازراوەتەوە بۆ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی لە مەرکەزی مەعمورەی حەمیدییە، لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە کارەکەی پشت ڕاست کراوەتەوە.


نووسراوی لە نەزارەتی ناوبراو و تۆمار و ژمێریاری قەڵەم یەک شتە، وێنەی تۆماری ناسنامەی عوسمانی و بڕوانامەی مەکتەبی روشدییە هەموو بەیەکەوە لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ١٥ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٦ و ٣ مایس ١٣٢٤.



| .DH. SAID | 00154.00233 | 12 رەبیعی کۆتایی 1326 |
|---|---|---|

لاپەرە ٤٦١
تۆماری گشتی
محەمەد رەشید ئەفەندی        کوڕی حاجی خضرزادە حاجی محەمەد ئەمین ئەفەندی هەولێریە.
١٢٩٣ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٢ لە قەسەبەی هەولێر لەدایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی نووسراوەتەوە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی ئایینی خوێندووە، لە مەکتەبی روشدییەش زانست و هونەری خوێندووە، ٢٣ تەمموز ١٣٠٦ بڕوانامەی وەرگرتووە، بە زمانی فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێت، هەروەها ئاشنای زمانی عەرەبیشە.
١٣٠٨ موحەررەم ٢٨، واتە ئۆغستۆس ١٣٠٦ لە قەزای هەولێر لە قەڵەمی دادگای سەرەتایی بووە، لە ساڵی ١٣١٤ رەجەب ٢٥، واتە ١٩ کانوونی یەکەم ١٣١٢ بە مووچەی ٨٥ قوروش لە قەزای ناوبراو لە مەکتەبی روشدییە بە مامۆستای خەت باشی، هەروەها لە ١٣٢٠ جەمادی کۆتایی ١١، واتە ١ ئۆغستۆس ١٣١٨ مانگانە بە داهاتی ٢٠٠ قوروش لە قەزای ناوبراو لە پیادەی تەحسیلداری (پیادە تحصیلدار) دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٢ رەبیعی کۆتایی ٢٧، واتە ٢٨ حوزەیران ١٣٢٠ بەهۆی چاکسازییەوە دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووە، لە زیلقەعدە ٢٢، واتە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٠ دووبارە گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی، ١٣٢٣ شەعبان ١٥، واتە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢١ لە قەزای ناوبراو بە ئەمینی سندوق بە وەکالەت و لە زیلحیجە ٢٨، واتە ١٠ شوبات ١٣٢١ بە مووچەی ٣٦٠ قوروش لە سەر هەمان کار بەردەوام بووە، بە وەکالەتی بەڕێوەبەری دارایی لە قەزای ناوبراو و وەکالەتی قائیمقام و ژمێریاری سەنجەقی کەرکووک و وەکالەتی دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ تێبینی نووسراوە و بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ نەزارەتی دارایی پشت راست کراوەتەوە کە مانەوەی لەسەر ئەرکەکەی گونجاو بووە.
لەگەڵ تۆماری ناسنامەی عوسمانیە، بڕوانامەی مەکتەب و خزمەتەکانی، ماوەی بەکارهێنانی و بڕی مووچەکەی و داهاتەکەی لە قەزای ناوبراو خەرجی قۆمیسیۆن لە ١٠ مایس ١٣٢٣ هەروەها ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ داواکاری بە مێژووی ١٧ نیسان ١٣٢٢ وێنەی پشت راست کردنەوەی، هەروەها وێنەی پشت راست کردنەوەی داواکارییەکانی ١٢ ئەیلوول ١٣٢٣ لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ و ١٧ نیسان ١٣٢٢ دەفتەری ژمێریاری، مێژووی دامەزراندن و بڕی مووچەی لە ژمێریاری گشتی ١٥ ئۆغستۆس ١٣٢٣ بە ژمارە ٤١٣ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراو لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ١١ سەفەر ١٣٢٧ و ١٩ شوبات ١٣٢٤.
ناوبراو ١٣٢٦ رەبیعی کۆتایی ١٢، واتە نیسانی ١٣٢٤ لە ماوەی کۆتایی بە تیروانین لە ژمێریاری یەک رۆژ پاراستن و پەیوەندی نەبووە، ئەمانەتەکەش رەت کراوەتەوە و لە هۆبەی تۆماری دارایی ١٠ مارت ١٣٢٥ روون کراوەتەوە.

هەولێرنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .BEO | 003327.249455 | 1 جەمادی کۆتایی 1326 |

- ١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٦
٢٠ مایس ١٣٢٤
بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا
٢٤ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٦ ژمارە ٦١٤ وەڵامی نووسراوی سەر عەسکەر لە بارەی گواستنەوەکان بەبێ کەموکوڕی کراوە و بەتایبەتی گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی هەروەکو خۆی بەردەوامە، بە تایبەتی بە سەدان ئاژەڵ گواستراوەتەوە و ڕادەستی قۆمیسیۆنی هەولێر کراوە، بە نووسراویش جێگیر کراوە، هەروەها لە قۆمیسیۆنی ناوبراو ئەم ئاژەڵانە بە شێوەیەکی باش پارێزگاریان لێ بکرێت و بەکار بهێنرێن، کێشەکان نەگوازرێنەوە ویلایەت، دواتریش لە باش بەکارهێنانی ئاژەڵەکان ووریا بکرێنەوە و لە هەمان کاتدا بۆ وەڵامەکەی، هەواڵ بدرێتە ویلایەتی موسڵ.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدری ئەعزەم
قەڵەمی نووسەر
وێنە و شیفرەی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ
لە تەلەگرافنامەکانی ١٤ مایس ١٣٢٤ و ١٩ نیسان ١٣٢٤ ناردنی پێداویستی و ئەرزاق بۆ لایەنی سەربازی بەبێ کەموکوڕی دراوە، کەچی لە شوێنی قوماندان بۆ هەر بارێک سکاڵای پاراستن و شێوازی گواستنەوەی ڕادەست نەکراوە، بەڵام بارەکان بەردەوامن لە گواستنەوە کە سەدان ئاژەڵ بۆ گواستنەوەیان بەکاردەهێنرێت و بە نووسراو جێگیر کراوە کە ڕادەستی قۆمیسیۆنی هەولێر کراوە، لە کارگێری لایەنی سەربازی دا قۆمیسیۆنی ناوبراو لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان بە باشی ناپارێزرین و بەکارناهێنرێن کێشە دروست بووە، نابێت ئەو کێشانە بگوازرێنەوە بۆ ویلایەت و ئیتر بۆ ئەوەی ئەو ئاژەڵانەی کە ڕادەست دەکرێن بە باشی بەکار بهێنرێن، لایەنی سەربازی بە قورسی ئاگادار کراونەتەوە، بەم شێوەیە ویلایەتیش لەم کێشانە ڕزگاری دەبێت، لە ١٨ مایس ١٣٢٤.
والی موسڵ / مستەفا


باب عالی
دائرهٔ صدارت عظمی
مکتوبی قلمی
عدد
موصل ولایتنه ... تلغرافنامه
...
موصل والیسی
مصطفی
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
3327 | 249455 | 2

هەولێرنامەی کتێب


هەواڵنامەی کتێب


| .BEO | 003430.257246 | 15 شەوال 1326 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
١٥ شەوال ١٣٢٦
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٢٤
قائیمقامی قـەزای هەولێـر نیهـاد بەگ لەگـەڵ قائیمقامی قەزای سـەڵاحییە حاجـی عەبدولعەزیـز ئەفەندی سـەبارەت بـە گۆڕینەوەیـان نـووسراوی ٦ شـەوال ١٣٢٦ ژمـارە ٣١٢١ بـە رەزامەنـدی ١٣ شـەوال ١٣٢٦ فەرمانی لەسەر دراوە.


| DH. SAID. | 00111.00035 | 30 مایس 1327 |
|---|---|---|

لاپەرە ٦٧
تۆماری گشتی
حەیدەر ئەفەندی کوری مردوو حەیدەرزادە لە دادگادا ئەندام بووە عاسم ئەفەندیە.
١٢٩٣ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٣ لە ویلایەتی موسڵ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانیە نووسراوەتەوە.
سەرەتا لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، هەروەها لە مەدرەسە سەرف و نەحو و مەنتق و مەعانی و بیانی خوێندووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێتەوە، لە نووسراوی وەرگێردراو نووسراوەتەوە.
١٣١٣ رەمەزان واتە مارتی ١٣١٤ لە ویلایەتی موسڵ لە دادگای سەرەتایی چۆتە قەڵەمی داواکاری گشتی، لە ساڵی ١٣١٥ موحەررەم ٦، واتە ٢٦ مایس ١٣١٣ بە مووچەی ١٥٠ قوروش لە ویلایەتی ناوبراو بە رێکخستنی ناحیەی مەوالی لە بەرێوەبەرایەتیەکەی دامەزراوە، بەڵام لەبەر پشتراست نەکردنەوەی لە ساڵی ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ١٢، واتە ١٨ ئۆغستۆس ١٣١٤ بە مووچەی مانگانە ٤٦٦ قوروش لە ناحیەی تەلەعفەر گوازراوەتەوە بەرێوەبەرایەتی، هەروەها لە ساڵی ١٣١٧ موحەررەم ٢٤، واتە ١٢ مایس ١٣١٥ دەستی لە کێشاوەتەوە.
لە نووسراوی ناسنامەی عوسمانییە بەهۆی خزمەتی باش و رێکوپێکەکانی لە ئەنجومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ لە ناحیەی مەوالی لە ئەنجومەنی کارگێری ١٣ ئۆغستۆس ١٣١٤ و لەگەڵ قەزای سەنجار لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجومەنی کارگێریەکەی لە ئەنجومەنی کارگێری ناحیەی تەلەعفەر ٢٢ مارت ١٣١٥ مێژووی داواکاریەکانیان، هەروەها لە داواکاری گشتی ویلایەت ١٣ مایس ١٣١٣ کاغەزەکانی بۆ هۆبەی تۆماری ناوەخۆی ناسنامە ناردراوە، تێدا بەکارهێنان و بری مووچە و هۆکاری دەست لە کار کێشانەوەی لە ویلایەتی ناوبراو لە وەڵامی نووسراوی ١٩ مایس ١٣١٨ لە هۆبەی ناوبراو هەڵگیراوە لە ١٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢٠ و ٧ تەمموز ١٣١٨.
ناوبراو ١٣٢٠ زیلقەعدە ١٩، واتە ٣ نیسان ١٣١٨ هەمان ساڵ تا زیلحیجە ٢٣، واتە ٩ مارت ١٣١٩ لە ویلایەتی قوسوە قائیمقامیەتی قەزای قالغان بە وەکالەت دانراوە، بەهۆی دەست پاکی و خزمەتی رێکوپێکی و چالاکیەکانی دووبارە لە هەمان قەزا ماوەتەوە، لە قەزای ناوبراو ئەنجومەنی کارگێری لە سەنجەقی پەرزین لە ویلایەتی قوسوە لە ئەنجومەنی کارگێریەکان پشتراست کراوەتەوە، لە داواکاری ١١ مارت ١٣١٩ لە شوێنی والی ویلایەتی ناوهاتوو لە ٩ کانوونی دووەم ١٣٢٢ لە وەڵامی نووسراوەکان، هەروەها لە ساڵی ١٣٢٢ جەمادی یەکەم ٢١، واتە ٢٧ تەمموز ١٣٢٠ بە رەزامەندی پاشا بە مووچەی ٥٠٠ قوروش کارگێری گشتی ناسنامە لە قەڵەمی دەرسەعادەت دامەزراوە، هەروەها مووچەی ١٣٢٠ زیلحیجە ١٤، واتە ٢٧ کانوونی دووەم ١٣٢١ بە ٥٥٠ قوروش لە بەرێوەبەرایەتی کارگێری ناوبراو ١٢ مارت ١٣٢٣ دیاری کراوە، لە هۆبەی تۆماری ناسنامەی ناوەخۆ نووسراو لە ١٧ مارت ١٣٢٢ نێردراوە.
ناوبراو ١٦ ئۆغستۆس ١٣١٥ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش بۆ نووسراوی ناسنامەی ویلایەتی موسڵ گوازراوەتەوە، دوای رەتکردنەوەی کارەکەی لە ٩ تەمموز ١٣٢٦ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ویلایەتی ناوبراو لە ئەنجومەنی کارگێری بینراوە و لە داواکاری ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١١، لەگەڵ تۆماری ناسنامەی بەرێوەبەرایەتی لە مێژووی ٣٠ مایس ١٣٢٧ نووسراوی وەڵامەکاندا دەرکەوتووە.


(بەڵگەنامەی ئەم تەرجومە لە لاپەرەی: ٣٥٠)





(تەرجومەی ئەم بەڵگەنامە لە لاپەڕەی: ٣٤٩)


سجل عمومی

هەولێرنامەی کتێب


| 23 جەمادی یەکەم 1327 | 00158.00216 | DH. SAID. |
|---|---|---|

لاپەرە ٤٢٩
تۆماری گشتی
عەلی غالب ئەفەندی کوڕی سەعید ئاغایە کە لە دادگای سەرەتایی فەرمانگەی جێبەجێ کردن (دائرە اجرا) هەولێر بووە.
١٢٩٩ ساڵی کۆچی، ساڵی ئێستا ١٢٩٨ لە کەرکووک لە دایک بووە، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی تۆمار کراوە.
پێشەکی لە مەکتەبی سبیان وانەی زانست و لە قەزای هەولێر لە مەکتەبی روشدیە سەرف و نەحو و عەرەبی لەگەڵ حیساب و جوگرافیای خوێندووە، هەروەها بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.
١٣١٧ ساڵی کۆچی لە تەلەگرافخانەی هەولێر دەوامی کردووە، ساڵی ١٣٢٣ شەعبان ١٩، واتە ٦ تشرینی یەکەم ١٣٢١ بە مووچەی ٢٥٠ قووروش لە کەرکووک لە ناوەندی تەلەگراف و پۆستە دامەزراوە، هەروەها لە ١٣٢٤ شەوال ١٢، واتە ١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٢ بە هەمان مووچە لە ناوەندی تەلەگراف ئەرکەکەی گواستۆتەوە.
لە نەزارەتی تەلەگراف و پۆستە بەردەوام بوونی لە کارەکەی پشت راست کراوەتەوە.
لە نەزارەتی ناوبراو و تۆماری قەڵەمی ژمێریاری زانیاریەکانی وەکو یەکن، لە تۆماری ناسنامەی عوسمانییە وێنەی وەرگێردراوی لەگەڵ نەزارەتی ناوبراو لە هۆبەی تۆماردا هەڵگیراوە، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٢٧ و ٣٠ مایس ١٣٢٥.


صحیفه
سجل عمومی

| DH. SAID. | 00179.00253 | 5 تشرینی یەکەم 1327 |
| --- | --- | --- |


لاپەرە ٥٠٣
تۆماری گشتی
محەمەد شەمسەددین بەگ کوڕی قائیمقامی پێشووی هەولێر سلێمان قەدەم بەگە ناسراو بە دەرەبەگزادە، ساڵی ١٣٠٣ کۆچی، ساڵی ئێستا ١٣٠١ لە کەرکووک لەدایک بووە.
لە شوێنی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی خوێندووە، دواتر لە دواناوەندییەکانی موسڵ و دەرسەعادەت و روشدییەی کەرکووک خوێندوویەتی هەروەها لە دەرسەعادەت لە مەکتەبی یاسایی تەواوی کردووە، لە مەکتەبە ناوبراوەکان لە مێژووەکانی ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٦ و ٢ ئەیلوول ١٣١٦ و ١ ئەیلوول ١٣٢٢ و ٣٠ تەمموز ١٣٢٧ بروانامەی بە بەرزترین پلە وەرگرتووە، بە زمانی تورکی و کوردی قسە دەکات و دەنووسێت، هەروەها ئاشنای زمانەکانی عەرەبی و فارسی لەگەڵ فەرەنسی و بولغاریە.
١ ئەیلوول ١٣٢٦ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە ئەمینی گشتی قەڵەمی نووسراو دامەزراوە.
لە بەڕێوەبەرایەتی نووسراوی ئەمینی گشتی لە هۆبەی ناوبراو خزمەتی دڵسۆزی پشت راست کراوەتەوە.
تۆماری ناسنامە و بروانامەکانی مەکتەبەکان لەگەڵ وێنەی رەسەنی باری شارستانی لە دۆسیەکەی هەڵگیراوە، لە ١٦ شەوال ١٣٢٩ و ٢٦ ئەیلوول ١٣٢٧.
ناوبراو لە نەزارەتی دادوەری بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ مەشقی مەکتەبەکانی ناچار بووە لە دادگا دەوام بکات، لە ٣ تشرینی یەکەم ١٣٢٧ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، ئەمەش لە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو هۆبەی تۆمار لە ٥ تشرینی یەکەم ١٣٢٧ لە مێژووی نووسراوەکەی ئاگادار کراوەتەوە.


سجل عمومی

| 12 رەجەب 1328 | 00174.00182 | DH. SAID. |
|---|---|---|

لاپەرە ٢٦١
تۆماری گشتی
عەبدوڵڵا ئەدیب ئەفەندی کوڕی سوڵتان ئەفەندیە.
١٢٩٦ ساڵی کۆچی، واتە ئێستا ١٢٩٦ لە قەسەبەی هەولێر لە دایک بووە.
لە قەسەبەی ناوبراو لە زانستی سەرەتایی و روشدیە خوێندنی تەواو کردووە، وەرگێری نووسراوی بڵاوکراوەتەوە، چوار ساڵ لە دەرسەعادەت لەلای ئەحمەد ئەفەندی بووە، لە مێژووی ١٣٢٣ مۆڵەتی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٣٢٤ لە تاقیکردنەوەی سەرۆکایەتی بروانامەی دەوڵەتی وەرگرتووە، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی قسە دەکات و توانای نووسینی هەیە، لە ووتەکانی دەرکەوتووە.
ساڵی ١٣٢٤ جەمادی یەکەم ٥، واتە ١٤ حوزەیران ١٣٢٢ بە مووچەی ١٠٠ لە دارولخەیری وەکو بانگدەر دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٦ شەوال ١٩، واتە ١ تشرینی یەکەم ١٣٢٤ لە کارەکەی هەر بە مووچەی ١٠٠ قوروش ماوەتەوە.
ناوبراو لە ئەرکی بانگدەری ئەو نووسراوەی وەریگرتووە لە ژمێریاری پشت راست کراوەتەوە، مێژووی دامەزراندن و بری مووچەکەی و رۆیشتن و مانەوەی دیاری کراوە، هەروەها لە زانستی عەرەبی بروانامەی وەرگرتووە، رسومی دەرچووننامە و نووسراوی ناسنامە لە دۆسیەی کارگێری هەڵگیراوە.
ناوبراو لە ١ کانوونی یەکەم ١٣٢٤ بە مووچەی ٩٥ قوروش رێگای دیاری کراو بووە، بەڵام نووسراوی مەکتەب دیاریکراو نەبووە، لە ١٢ رەجەب ١٣٢٨ و ٦ تەمموز ١٣٢٦.

٨١




| .DH. SAID | 00176.00042 | 13 جەمادی کۆتایی 1328 |
|---|---|---|

لاپەرە ٨١

تۆماری گشتی

محەمـەد سـاڵح ئەفەنـدی کـوڕی ئەندامـی ئەنجوومـەنی کارگێـری هەولێـر حاجـی مەحمـود ئاغای مـردووە کـە بـە دۆغرەمەچـیزادە بەناوبانگە.


١٢٩١ سـاڵی کۆچـی، واتـە ١٢٩٠ لـە قەسـەبەی هەولێـر لـە دایـک بـووە و لـە تۆمـاری ناسـنامە نـاوی نووسراوەتــەوە.

هـەر لەگـەڵ سـاڵی ١٣١٥ لـە قـەزای هەولێـر لەسەرپەرشـتی کـردنی داهـاتی مەرومـاڵات ٩٦٩٠ قـوروش داهـاتی وەرگرتـووە، بـەڵام لـە کاتی کارکردنـدا ئەرکەکـەی بـە خراپـی بەکارهێنـاوە، لـە رژێمـی رسـومات ئاقچـەی زیـادی وەرگرتـووە، هەروەهـا بـە درێژایـی رۆژ بـە پێـی ماددەکانی خراپ بەکارهێنـانی ئەرکەکانـدا لەگـەڵ وەکیـلی قائیمقـام بەیەکـەوە چوونەتـە دادگا لـە ئەنجوومـەنی کارگێری ویلایەتی موسـڵ، بـۆ ئەنجامی دادگاییەکـە لـە یەکـەم و دوا دادگاییکردنـدا بانـگ کـراون و گـوێ بیسـتیان بوونـە، هەروەهـا وەڵامەکانیـان جێـگای بـاوەر نەبـووە، لەلایـەن شـایەدەکانیش ووتـەی تـەواو وەرگیـراوە، ناوبـراو لـە رژێمـی رسـوماتدا ئاقچـەی زیـادی وەرگرتـووە، هەروەهـا رۆژەکانی بـە خراپـی بـەکار هێنـاوە، هەمـوو بـە زانیـاری و شـایەد راگەیانـدراوە، هەروەهـا داواکـراو بـە بوێرییـەوە زیـانی بـە خەزینـەی دەوڵـەت گەیانـدووە، بـۆ ئـازار نـەدانی ویـژدان و دادگاییەکـی دادپەروەرانـە لـەم بەڵگانـە زیاتـر دەسـت نەکەوتـوون، هـەر بۆیـە لـە ٢٦ تەممـوز ١٣١٨ بـە مـاددەی بـێ تـاوان ئـازاد کـراوە، هەروەهـا لـە ١٣٢٤ جەمـادی یەکـەم ١٦، واتـە ٢٥ حوزەیـران ١٣٢٢ بـە مووچـەی ٢٥٠ قـوروش لـە قـەزای ناوبـراو فەرمانگـەی ناسـنامە دامـەزراوە، لـە مێـژووی دیـاری کـراو دەسـتی بـە کار کـردووە.

لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر نووسراوەکانی ناوبراو پشت راست کراوەتەوە.

خزمەتـەکانی ناوبـراو و مێـژووی دامەزرانـدن و دەسـت بـەکار بـوون لەگـەڵ بـری مووچەکـەی لـە داهـات و دەسـتکەوت بـۆ یـەک رۆژیـش پاراسـتن و پەیوەنـدی نەبـووە، لە تۆمـاری ناسـنامە بەرێوەبەرایەتی گشـتی بە مێـژووی ٩ مایـس ١٣٢٦ نـووسراوی وەڵام و لـە قـەزای ناوبـراو ئەنجوومـەنی کارگێـری بـە داواکاری مێـژووی ٢ تەممـوز ١٣٢٢ لـە ویلایـەتی موسـڵ ئەنجوومـەنی کارگێـری دادگاییکردنەکـەی رۆیشـتووە، تۆماری ناسـنامەی عوسـمانییە و وێنـەی پشـت راسـت کردنـەوەی بەیەکـەوە لە تۆمـاری ناسـنامەی کارگێری گشـتی هەڵگیراوە، لـە ١٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٨ و ٨ حوزەیـران ١٣٢٦.

هەولێرنامەی گیتی


سجل عمومی
صحیفه

هەولێرنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00177.00064 | 4 سەفەر 1329 |

لاپەرە ١٢٥

تۆماری گشتی


محەمەد شاکر ئەفەندی        کوڕی نووسەری باج حوسێن حلمی ئەفەندی لە قەزای هەولێر.

لە ساڵی ١٣٠٠ کۆچی، واتە ١٢٩٩ لە قەسەبەی کەرکووک لەدایک بووە.

لە قەسەبەی ناوبراو لە مەکتەبی سبیان زانستی ئایینی خوێندووە.


لـە ئەرکـی سـەربازی وەکـو شـوێنگرەوە لـە ویلایـەتی موسـڵ/ قەڵەمـی ژمێریـاری ماوەیـەک بـەردەوام بووە، دواتـر ١٣٢٦ شـەوال ٩، واتـە ١ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٤ بـە مووچـەی ٢٠٠ قـوروش لـە ناوەنـدی ویلایـەت لـە کارگێـڕی نووسـینی داهـاتی تـاک دامـەزراوە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٣٢٧ ڕەجـەب ٢٧، واتـە ١ ئۆغسـتۆس ١٣٢٥ ئەرکەکـەی کۆتایـی پـێ هاتـووە، لـە ساڵی ١٣٢٨ ڕەبیعـی یەکەم ١٣، واتـە ١١ مـارت ١٣٢٥ بە مووچـەی ٢٥٠ لـە قـەزای هەولێـر لـە بانقـی کشـتوکاڵ فەرمانبـەری سـندوق دامـەزراوە و دەسـتی بـە کارەکـەی کـردووە.

لـە قائیمقامیـەتی قـەزای ناوبـراو خـاوەنی ڕەوشـت بـووە و ناوبـراو مـاوەی ئەرکەکـەی لـە کارگێـڕی گشـتی بانقـدا پشـت ڕاسـت کراوەتـەوە، لـە خزمـەتی بانقـدا مـاوەی کار و بـڕی مووچـە و هـۆکاری دەسـت لـە کار کێشـانەوە و پاکانـەی ئەسـتۆ، لـە ئەنجوومـەنی کارگێـڕی ویلایـەتی موسـڵ داواکاری بـە مێـژووی ٩ کانـوونی دووەم ١٣٢٥ و ژمێریـاری ویلایـەت بروانامەکـەی لـە مێـژووی ٩ کانـوونی دووەم هەمـان سـاڵ لەگـەڵ وێنەی تۆمـاری ناسـنامەی هەڵگیـراوە، کاری ئێسـتا و مووچەکـەی لـە مێـژووی دەسـت بەکاربـوونی لـە هـەواڵ پێگەیشـتن ڕوون کراوەتـەوە، لـە ٤ سـەفەر ١٣٢٩ و ٢٢ کانـوونی دووەم ١٣٢٦.




| | | |
|---|---|---|
| .DH. SAID | 00193.00087 | 12 تشرینی یەکەم 1329 |

لاپەرە ١٧٣
تۆماری گشتی
محەمەد خورشید          کوڕی مردوو عەبدولحەکیم ئەفەندی لە قەزای هەولێر مامۆستای مەکتەبی روشدییەیە، بە حفزیزادە بەناوبانگە.
١٢٩٩ ساڵی کۆچی، واتە ١٢٩٨ لە قەسەبەی رواندز لەدایک بووە.
لە مەکتەبی روشدییەی هەولێر بە بەرزترین پلە لە ١٦ تەممموز ١٣١٢ بڕوانامەی وەرگرتووە، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە دواناوەندی مەرجان خوێندنی تەواو کردووە، لە مێژووی ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٢١ پشت ڕاست کراوەتەوە و لەلایەن تاهیر ئەفەندی خەڵکی قۆنیە وانەی زانستی عەرەبی خوێندووە، ٥ زیلقەعدە ١٣٢٣ مۆڵەتنامە و لە هۆبەی حقوقی دارولفنون بە پلەی بەرز لە ٢٥ ئۆغستۆس ١٣٢٥ بڕوانامەی وەرگرتووە، بە زمانی عەرەبی و تورکی قسە دەکات و دەنووسێت، لە زمانی فەرەنسیش ئاشنایە، لە نووسراوی وەرگێردراوی ناوبراو نووسراوەتەوە.
لە ١٣٢٨ سەفەر واتە ٣٠ کانوونی دووەم ١٣٢٥ بە مووچەی ١٢٠٠ قوروش بە بڕیاری دادگای هەڵبژاردنی فەرمانبەر لە قەزای پالو لە سەرۆکایەتی سزای دادگای سەرەتایی دامەزراوە، لە ٢٣ تشرینی یەکەم ١٣٢٦ بە مووچەی ١٠٠٠ قوروش بە بڕیاری شوێنی ناوبراویش گوازراوەتەوە بۆ ویلایەتی دیاربەکر بە ئەندامی دادگای سەرەتایی کاری کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموونی کار و دەمارگیری ناوبراو لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی دەستەکەی بەردەوام لە دەمەقاڵی دابووە، بۆیە لە ٤ مارت ١٣٢٨ بە مووچەی دیاری خۆی لە دادگای سەرەتایی بەشی یاسا و کە لە پالودەش بوو لەگەڵ محەمەد عەلی و بەحری ئەفەندی لە کاتی ئەرکەکەی مامەڵەی دەمەقاڵێ و لێدان هەروەها مامەڵەی نەگونجاوی تری ئەنجام داوە ، بۆیە بە پێی یاسا کە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا لە مێژووی ٧ شەعبان ١٣٢٨ نیشان دراوە، لە دادگا بێ تاوانی دەرچووە، ئەو بڕیارەی لە دادگای سەرەتایی دەرچووە دووبارە لێکۆڵینەوە و وردبینی بۆ کراوە.
مێژووی دامەزراندن و بڕی مووچەکە و چۆنیەتی بێ تاوانی لە نووسراو و نەزارەت لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری دادوەری فەرمانبەر پشت ڕاست کراوەتەوە، لە ویلایەتی دیاربەکر لە ١٧ تەممموز ١٣٢٩ ژمارە ٣١٦ لە وەڵامی نووسراوەکان تێگەیشتوون، هەروەها لەگەڵ بڕوانامەکانی وێنەی پشتڕاست نامە و مۆڵەت نامە و تۆماری ناسنامەی عوسمانی پشت ڕاست کراوەتەوە و لە کارگێری گشتی هەڵگیراوە، لە ١٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٩.




هەواڵنامەی کتێب


| 8 سەفەر 1329 | 003855.289064 | BEO. |
|---|---|---|
| بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>٨ سەفەر ١٣٢٩<br>٢٦ کانوونی دووەم ١٣٢٦<br>لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامەکانی قەزاکانی هەولێر و سەڵاحییە عاسم و محەمەد عەلی بەگ بە مێژووی ٢٢ کانوونی دووەم ١٣٢٦ ژمارە ٢٥٥٠ لە ویلایەتی ناوبراو ئاماژە بە گۆڕینەوەیان کراوە، لە مێژووی ٢٥ کانوونی دووەم ١٣٢٦ بە فەرمانی پاشا بریار نامە دەرچووە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

| 4 حوزەیران 1330 | 00197.00073 | DH. SAID. |
|---|---|---|

لاپەرە ١٤٣
تۆماری گشتی
ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی کوڕی قائیمقامی خانەنشینی هەولێر حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندیە.
١٣٠١ جەمادی یەکەم واتە ١٥ مارت ١٣٠٠ لە شاری کەرکوک لە دایک بووە.
لە مەکتەبی روشدییەی سەربازی بەغداد بروانامەی وەرگرتووە، بە زمانی تورکی دەنووسێتەوە و ئاشنای زمانی عەرەبی و فارسییە.
ساڵی ١٣٢٨ زیلقەعدە ١٦، واتە ٤ تشرینی دووەم ١٣٢٦ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە کەرکووک لە مەکتەبی نووسینی ژمێریاری دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٩ رەبیعی یەکەم ١٣، واتە ١ مارت ١٣٢٧ لە ئەرکی ئەمینی سندوق بە مووچەی ٣٠٠، هەروەها لە ساڵی ١٣٢٩ شەعبان ٢٨، واتە ١١ ئۆغستۆس ١٣٢٧ بە مووچەی ٤٠٠ و ساڵی ١٣٣١ جەمادی کۆتایی ٦، واتە ١ مایس ١٣٢٩ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش دامەزراوە، لە هەمان ساڵدا موحەررەم ٢١، واتە ٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ بە تاقیکردنەوە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە نووسینی نووسراوی سەلاحییە دامەزراوە.
قائیمقامی سەلاحییە و موتەسەرفی کەرکوک لەگەڵ والی ویلایەتی موسڵ نووسراوەکانیان پشت راست کراوەتەوە کاغەزی وەرگێردراوی باری شارستانی پێی لکاوە، لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری لە لیوای کەرکوک لەگەڵ بروانامەی مەکتەبی روشدییەی سەربازی بەغداد، هەروەها تۆماری عوسمانی لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی باری شارستانی لە دۆسیەکەی هەڵگیراوە، لە ٤ حوزەیران ١٣٣٠.


دائرهٔ صدارت تحریرات قلمی
شعبه ۱

| اوراق نومروسی | مسوددی | مبیضی |
|---|---|---|
| ٤٧٢ | | |
| ملفه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض |

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4028 302073

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>.BEO</td><td>004028.302073</td><td>1 جەمادی یەکەم 1330</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>١ جەمادی یەکەم ١٣٣٠<br>٥ نیسان ١٣٢٨<br>بـۆ قائیقامیـەتی قـەزای هەولێـر قائیمقامـی قـەزای رانیـە ئیبراهیـم بـەگ دامەزرێـت و بگوازرێتـەوە، لـە ٣ نیسـان ١٣٢٨ ژمـارە ٢٩٥ نـووسراو بـە واژووی پاشـای هومایـۆن رەزامەنـدی لەسـەر دراوە.</td></tr>
</table>

# پێرستی
# ووشە


**ئەنبار** ٤١

**ئەندامی ئەنجوومەن** ٦١، ٧٢، ٨٠، ١٥٣، ١٥٤، ١٧٠، ١٧٧، ٢١١، ٢١٣، ٢١٨، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٥، ٢٨٧، ٢٩٣،

**بەرێوەبەر** ٥٧، ٦٠، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٤، ٨٥، ٨٧، ٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٨، ١٠١، ١٠٢، ١٠٨، ١٠٩، ١٥٥

**بەرێوەبەری دارایی** ٢٤٢

**تەریقەتی قادریە** ١٤، ٧٩، ١٠٥

**تەریقەتی نەقشبەندی** ٨٣، ٩٥، ١٦٧، ٢٣٣

**تەکیە** ١٤، ١٦٧، ٢٢٩، ٢٣٩، ٢٤٠

**توربەدار** ٢١، ٤٣

**پۆستە و تەلەگراف** ١٠٨، ١٠٩، ١١٤، ١٢٠، ١٢١، ١٣٩، ٢٣٨

**خانەقا** ٩٥، ١٠٥، ٢٢٩، ٢٣٩

**دادگای سەرەتایی** ١٩٨، ٢٢٦

**دزدار** ١٩

**رەژی** ٢٣٣

**زانا** ١٠٤، ١١٢، ١٥١، ٢٠٤، ٢٥١، ٢٦٩

**زاویە** ١٦، ٥٤، ٦٢، ٦٤، ٦٥

**سەرۆکایەتی شارەوانی** ١٣٤، ٢٠٨، ٢١٢

**فەرمانبەری باج** ٢٩٥

**فەرمانبەری ناسنامە** ٢١٧، ٢٨٥

**قائیمقام** ٨٧، ٩٢، ١١٠، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١٢٨، ١٣٠، ١٣١، ١٣٢، ١٤٠، ١٤١، ١٥٩، ١٦٥، ١٦٩، ١٧١، ١٧٢، ١٨٢، ١٨٤، ١٨٦، ١٨٨، ١٩١، ٢٠٠، ٢٠٢، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٦، ٢٨٨، ٢٩٠، ٢٩١، ٢٠٤، ٢٠٦، ٢٠٩، ٢٢٠، ٢٣٤، ٢٤٩، ٢٥٢، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٩، ٢٦٠، ٢٧٠، ٢٧٢، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٧٩، ٢٨٢، ٢٩٦، ٣٠١، ٣٠٨، ٣٠٩، ٣١١، ٣١٣، ٣١٦، ٣١٧، ٣٢٠، ٣٢٢، ٣٢٧، ٣٤١، ٣٤٧، ٣٥٥، ٣٥٧

**مامۆستا** ١٣٣، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٨١، ٣٠٢

**مەکتەب** ١٢٨، ١٣٣، ١٥٧، ١٦٠، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٨١، ٣٠٢، ٣٠٤، ٣٠٦، ٣١٨

**مەنزیل** ١٨، ٢٢، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣١، ٣٢

**موتەسەرف** ١٣٢

**مودەریس** ٣٤، ٦٧، ٨٣، ٢٥٧، ٢٦٨، ٢٩

**موفتی** ١٠٥

**نائیب** ٥٢، ٥٣، ٥٥، ١٥٦، ١٥٨، ١٦٠، ١٧٤، ١٧٦، ١٨١

**نووسەر** ٦٠، ١٢٣



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان

جیهان پرێس

٢٠١٨




هەواڵنامەی کتێب